# ئازادی بۆ ژن
# بەختیاری بۆ کۆمەڵ




**یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان دەری دەکا**

ڕێبەندانی ١٣٨٧ ، فێوریەی ٢٠٠٩


**ژمارە ٢٠**

دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری "ژنان":

خەدیجە مەعزوور     کوێستان فتووحی

عیسمەت نستانی     نەسرین حەسەن زادە

حەلیمە ڕەسووڵی


"ژنان" لەسەر ئینتێرنێت:

www.Kurdistanukurd.com


ئیمەیلی گۆڤاری "ژنان":

jnanirojhelat@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە

یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان

00964 - 7702103121


# پێرست


ڕاپۆرتێك لە سەر بەڕێوەچوونی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان

پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

پەیامی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە:

پەیامی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان ـ نینا

پەیامی یەکیەتیی ژنانی کوردستان

پەیامی بزووتنەوەی ئافرەتانی نەتەوەیی کوردستان

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان.....

پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکان.....

بەشێك لە پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دەرەوە..

بەشێك لە ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان

"بۆ ڕزگاریی ژنان"خەلاتی سیمون دوبووار بۆ کەمپەینی یەك ملیۆن ئیمزا

ژنان بەردەوام وەك ڕەگەزی دووهەم سەیر دەکرێ

فیمینیزم

بێدەنگی ژن بەرامبەر توندوتیژی

تەنیا خۆی زەرەرمەند دەکا

ناسنامەی ژن لە کۆمەڵگادا

ڕاپۆرتێك لە زیندانی ژنانی سنە

لە خاوەندارەتی‌یەوە تا خۆشەویستی

دیمانەیەك لەگەڵ سەکینە حوسێنی

ئەنتراکس

هەڵسوکەوتی هێندێك پیاو لەگەڵ ژن دا

شێعر و چیرۆك

کارو چالاکییەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٢
٤
٦
٧
٨
٨
٩
١٠
١١
١٢
١٣
٢٠
٢٢
٢١
٢٢
٢٣
٢٧
٢٨
٢٩
٣١
٣٥
٣٧
٤١
٤٣
٣٥
٣٧
٤١
٤٣
٤٤
٤٥
٤٦
٤٧
٤٨
٤٩
٥٠



دیزاینی بەرگ: ئاگری باڵەکی     مونتاژ: مینا سوڵتانزادە     تایپ: فەریبا وەیسی

# راپۆرتێك لە سەر بەڕێوەچوونی دووەمین كۆنگرەی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان رۆژی 29خەزلوەری ١٣٨٧ی هەتاوەی لە ریوەرەسمێکی شایستەدا کرانەوەی دووهەمین کۆنگرەی خۆی لە ژێر درووشمی "خۆ نوێ کردنەوە بە زانستی سەردەم و پێوەندی پێکهێنان و گرێدانی خەباتەکەمان بە خەباتی ژنانی چالاکی رۆژهەلاتی کوردستان" دەست پێ کرد. سەرەتای رێورەسمەکە بە سروودی "رێبازی تۆم" دەستی پێ کردو پاشان پەیامی کردنەوەی کۆنگرە لە لایەن خاتوو خەجیج مەعزوور بەرپرسی بنیادی پشتوانیی لە رێکخراوە سنفی و دێموکراتیکەکان خوێندرایەوە. بە دوای پەیامی کردنەوەی کۆنگرە، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن بەرێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات پێشکەش کرا. بە دوای ئەودا پەیامەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن بەرێزان شەیدا ویجدانی جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوان و ئەنجومەنی بەرگریی لە زیندانیە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن زورار زەرزا پێشکەش کران، دواتر پەیامی پیرۆزبایی ئەو



رێکخراوانە کە لە رێورەسمی کرانەوەی کۆنگرەدا بەشدار بوون، پێشکەش کران. هەروەها بەرێز مامۆستا عەبدوڵلاحەسەنزادە کەسایەتیی سیاسی کورد، کە لە دەرەوەی ولات بوون پەیامێکی بۆ کۆنگرە ناردبوو کە لە لایەن بەرێز جەمال پوور کەریمەوە خوێندرایەوە. پاشان چەند گۆرانی و شێعرو پەخشان کە ناوئاخنی رێورەسمەکە بوون، پێشکەش کران.

پێویستە بگوترێ بێجگە لە نوێنەرانی کۆنگرە، بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو کادرو پێشمەرگەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانو هەروەها نوێنەرانی بەشێکی بەرچاو لە حیزب و رێکخراوەکانی باشووری کوردستانو رۆژهەلاتی کوردستانو کەسایەتی لەم رێورەسمەدا بەشدار بوون.

رۆژی ٣٠ی خەزەلوەر کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کارە ئاساییەکانی خۆی دەست پێ کرد. دوای گرتنەپێشی هەموو رێوشوێنێکی گونجاو لە لایەن هەیئەت رەئیسەوە، خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان راپۆرتی گشتیی کۆمیتەی بەرێوبەریی یەکیەتیی ژنانی پێشکەش کرد.

خاتوو عیسمەت نستانی کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە ژنانی لە هەموو بوارەکان دا لە راپۆرتەکەدا هێنابوو، پێشکەش کرد. دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە نوێنەرانی کۆنگرە راو بۆچوونو رەخنەو سەرنجەکانی خۆیان لە سەر راپۆرتی گشتی دەربڕی و پاشان بە تێکرای دەنگ راپۆرتی گشتی پەسند کرا. بە دوای پەسندکردنی راپۆرتی گشتی دا خاتوو خەجیج مەعزوور لە لایەن هەیئەتی پێداچوونەوە بە پەیرەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنان ئەو راو بۆچوونانەی کە لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرە هاتنە بەر باس و بە سەرنجدان بەو تێبینی و راو بۆچوونانە ئالوگۆری پێویست لە پەیرەوی نێوخۆدا دەنگی بۆ وەرگیرا.

جێـی ئامـاژەیـە کـە لـە کـۆنگرەی دووهـەمـی یەکیـەتیی ژنـانی دێـموکراتی کوردستان ناوی "یەکیـەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" بە تێکڕای دەنگ لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە بوو بە "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان". کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان باسو موناقەشە لە سەر زۆر پرسی گرینگی ژنان بەگشتی و خەبات و بزاڤی خۆی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی خۆی داو بە پەسندکردنی چەند بڕیارو ڕاسپاردەی گرینگ، ڕێو شوێنی بۆ داهاتووی کاری خۆی دیاری کرد کە هەندێکیان بریتی بوون لە:

١ـ چالاک کردنی تەشکیلاتی و داڕشتنی بەرنامەی نوێ.

٢ـ گرینگی دان بە چالاکیو تەشکیلات لە دەرەوەی وڵاتو هاودەنگیو هاوکاری زیاتر.

٣ـ بەهێزکردنی بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان لە هەموو بوارەکانی دا.

٤ـ گرینگی دان بە کچانی لاو کە سەرمایەی داهاتووی یەکیەتیی ژنانن.

٥ـ مەودای خەباتی یەکیەتیی ژنان بەربلاو بکرێتەوە.

٦ـ بەربەرەکانی کردن بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەت لە کوردستان و لە نێو بنەماڵەکاندا.

٧ـ بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ژنان بەو پڕژو بڵاوییەی کە هەیە نەمێنێتەوە کۆنگرە بڕیاری دا کە کار بکرێ بۆ کۆدەنگیو لێک نزیک کردنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەبات بۆ پرسەکانی ژنان.

٨ـ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ پەسندکردنی فرەژنی لە پارلمانی کوردستان داو بەسنووردار کردنی، ناڕەزایەتی خۆی لەم یاسایە کە لە پارلمانی کوردستان پەسندکرا دەربڕیو پەسندکردنی ئەم یاسایەی تەنانەت بەو سنووردار کردنەش مەحکووم کرد.

لە میانەی کاری کۆنگرەدا نوێنەرانی هەموو کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان ڕاپۆرتو ڕاو بۆچوونی خۆیانو ئەندامانیان پێشکەش کرد کە لە نێوانیان دا کۆمیتەکانی کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان، ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی نیشتەجێی شارەکانی هەرێمی باشووری کوردستان، هەروەها کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە نوێنەریان ڕاستەو خۆ لە کۆنگرەدا بەشدار بوو پێشکەش بە کۆنگرە کرانو کەوتنە بەر ڕەخنەو سەرنجی بەشداران.

دوایین بەشی کاری کۆنگرە تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی بەڕێوەبەری کە بەم چەشنە بوو. کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دا کە ٧ ئەندامی ئەسڵی بەڕێوەبەری هەڵبژێرێ کە ٣ کەسیان بۆ دەرەوەی وڵاتو ٥یان بۆ کوردستانو هەروەها ٤ جێگری بەڕێوەبەری ١ کەس بۆ دەرەوەی وڵاتو ٣ کەس بۆ کوردستان هەڵبژێردرێ کە لە دەنگدانێکی دیمۆکراتێک دا هەڵبژاردن کراو ئەو ڕێژەیە لە ئەندامانی بەڕێوەبەریو جێگرەکان هەڵبژێردران. پاشان ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەسڵی سکرتێریی گشتیی تازەی یەکیەتیی ژنانی کوردستانیان هەڵبژارد. بەم شێوەیە دوای نزیک ٣ ڕۆژ کاری بەردەوام کۆنگرە بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.




**شیلان شێخی و ئارامی هونەرمەند**

# پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان

## لەلایەن خەدیجە مەعزوور بەرپرسی بنیاتی پشتیوانیی لە ڕێکخراوە سینفی و دیموکراتیکەکان



**بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**کادرو پێشمەرگە بەڕێزەکان!**

**ژنانی ئازا و تێکۆشەر!**

**میوانە خۆشەویستەکان!**

ئەم کاتەتان باش بەخێر بێن بۆ کردنەوەی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان لە ژێر دروشمی کۆنگرەی (خۆ نوێ کردنەوە بە زانستی سەردەم وهاوپێوندی پێکهێنان وگرێدانی خەباتەکەمان بە خەباتی ژنانی چالاکوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان). جێگای شانازی و سەرفرازییە کە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات هەم وەک بەرپرسی بنیاتی پشتیوانیی لە ڕێکخراوە سنفی دێموکراتیکەکان و هەم وەک ئەندامێکی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، ئەرکی کردنەوەی ئەم کۆنگرەیان بە من سپارد. هەر لێرەوە بە ناوی ئێوەو لە سەر ئیزنی ئێوە، کۆنگرەی دووهەم دەکەمەوەو هیواداری دەردەبرم لە ژێر تیشکی ئەم دروشمەو، بە یارمەتی ماددی و مەعنەوی حیزبی دێموکرات وەک پشتیوانێکی بەهێز و هەوڵو هیممەتی جیددیتر و بە ئینرژی زیاتری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، لە هەرجێگایەک کە حزووریان هەبێ ئەرکەکانیان بەو پەڕی مەسئوولییەتەوە بەڕێوەبەرن تا بە ئاکامی دڵخواز بگەن.

**بەشدارانی بەڕێز!**

لە کاتێک دا کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان دەگیرێ کە ئاڵوگۆڕی زۆر جیددی لە وەزعی ژنان لە جیهانو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەتایبەت لە ئێران دا پێك هاتوە. لە بواری سیاسیەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ژنان بە ئیستعدادی خۆیان یەک بە دوای یەک بە پۆستە کلیدییەکانی وەک: سەرۆک کۆماری، سەرۆک وەزیری، یا پۆستی وەزارەتەجۆراوجۆرەکان یا سەرۆکی ئەحزابە گرینگەکانیان دەگەنو، ئەگەر زۆربەی زۆری کورسیی پارلەمانەکان بە خۆیان ئیختساس نەدابێ، لەگەڵ پیاوان بەرامبەرنو، لە بوارەکانی کاری کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیو ئابووری شان لە شانی پیاوان دەدەن.

بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتووو جیهانی سێهەم بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە مەزهەب حاکمەو قسەی یەکەم لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دا دەکا، هەڵسوکەت لەگەڵ ژن لە چوارچێوی ئەو یاساو نەریتانە دایە کە لە شەریعە وەرگیراون. ژنان دەبێ ڕەفتارو کردەوەکانیان لەگەڵ قانوونەکانی زیاتر لە١٤٠٠ساڵ لەوەپێش تەنزیم بکەن، نەک لەگەڵ سەردەمی بە جیهانیی بوونی مودێرنیزمو ئینتێرنێتو گەشەی دێموکراسی. ئەگەر لەم جۆرە وڵاتانەدا ژنان هەنگاوێك لەم یاسایانە لادەن بە مانای مۆرکردنی سەنەدی مەرگی خۆیانە.

لە وڵاتی ئێمەدا قانوون نە تەنیا پشتیوانیی لە ژن ناکاو، ژن جێگای لە نێو قانوونە مەدەنیو جزاییەکان دا نیە، بەڵکو لە قانوون دا بێ حورمەتی پێکراوە، بە ئیجبار ژن دەبێ ملکەچو گوێ لە مستی نیزام و ڕێوشوێنی کۆنەپەرستانە بێ، هەمیشە رووح و جسمی لە ئازار دابێ لە دڵە خورپەدا بژی.

**خۆشەویستان!**

لێرەدا ژنان دەبێ هەڵبژێرن، یا تەسلیمی ئەم بێ عەداڵەتییانە بنو، درێژە بەم ژیانە دەستکردە بدەنو، یا ئازا بنو سنوور ببەزێنن ودەرگای چالاکی و بەربەرەکانی بە دژی نیزام ئاوەڵا بکەنەوەو، مەیدانی خەباتیان بەرین کەنەوە. دیارە بە خۆشییەوە، چالاکوانانی ژن لە بوارەکانی مافی مرۆڤ دا ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردوە. دەزانن لە سیستمێك دا کە قانوونی دەست بۆ نەبراوەو قەساس، سەنگسار، ئیعدام بە گشتیو بەتایبەتی ئیعدامی منداڵانی کەم تەمەن، برەو پێدانی فەحشا، ساتو سەودای ماددە بێهوشکەرەکان بە هۆی منداڵانەوە، روو لە زیادبوونی منداڵانی سەر شەقامو، موعتادو بێکاری لاوان، فیمینیزە بوونی هەژاری، هەروەها پەرەگرتنی خۆ کوشتنو خۆسووتاندنی ژنان بە هۆی چارەسەر نەکردنی کێشەکۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، ئەوانە هەموویان کێشەی ئاساییـن، کەوابێ لە فەزایەکی ئەوتۆدا ئاڵوگۆری بنەڕەتی بە قازانجی ژنان وەدی نایە وئازادیو دێموکراسی چاوەڕوانێکی غەیرە مومکینە. هەر بۆیە ژنان تابۆکانیان شکاندوە، کەشو هەوایەکی ئازایانەو بوێرانەیان دژی سیاسەتە نائینسانییەکانی ڕێژیم

پێکهێناوه. دەتوانین بڵێین ژنان حەرەکەتێکی ئازادیخوازی و ڕووناکبیریو سیاسی و مەدەنیو، تەنانەت حەرەکەتێکی مافخوازیان وەڕێ خستوه بۆ سەلماندنی ئەو مافە سروشتییانەی کە لێیان زەوت کراوه. ژنانی چاوکراوەو پشت ئەستوور بە شعورو ئینرژی خۆیان، بوێرانە خوازیاری مافە ئینسانییەکانیانن. بەم هۆیەوه شەپۆلی گرتنو بێ سەروشوێن کردنو، پێکهێنانی جەوێکی پڕ لە وەحشەت بۆتە یەکێك لە کارەسەرەکییەکانی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا سەدان ڕۆژنامەنووس، ویبلاگنووس، خوێندکار، چالاکیی بواری مافی مرۆڤ دەسگیر کراونو، حوکمی قورسو ئێعدام بە سەریان دا سەپاوه ئێستاش سەدان چالاکوانی ژن

**لێرەدا ژنان دەبێ هەڵبژێرن، یا تەسلیمی ئەم بێ عەداڵەتییانە بنو، درێژە بەم ژیانە دەستکردە بدەنو، یا ئازا بنو سنوور ببەزێنن ودەرگای چالاکی و بەربەرەکانی بە دژی نیزام ئاوەڵا بکەنەوە، مەیدانی خەباتیان بەرین کەنەوە. دیارە بە خۆشییەوە، چالاکوانانی ژن لە بوارەکانی مافی مرۆڤ دا ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردوە**



لە سەرانسەری ئێرانو بە تایبەتی کوردستان، لە نێو زیندانەکانی ڕێژێم دا یا حوکمی قورسیان بە سەردا بڕاوه، یا لەچارەنووسێکی نادیارو لە حاڵەتیکی ناخوشی دروونی دا دەژین. کەوایە ئێمە وەك یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان نابێ بێدەنگو چاولێکەری ئەم ڕووداوانە بین و بە کردەوه تواناو دەنگمان تێکەڵ بە خەباتی ژنان بەگشتی بکەێن وچالاکترو ئازاتر پێ بنێینە مەیدانو ببینە پێشەنگ. ئێمە نە تەنیا دەبێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەر ڕووداوەکان شوێن دانەر بین، بەڵکو دەبێ پاڵپشتی خەباتی ژنانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بینو، لە سەدەی بیستویەك دا لە بەرامبەر مۆری تەئیددانان لە سەر دیاردەو فەرهەنگە ناحەزەکانی وەك فرەژنیو مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنان بێ دەنگ نەبین.

**خۆشەویستان!**

ئیمە ڕێگای دژوارو درێژمان بریوه بەڵام ئەوەی دەبێ پێی بگەین پێی نەگەیشتووینو، ئێمە لە بواری مەسەلەکانمان دا چالاك و خاوەن پەیام نەبووین، زۆر شتمان لەدەست داوه بەڵام زۆرشتمان دەست نەکەوتووه، ئەو شتەی کە دەستمان کەوتووه، پیاو نەیویستووه یا بە نابەدڵیو مەیلی پیاو بووه. بە خۆ نزیك کردنەوەو گرێدانی خەباتەکەمان بە خەباتی سەرجەم ژنان بەتایبەت ژنانی نێوخۆی کوردستانو ژنانی دەرەوه، ڕەنگە بتوانین جوبرانی دەرفەتەکانی لەدەست چوو بکەینەوەو، پێکەوه لەگەڵ یەك کارو بەرنامەکانمان بۆ داهاتوو دەستنیشان بکەین.

بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوه سنفی دێموکراتەکان پێ لە سەر ئەوەدا دەگرێتەوه کە، بەڕێوەبەریی داهاتوو دەبێ ئاکتیو بێو پلانو پرۆژەی هەبێو، هەڵەکان بقۆزیتەوەو، لەگەڵ حەرەکەتەکانی نێوخۆ بێ، تا ئەو حەرەکەتانە بکەن بە خاوەنی ئارمانو ئەهدافی دیاریکراو، لە پەنای ئەوەش دا خۆمان پێبگەیەنینو، بە چەکی پێگەیشتنو تێگەیشتن بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە دژی ژنە بکەین، چونکە باشترین چەك لە بەرامبەر کۆنەپەرەستی دا خۆپێگەیاندن بە زانستی سەردەمە.

لە کۆتایی دا ئارەزوو دەکەم، ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێ و، کۆمەڵێك پەیامو بەرنامەو پرۆژەی نوێو، بریاری پڕ بایەخی هەبێ، بۆ زیاتر وەحەرەکەت خستنی ژنانی تێنووی ئازادیو بەرامبەریو یەکسانی.

پیرۆز بێ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**سەرکەوتوو و پڕ بەرهەم بێ**

**کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بۆ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز قادر وریا



**ئەندامانی بەڕێزی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

**ژنانی تێکۆشەری دێموکرات!**

**بە بۆنەی پێکهاتنی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتییەکەتانەوە، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین و سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دا بە ئاوات دەخوازین.**

**بەڕێزان!**

کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێک دا پێکهاتوە کە لە لایەکەوە خەباتی یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، خەریکە دەبێتە یەکێک لە بزووتنەوە چالاکەکانی کۆمەڵ و، داوای یەکسانیی ژن و پیاو و، پێویستیی نەمانی هەڵاواردنی جینسیی بردۆتە ڕیزی پێشەوەی ویست و داخوازەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی، لە لایەکی دیکەشەوە چاوەڕوانیی ژنانی کوردستان لە یەکیەتی و ڕێکخراوەکانی ژنان و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی دیموکرات و پێشڕەوو نوێخواز، بە ڕادەیەکی زۆر، بەرەو ژوور چووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەر ڕووناکایی ئەو ڕاستییانە، بە هێنانە گۆڕی هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی خۆی و بەو گۆڕانانەی لە کۆنگرەی چاردەیەمی خۆی دا هەنگاوی بۆ هەڵگرتن، وڵامی موسبەتی بەم چاوەڕوانییانە داوەتەوە، توانیویەتی هومێدو گەشبینییەکی زۆر لە نێو خەڵکی کوردستان دا بە نیسبەت تێکۆشانی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بخولقێنێ. هەر بەم پێیەش ئەرکێکی قورسی خستۆتە سەر شانی خۆی و ئەو ڕێکخراوە سینفییانەی، ئیلهام لە بەرنامەو سیاسەتەکانی ئەم حیزبە وەردەگرن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەنەدی مێژوویی "هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمە"دا کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزب دا بڵاوی کردەوە، هەروەها لە بەڵگەنامەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی خۆی دا، لە زۆر بواردا و یەک لەوان لە پێوەندی لەگەڵ نەخشی ژنان و بەشدارییان لە بەڕێوەبەریی کاروباری حیزب دا، ئازایانەو ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە خۆی گرتووەو، بەرعۆدە بووە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمتەرخەمی و کەم و کورتییەکانی خۆی لەو بوارانەدا، هەنگاو بنێ. کەڵک وەرگرتنی حیزب لە پرەنسیپی "هەڵاواردنی پۆزێتیڤ" لە کۆنفراسەکانی پێش کۆنگرەی ١٤و لە خودی کۆنگرەی ١٤دا و، پێکهێنانی دەرەتان بۆ هەڵبژێرانی ڕێژەیەکی زیاتری ژنان چ وەک نوێنەرانی کۆنفرانسەکان و کۆنگرە و چ بۆ ئەندامەتیی ڕێبەریی حیزب، نیشانەی وەفاداری و پابەندیی حیزبی ئێمە بە بەڵێن و دروشمەکانی لە قۆناغی نوێی تێکۆشانی دان. بەڵام ئەو کارانەی کراون لانیکەمی ئەو هەنگاوانەن کە پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا هەڵ بگیرێن.

ئێمە لە سەرمانە هەم بۆ بەشداریکردنی زیاتری ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حیزب دا، هەم بۆ پشتیوانی و هاوکاریی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان پڕۆژەو بەرنامە هەبێ. پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەرفەتێک دەزانین تا ژنانی دیموکراتی کوردستان و هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز دڵنیا بکەینەوە کە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەموو توانایەوە پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی یەکسانیخوازانەو دژ بە هەڵاواردنی جینسی لە کوردستان و ئێران دەکا. بەم پێیە شتێکی زۆر سرووشتییە یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕابردوویەکی درێژی لە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ماف و ئازادییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە، وەک ڕابردوو و تەنانەت زیاتر، لە پشتیوانی و هاوکاریی جۆراوجۆری ئەم حیزبە بەهرەمەند بێ.

چاوەڕوانی و هیوای ئێمە ئەوەیە ئەم یەکیەتییە لەم کۆنگرەیەدا، شانبەشانی هەڵسەنگاندنی وردی کارو تێکۆشانی خۆی لە نێوان دوو کۆنگرە داو دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکان، بە سەرنجدان بە لێکدانەوەی دروستی هەلومەرجی خەبات بۆ یەکسانی لە کوردستان و ئێران، ئەرکەکانی لەمەودوا دیاری بکاو، بەڕێوەبەرییەکی گونجاو بۆ ئەم دەورەیە هەڵبژێرێ. جێگای خۆشحاڵییە کە هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، هەم لە دەرەوەی وڵات، کچان و ژنانی ئازا و ئاگاو پێگەیشتووی کورد کە ئۆگرو تامەزرۆی خەبات لە دژی نابەرابەرین، یەکجار زۆرن. کۆنفرانسێک کە چەند حەوتوو لەمەوبەر یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە وڵاتی سوئێد بە هاوبەشی و هاوکاریی کۆمەڵێک

### پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# بۆ دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



**خوشکانی بەڕێز، ئەندامانی کۆنگرە!**

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران!**

لەگەڵ سڵاوو ڕێزی برایانە

زۆر خۆشحاڵم کە هەوڵ و تیکۆشانی چەند مانگەتان بە ئاکام گەیشتوەو کۆنگرەکەتان دەستی بە کار کردوە. هەر لەو کاتەدا بەداخم کە لێتان دوورم و ناتوانم بە پێشکەش کردنی چەپکە گوڵێك ڕێز لەو هەنگاوە پیرۆزەی یەکیەتییە خەباتگێڕەکەتان بگرم.

بۆیە ئیزن دەخوازم بەم کورتە پەیامە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەتان لێ بکەم و جارێکی دیکە وێڕای ڕێزدانان بۆ خەباتی چەندین ساڵەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تێکڕای ژنانی شۆڕشگێڕی کورد، هاوپێوەندی و پشتیوانیی خۆم بۆ یەکیەتییەکەتان و خەباتی هەقخوازانەتان دووپاتە بکەمەوە.

خوشکانی تیکۆشەر!

وابزانم زۆر جارتان لێ بیستووم کە گووتومە یەکیەتیی ژنان و ئەندامەکانی هەم دەرفەتی باشیان بۆ کارو تیکۆشان لەبەردەم دایەو هەم بەرپرسایەتییەکی قورسیان بەرامبەر بە تەواوەتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر شانە، چونکە خوشکەکانتان لە نێوخۆی وڵات زۆر چاوەڕوانیی بەجێیان لێتان هەیە. بۆیە ئەم کۆنگرەتان کە لە هەلومەرجێکی نوێ و لە شەست و سێیەمین ساڵەی تەمەنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دا دەگیرێ دەرفەتێکی بەنرخە بۆ ئەوەی بە گیانێکی بەرپرسانەو سەردەمییانەوە ئەرکەکانی کارو تێکۆشانی قۆناخی تازەو ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکانتانی تێدا دیاری بکەن و ڕێبازێکی ڕوونترو پێشکەوتووانەتر بخەنە پێش چاوی بەرەی داهاتووی ژنانی خەباتگێڕو یەکسانیخواز.

هیوادرام کەڵکی تەواو لەم دەرفەتە زێڕینە وەربگرن و سات بە سات و لەحزە بە لەحزەی بۆ گەیشتن بە بڕیاری بەجێ و هەڵسەنگاوی سەردەمییانە بەکار بگرن و بەم جۆرە نیشان بدەن کە شیاوی ئەو پەیامە پیرۆزەن کە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو خستوویەتە سەر شانتان. پڕ بە دڵ سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان و یەکیەتییەکەتان بە ئاوات دەخوازم و جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە یەکیەتییەکەتان دەکەم.

سڵاو لە ژنی کورد، سڵاو لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و سڵاو لە کۆنگرەو ئەندامە بەڕێزەکانی

**براو دڵسۆزتان: عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

**٢٠٠٨/١١/١٩**

**١٣٨٧/٨/٢٩**

**درێژەی پەیامی دەفتەری سیاسی**

کەسایەتیی ڕووناکبیرو یەکسانیخواز پێکی هێنا، دەریخست یەکیەتیی ژنان و بە گشتی ژنانی پێشەنگی کورد ئەگەر ئیرادە بکەن، دەتوانن کاری گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنی کورددا بکەن. لە نێوخۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دا، دەبینین کە ژنانی چالاکی کورد لە ڕیزی پێشەوەی ئەو خەباتە مەدەنییە دان کە سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپ و سەرکوتێك درێژەی هەیە. بە کورتی، پێویستە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران شانبەشانی کارو تێکۆشان لە نێو کەمپ و ئۆردووگاکانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، هەم لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، پێوەندییەکی باشی هەبێ، هەم لە نێو ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات چاکتر بێ. یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرینگانەو هەموو هەوڵێکی خۆی لە پێناوی خزمەت بە ئازادبوونی ژنی کورددا، دەتوانێ لە سەر هاوکاریی بێدەریغی ڕێبەریی و سەرجەم ئۆرگان و دەزگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیسێب بکا.

**بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان و بە ئاواتی بەرەوپێشچوونی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەبات بۆ یەکسانی.**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٨ نوامبری ٢٠٠٨**

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی کوردستان

**بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**سەرەتا پیرۆزبایی کۆنگرەکەتان لێ ئەکەین!**

دیارە مافی تاکەکانی کۆمەڵ هەرگیز لە مافی ڕزگاری نیشتمان جیا ناکرێتەوە، بۆیە ئێوەش سەرەڕای خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی و ئازاد کردنی وڵات، ئەرکێکی گرنگی تر لە ئەستۆتان دایە، ئەویش دەستەبەر کردنی مافی یەکسانی و نەهێشتنی جیاوازی یە لە نێوان تاکەکاندا بەتایبەتی دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانە بۆ ئەوەی ئەو نیوەیەی کۆمەڵ بتوانن بەشداریی جیدی بکەن لە خەبات دا بۆ سەرفەرازی کوردستان دوور لە بیروڕای کۆنەخوازی کە بە مەبەستی ئیفلیج کردنی توانای ژنان سەدان بیانووی نابەجێ ئەهێننەوە.

خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە جیهاندا چەندین ڕێکەوتننامەو پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەیە کە جەخت لە سەر نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و زامن کردنی مافی تاك ئەکاتەوە شانبەشانی مافە نەتەوایەتیەکان سەدان یاساو بڕیاری نێودەوڵەتی هەیەو گەلان پابەندن پێوەی لەم بەشەی کوردستانیش دا هەندێ هەنگاوی بۆ نراوە و چەند گۆڕانکارییەك کراوە کە مایەی شانازی یە بەڵام بەداخەوە هێشتا دیاردە دزێوەکانی دژ بە ژنان درێژەی هەیە... هێشتا ڕۆژانە چەندین ژن ئەبن بە قوربانی شەڕەف پارێزی ... هێشتا چەند ژنەو سەوداو مامەڵە بەژن لە کوردستان دا بوونی هەیە ... بۆیە پێویستە ژنانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە دژی نایەکسانی ژنان، تواناکانیان یەکخەن لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ژنان و نەهێشتنی جیاکاری.

بەهیواین کۆنگرەکەتان هەنگاوی توندو بوێرانە بنێ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی ژنان و هاندەر بێت بۆ ئاشتی و تەبایی ریزەکانی کۆمەڵ.

دووبارە پیرۆز بێت بەستنی کۆنگرەکەتان، سەرکەوتوو بێت خەباتی ژنی کورد.

**یەکیەتیی ژنانی کوردستان**

**٢٠٠٨/١١/٢٥**

**مەکتەبی سکرتارییەت**

# پەیامی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان ـ نینا

بەڕێز: کۆمیتەی ئامادەکاری دووهەمین کۆنگرەی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرم

بە بۆنەی گرێدانی دووهەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەتان، بە ناوی سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان "نینا" پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەشی بەڕێزتان و گشت ئەندامانی ریزەکانتان دەکەین.

ئاواتەخوازین بڕیارنامەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەکەتان لە خزمەت جووڵانەوەی ڕەوای ژنانی وڵاتەکەمان و بەرژەوەندیی خەباتی نەتەوەیی کورد و کوردستان دا بێ و پرسی خەباتی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەرێکی سەرەکی کۆنگرەکەتان پێک بێنێ و ئێمەی ژنان ئەو شانازییە لە مێژوودا بۆ خۆمان تۆمار بکەین و لەو پرسەدا خاوەن سەروەری و داهێنان بین.

بەڕێزان، کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا پێک دێ کە دۆخی ژیانی ژنانی چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەموو کاتێک بەرەو ئاڵۆزی دەچێ و زوڵم و زۆر لە دژی ژنان و پێشێل کردنی مافەکانی لە سێبەری دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا لەو پەڕی پەرەسەندندایە. ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر جارێک وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی کورد لە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکانی بێبەشە، جارێکیش وەک ژن بە دەست دابونەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگاوە لە ژێر گوشارو چەوسانەوە دایە؛ بۆیە پێویستە زیاتر لە هەموو لایەک بە تین و گورێکی پترەوە بێینە مەیدان و لە پێناوی ئازادییەکانمان دا تێبکۆشین.

بێگومان گەیشتنمان بە ئازادییە تایبەتییەکانمان وەک ژنان پەیوەستە بە ئازادی و ڕزگاری یەکجاری وڵاتەکەمانەوە؛ بۆیە پێویستە خەباتەکەمان بە خەبات لە پێناو ڕزگاریی کوردستانەوە گرێ بدەین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای پیرۆزبایی، لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرین و پێ لە سەر پتەو کردنەوەی پێوەندی نێوانمان دادەگرینەوە و سەرکەوتنتان لە کۆنگرەکەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان- نینا**

**٣ ڕەزبەری ٢٧٠٨**

**٢٤ سێپتامبری ٢٠٠٨**

# پەیامی بزووتنەوەی ئافرەتانی نەتەوەیی کوردستان

سڵاوی ئازادی ...

بە بۆنەی بەستنی دووهەمین کۆنگرەی یەکێتییەکەتان (یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بە ناوی مەکتەبی سکرتارییەتو تەواوی ئەندامو لایەنگرانمان پیرۆزبایی گەرمی بەستنی کۆنگرەتان لێ دەکەین ، خوازیارین کۆنگرەکەتان لە کەشێکی ئارامو ئازادی بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت .

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرە : بەستنی کۆنگرە بۆ هەموو ڕێکخراوو بزووتنەوەو یەکێتییەک گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو وێستگەیەکە بۆ بەخۆداچوونەوەو دیاریکردنی کێماسییەکانو چارەسەرکردنیان، بە هۆیەوە کارنامەی دروستو دەوڵەمەند بۆ کارو خەباتی داهاتوو دادەنرێت، لەم سۆنگەوە ئەم سەرنجو پێشنیارانە دەخەینە بەردەم کرنگرەکەتان خوازیارین سوودیان هەبێتو کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانە کارەکانی تەواو بکات، بەبڕیارو ڕاسپاردەی گرنگ بتوانێ ئاسۆو داهاتوویەکی پڕشنگدار بۆ یەکێتییەکەتان دابین بکات .

١ـ زەمینەی لەبارو تەندروستو ئازاد بۆ ئەندامانی کۆنگرە ساز بکرێ تا بتوانن ئازادانە قسە بکەنو ڕای خۆیان سەبارەت بە پرسەکان بخەنە ڕوو کە ئەمەیان کلیلی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتانە.

٢ـ ئەندامانی کۆنگرە بە چڕوپڕی گفتوگۆ لە سەر هەموو ئەم بابەتانە بکەن کە لە کۆنگرە دەخرێتە ڕوو نەک وەکو ڕووکارو مەسەلەکان بێ گفتوگۆ بەڕێ بکرێن.

٣ـ پرسی سەربەخۆیی کوردستان پێویستە بکرێتە خاڵێکی گرنگی



کۆنگرەکەتان، بۆ ئەوەی تەواوی ئافرەتانی کوردستان وشیارییان لەم ڕووەوە هەبێت، ئەم پرسە بخرێتە نێو بەرنامەو پێڕەوی ناخۆی بزوتنەوەکەتان.

٤ـ دەکرێ بەر لە دەستپێکردنی کۆنگرە بە چەند ڕۆژێک هەندێ ئافرەتی شارەزاو پسپۆڕ لێکۆلینەوە لە سەر هەندێ پرسی کرنگ لەمەڕ ئافرەتان بکەنو لە کۆنگرە پێشکەشی بکەن، ئەمەش کۆنگرەکەتان دەوڵەمەند دەکاتو ئەندامانی کۆنگرەکەتان لە ڕووی وشیاریو ڕۆشنبیرییەوە سوودی لێ وەردەگرن .

٥ـ دەوری ئافرەتان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە وردی لە کۆنگرەکەتان قسەو باسی لە سەر بکرێت ، چونکە هەمووی پەندو وانەن بۆ هەموو لایەکمانو لە کارو خەباتدا دەبنە هەوێنی سەرکەوتنەکانمان.

٦ـ کارکردنی بزوتنەکەتان لە ڕێی ئەم کۆنگرەیەتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانو هەوڵدان بۆ گەڵاڵە کردنی پرۆژەیەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری ئافرەتانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ ڕێگەگرتنو نەهێشتنی ئەم دیاردە ترسناکە .

٧ـ دیاردەی خۆسوتاندنی ئافرەتان لە ماوەی رابردوو پەرەی سەندووە لە گۆنگرەکەتان گفتوگۆی لە سەر بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لەو دیاردە مەرگدارییەو وشیارکردنەوەی ئافرەتان لە نەسوتاندنی جەستەیان و دیاریکردنو چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانەی دەبنە فاکتەرێك بۆ خۆسوتاندنی ئافرتان .

٨ـ دیاردەی جیابوونەوەو تەڵاق لە کۆمەڵگای کوردەواری لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ساڵ بە ساڵ پەرەی سەندووەو زیاد دەکات کە بووەتە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی چەندین خێزان کە بە هۆیەوە شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەرەو تێکچوون دەبات، بۆیە پێویستە بە هەموو لایەکمان بە بەرنامەیەکی چڕوپڕ ڕووبەڕووی ببینەوەو تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان لەم دیاردە ترسناکە وشیار بکەینەوە .

٩ـ پەروەردەکردنی ئافرەتان لە سەر بنەما نەتەوەییەکان بۆ ئەوەی ئافرەتان وەکوو ئافرەتانی پێشووی نەتەوەکەمان کە لە دیرۆکی نەتەوەییمان خزمەتی زۆری بزاڤی کوردایەتیان کردووە لە داهاتووش هەمان خزمەت بکەن وەك پێشمەرگەو پسپۆڕ لە هەموو بوارێکی ژیاندا.

١٠ـ چەکی ئێمەی ئافرەتان وشیاریو خۆ ڕۆشنبیرکردنمانە، بۆیە پێویستە بەرنامەی تۆکمەو بەهێز دابڕێژن بۆ ئەم مەسەلەیە گرنگە .

لە کۆتایی هیواداریـن کۆنگرەکەتان لە کارەکانی سەرکەوتوو بێتو ئێوەش هەر بژین بۆ کوردو کوردستان .

**بزووتنەوەی ئافرەتانی نەتەوەیی کوردستان**

**BANK**

**٢٥ / ٩ /٢٠٠٨**

# پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## بۆ دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران



شەیدا ویجدانی

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

**بەشداربووانی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە پەیامی پیرۆزباییمان بۆ دووهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنێرین و هیوادارین کۆنگرەکەتان بە لەبەرچاوگرتنی بیر و ڕای جۆراوجۆر و بە مەبەستی هەرچی باشترکردن و بەگوڕترکردنی کار و چالاکی ڕێکخراوەکەتان سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی بێنێ.

بۆ هەمووان ئاشکرا و ڕوونە کە یەکیەتیی ژنان یەکێک لە خاوەن ئەزموونترین ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانە و ئەو ڕێکخراوە لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا دامەزراوە. یەکیەتیی ژنان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بۆتە هەوێن و سەرچاوەی هەوڵ و ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو تەنانەت شۆڕش و خەباتی نەپساوەی چەندین ساڵەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هیوادارین کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوەکەتان بتوانێ شێلگیرتر لە هەموو کات و لێبڕاوانەتر لە هەمیشە لەو پێناوەدا هەنگاو بنێ و کاری زیاتر و هەوڵی جیددیتر بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا و هەروەها کۆنگرەیەک بێ بۆ ڕۆڵی زیاتری ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا.

یەکیەتیی ژنان لە کاتێک دا دووهەمین کۆنگرەی خۆی پێک دێنێ کە لە لایەک پرش و بڵاوی بە سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا زاڵە و لە لایەکی دیکەوە فشار و گوشاری ڕژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر گەلەکەمان لە هەموو کاتێک زیاتر بووە. ژنانیش لە ژێر سێبەری ئەو ڕژیمەدا لە هەموو بارێکەوە زیاتر لە هەموو چین و توێژێکی وڵاتەکەمان چەوساونەوە. هیوادارین کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بانگەوازکردن بۆ تەبایی و یەکدەنگی هێزە ئازادیخوازەکانی وڵاتەکەمان لەو پێناوەدا هەنگاوی جیددی هەڵێنێتەوە و لەو نێوەش دا پرسی ژنان وەک پێویست زەق بکاتەوە و پێویستییەکانی هەوڵ دان بۆ دەستەبەر کردنی سەرەتاییترین مافەکانی ژنان لە وڵاتەکەمان بکاتە خاڵێکی هاوبەش بۆ یەکدەنگی هێزە جۆراوجۆرە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان. ژنانی کورد لە وڵاتی ئێراندا جارێک لە ژێر سێبەری سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانی کوردبوون دەچەوسێنەوە و جارێکی دیکەش بە تاوانی ژن بوون بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێ بەش دەکرێن. وردبوونەوە و هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر هەردووک لایەنی پرسەکەدا دەکەوێتە سەر شانی بەشدارانی کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوەکەتان. بەو ئاواتەی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا سەرکەوتووانە کارەکانی خۆی بباتە پێش و کۆنگرەی دووهەم بتوانێ وڵامدەری چاوەڕوانییەکانییەکان سەردەم بێ.

جارێکی دیکە پڕ بە دڵ بە بۆنەی پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و ئاواتەخوازین کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێ. سەرکەوتوو بن.

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**خەرمانانی ١٣٨٧**

# پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان



زورار زەرزا

**بەرێز ئەندامانی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

**بەرێزان ئەندام ومیوانانی بەشدار لە کۆنگرە!**

بە بۆنەی بەستنی دووهەمین کۆنگرەتان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئەندامانی بەشداری کۆنگرە وسەرجەم ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و ئاواتمان سەرکەوتنی کۆنگرەکەتانە.

**خۆشەویستان!**

لە کاتێك دا کۆنگرەی دووهەمی رێکخراوەکەتان دەبەستن کە خەباتی ژنان لە سەرتاسەری ئێران و بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو ویست وداوا رەواکانیان پەرەی سەندوە و رۆژ نیە چالاکوانێکی ژن دەستبەسەر نەکرێ و حوکمی نادادپەروەرانەی بەسەردا نەسەپێ، هەر بۆیە ئەرکی ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرە و بەگشتی ئەرکی کۆنگرە بۆ دروست کردنی هاوئاهەنگی و پێوەندیی نێوان خەباتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە لەگەڵ خەباتی ژنانی نێوخۆی وڵات و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ گەیشتن بە ویست و داوا رەواکانیان قورس تر کردوە. جێگەی ئاماژە پێ کردنە ژنانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەرای دەیان کەندو کۆسپ و داب و نەریتی کۆنەپەرەستانەی نێوکۆمەڵی کوردەوارییەوە، رۆڵی بەرچاویان لە نێو بزووتنەووەی ئازادیخوازانەی کوردستان دا هەبووەو شان بەشانی پێشمەرگەی پیاو چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتییان بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەیان لە شان کردوە، بێ گومان بەردەوام بوونی خەباتی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ بەشداری و رۆڵی ژنان چ راستەوخۆو چ ناراستەوخۆ لە نێو بزووتنەوەی حەقخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان دا. گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی وئاوەدانی و پێشکەوتنی وڵات گرێدراوە بە بەشداری هەرچی زیاتری ژنانو یەکسانیو بەرابەری نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵ دا.

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە رێگەی ئێوەوە پشتیوانی خۆی لە سەرجەم داوا رەواکانی خەباتی ژنان بۆ بەرابەری ویەکسانیی نێوان ژن وپیاو لە کۆمەڵ دا دەکاو، بۆ جارێکی تر گیرانی هەموو چالاکوانانی ژن کە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ئینسانییەکانیان لە لایەن دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون مەحکووم دەکەین وداوای هەڵوەشانەوەی حوکمەکانیان دەکەین.

بە هیوای ئەوەی کە کۆنگرەکەتان بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی ئێستای حەرەکەتی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بریار و راسپاردەکانی ئەرکی خۆی لە هەمبەر داواکانی ئەم حەرەکەتانە بە باشترین شێوە بەجێ بگەێنێ.

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان**

**٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٧**

# بەشێك لە پەیامی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی وڵات



سەکینە حوسێنی

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!**

ئێمە وەک کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکییەتی ژنان پیرۆزبایی گەرمی خۆمانتان بە بۆنەی بەستنی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش دەکەین وهیواداریـن کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێ. ئێمە پێمان وایە هەر گۆرانکارێک کە لە کۆنگرەی ڕێکخراوەی دایک دێتە ئاراوە بۆ ئێمەش کە بەشێکی ئەو ڕێکخراوەین دەستکەوتێکی بەنرخە. بەرۆژکردن و نەوژەنکردنەوەی بۆچونەکانمان لە مەر ڕێکخراوی ژنان و ئالوگۆرەکانی سەردەم, دەورێکی گرینگ دەبینن لە رادەی دەسکەوتەکانمان دا.

بەڕێزان! هەمووتان دەزانن کە بڕیارەکانی کۆنگرە و ئەرکی ئێوەی بەرێز، زۆر گرینگە. هەر مادده و تێبنییەک، هەر پاراگراف، دێڕ و تەنانەت وشەیەکیش بە ئەرێنی و نەرێنی، لە ماوەی چالاکییەکانی دوو کۆنگرە دا لە لایەک و مێژووی تێکۆشانی ژنان لەلایەکی دیکەوە لە داهاتوودا، کاریگەری تایبەتی خۆی دەبێ.

دوای دوولەتبوونی جێی داخی حدکا و پێش بەستنی کۆنگرەی ١٤ی حدک، بەهاوکاری خەباتگێرانی وەک ئێوە و چالاکانی دەرەوەی وڵات و تەنانەت کەسانی غەیرە حیزبیش، تواندرا بەرنامە و پێڕەوێکی شیاوی سەردەم ئامادە بکری.

لە کۆنگرەی چواردەی حیزبەکەمان دا زۆر ئالوگۆر بە سەر بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب دا هات. ئێستا ئێمە وەک ڕێکخراوی ژنانی ئەو حیزبە پێویستە رەنگدانەوەی ئەو ئاڵوگۆرانە لە پێرەوی نێوخۆیی یەکییەتی ژنانیشدا بەدی بکەین. بەرپرسایەتی ئێوە لەو هەلومەرجەدا دەخوازێ کە بە لەسەرەخۆیی و بیروهزرێکی کراوەتر و سەردەمیانەتر لە جاران، ئەو گۆڕانکاریانەی پێویستە بەلەبەر چاوگرتنی راستیەکانی وەزعی ئێمە، هەنگاویان بۆ هەڵگرن.

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی**
**یەکییەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٠-١١-٢٠٠٨**

## خۆ نوێ کردنەوە بە زانستی سەردەم و پێوەندی پێکهێنان و گرێدانی خەباتەکەمان بە خەباتی ژنانی چالاکی رۆژهەلاتی کوردستان

**دروشمی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

# بەشێك لە راپۆرتی گشتی بۆ كۆنگرەی دووەهەمی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران

## لە لایەن خاتوو عیسمەت نستانیەوە پێشكەش كرا



**هاوڕێیانی خۆشەویست !**
**نوێنەرانی بەڕێزی كۆنگرە !**

كۆنگرەی دووهەمی یەكیەتیی ژنانی دێموكرات لە كاتێكدا دەبەسترێ كە جیهان بەگشتیو رۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی بە بارودۆخێكی ناهەمواردا تێدە پەڕێو زۆر مەسەلە كە رووبەڕووی جیهان بوونەوە بە چارەسەرنەكراوی ماونەتەوە. مەسەلەی ژنان وەك زۆربەی مەسەلەكانی دیكە لە زۆربەی زۆری كۆمەڵگاكانی جیهان هەروەكوو خۆی ماوەتەوەو ئاڵوگۆڕو روانگەی كۆمەڵگا بە نسبەت ئەو پرسە گۆڕانیان بەسەردا نەهاتوەو هەر بە بۆچوونی كۆنو دواكەوتووانە لە مەسەلەی ژن دەڕواندرێ. كوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەفپارێزی و بێ حورمەتیو توندوتیژی هەر بەردەوامەو لە زۆربەی كۆمەڵگاكان بە یاسا چەسپێنراوە . ژنان لە وڵاتانی گەشە نەكردوودا تا ئاستێكی بەرچاو لە چالاكی سیاسی ، ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان بێبەشن و دەسەڵاتی پیاوسالاری ئەركی ژنی بە شێوەی مانەوە لە ماڵ و بەخێوكردنی منداڵ و خزمەت بە بنەماڵە پێناسە كردوە. ژن وەك رەگەزی لاوازو شایانی بەزەیی سەیر دەكرێ كە پێویستی بە چاودێری و مافە ئینسانیەكانی هەیە. بەڵام رێكخراوەكانی ژنان و داكۆكیكارانی مافەكانی ژنان لە جیهان بەردەوام بۆ داكۆكیكردن لە ژنان لە بەرابەر ئەو توندوتیژییەدا هەر لە خەبات و تێكۆشان دان. لە سەردەمی ئێستا كە سەردەمی تەكنەلۆژی‌یە پەیوەندیی نێوان گەلانی جیهانی زیاتر پێكەوە گرێداوە، زەبرو زەنگ و توندوتیژی چی دیكە پەردەپۆشیان ناكرێن و خەباتی ژنانی لە جیهان بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواكانیان چڕوپڕتر بۆتەوەو خەباتی رێكخراوەكانی ژنان هەنگاو بەهەنگاو لێك نزیك بۆتەوە. دروستبوونی تەشەكولات و یەكدەنگی و پشتیوانی ژنان لە داخوازییەكانیان لە جیهان نیشاندەری یەكگرتوویی هەرچی زیاتر بۆگۆرانكاری لە یاساو رێسا سەپێنراوەكان و بیرو باوەڕی دواكەوتووانەی كۆمەڵگاكان لە جیهان دایە.

ژنان لە بوارەكانی سیاسیو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئابووری لە جیهانی پێشكەوتوو و وڵاتانی گەشەسەندوودا لە مەیدان دان و لە بەئەستۆگرتنی ئەركو بەرپرسایەتی شان لە شانی پیاوان دەدەن، بە تایبەت لە بواری ئابووری دا هەم رادەی كاری ژنان لە وڵاتە دەوڵەمەندو پڕ داهاتەكاندا چۆتە سەرێ، هەم ژنان لە پلە بەرزەكانی بەرپرسایەتی ئابووریدا دەبینرێن.

ژنان لە گەشەی ئابووریی جیهان دا بەشدارن و بوونیشیان لە تەكنۆلۆژی نوێ زیاتر بووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژنان لە زۆربەی كۆمەڵگاكانی مرۆڤایەتی دا حەقدەستی كەمتر لە پیاوان وەردەگرنو بەرپرسایەتییان لە بەرپرسایەتییە سەرەكییەكان، یان شیركەتەكان كەمتر پێ دەدرێ.

بێهناز موحیدی كارناسی مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان دەڵێ: بە پێی راپۆرتی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە گەشەی مرۆڤدا ژنان بەشی زۆر كەمیان لە بەرژەوەندی گەشەیی وەرگرتوە، ئەگەرچی نیوەی حەشیمەتی جیهان ژنان پێكی دەهێنن بەڵام بەشیان لە چالاكی ئابووری دا نزیك بە ٣٠٪و لە هەندێك لە وڵاتان لەوەش كەمترە.

بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسیو كۆمەڵایەتی لە جیهاندا، پەیوەستە بە بارودۆخی ئەو كۆمەڵگایەی كە تێیدا دەژین. تێكۆشانو ئاستی ئەو بەشداری كردنە دەوەستێتە سەر رێژەی ئەو ئازادیو سەربەستییەی كە ئەو كۆمەڵگایە لە رووی سیاسیو فەرهەنگیو كۆمەڵایەتی بۆ دابەزاندنی رۆڵی خۆیان بە ژنانی دەبەخشێ.

خۆنیشاندان لە چالاكییە كۆمەڵایەتیو سیاسییەكانی ژنانو لێ وردبوونەوە لە مێژووی سیاسیی ژنان لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا دەبینین كە ژنان بەشداریو دەوری كاریگەریان لە بزووتنەوە نیشتیمانیو نەتەوەییەكاندا هەبووەو بە ئاشكرا داواكارییەكانیان دەرخستوە.

راگەیاندراوەكان ئاماژە بە بەشداریو سەركەوتنی ژنان لە هەموو بوارەكاندا دەكەن، لە راپۆرتێكی "ئاسۆ شیتد پرێس"دا هاتوە كە ژنانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی شاهیدی گەلێك سەركەوتن بەتایبەت لە بواری سیاسی دابوون،

وەك هەڵبژاردنی یەكەمین سەرۆك كۆماری ژن لە ئەفریقاو پێكهاتنی یەكەمین هەڵبژاردن لە عەرەبستان كە بە بەشداری دەنگدەرانی ژن بوو. بەشداریی ژنان لە كێبەركێكانی هەڵبژاردن لە دوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستان، هەڵبژێرانی یەكەم سەرۆك كۆماری ژن لە شیلیو گەیشتنی ژنێك بە پلەی سەدرئەعزەمی لە ئاڵمانو چەندین سەركەوتنی دیكە، كاریتارامدلێس بەرپرسی سندوقی جیهانیی ژن لە "سانفرانسیسكۆ" كە یارمەتی بە لایەنو گروپەكانی لایەنگری مافەكانی ژن لە سەرتاسەری جیهان دەكا دەڵێ: "ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی ساڵێكی پڕ دەسكەوت بۆ ژنان لە جیهاندا بوو، كە ١٠ ساڵ پێش ئێستا ئێمە دەمانگوت كە خوازیاری جێبەجێ كردنی ئەو یاسایانەین كە پشتیوانی لە ژن دەكا، بەڵام ئێستا دەڵێین كە ژنانێكمان دەوێ كە خۆیان یاسا دانەرین. .

لەو وڵاتانەی كە ژنان مافی ئەندامبوونیان لە پارڵەماندا هەیە، توركیە لە سەرووی ئەو وڵاتانە بە حیساب دێ كە كەمترین سەهمیان لە كورسییەكانی پارڵەماندا پێ دراوە ( واتە ٤،٤٪). بەشداری ژنان لە پارڵەمانی هێندێك لە وڵاتانی ئیسلامی وەك پاكستان ٢٠،٦ مالیزی ١٤،٥ توركەمەنستان ٢٦٪و كۆماری موسڵمان نشینەكانی ئاسیای ناوەڕاست لە نێوان ٦،٢ تا ١٢،٤٪.

بنیار تویراك: نووسەری ڕۆژنامەی "ڕادیكاڵ" لە نووسراوەیەكدا ئیشارە بە بارودۆخی ژنان دەكاو دەنووسێ: ڕێبەرانی ئەحزاب هۆكاری سەرەكیی بەشداری نەكردنی ژنان لە كاروباری سیاسی دا، بە بێ عەلاقەی ژنان بە مەسەلەی سیاسی ناو دەبەن لە كاتێكدا لێكۆڵینەوەكان پێچەوانەی ئەو بۆچوونەن. بە پێی ئەو ڕاپرسیەی كە كراوە ٧٣٪ ژنانو ٧٥٪ لە پیاوان، هۆی ئەوەی كە ژنان ڕوو لە كاری سیاسی ناكەن بۆ فورسەتو ئیمكانی كەمی ژنان بۆ بەشدارانی لە كاروباری سیاسی دا دەگێرنەوە .




توندو تیژیی دژی ژنان

ئەمڕۆ سەرنجی زۆر كۆڕو كۆمەڵو كەسایەتی لایەنگری مافەكانی مرۆڤی بۆ لای خۆی ڕاكێشاوە كە دیاردەیەكی جیهانییەو تەنیا كۆمەڵگای نەریتی ئێمە ناگرێتەوە بەڵكوو لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكانیشدا بەرچاو دەكەوێ. بە پێی ئەو پێناسەیەی كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كردوویانە، توندوتیژی دژی ژنان هەموو ئەو كردارانە دەگرێتەوە كە لە سەر بناغەی جنسیەت دەبێتە هۆی ئازاری جنسیو جەستەییو دەروونی ژنان، تەنانەت ئەو هەڕەشانەش دەگرێتەوە كە ئازادییەكانیان چ لە ژیانی تایبەتی و چ لە ژیانی كۆمەڵ دا پێشێل دەكا..

بە گوێرەی سندوقی حەشیمەتی سەربە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە هەر سێ ژن لە سەرانسەری جیهاندا ژنێك لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە وەك برا یان باوك یان یەكێك لە خزمەكانییەوە دەكەوێتە بەر توندوتیژی. توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو ڕوویەكەوە لە هەموو شوێنێك بەڕێوە دەچێ . لە بنەماڵەو لە كۆمەڵگاو لە شارو ململانێی نێوان دەوڵەتەكان دا ژنانو منداڵان قوربانییانی سەرەكینو دەكەونە بەر پەلامارو توندوتیژییان لە بەرامبەردا دەكرێ هەر بۆیە ئەنجوومەنی هێمنایەتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ڕاگەیاند كە توندوتیژیو دەستدرێژی جنسی ئیدی بەرهەمی لاوەكی شەڕ نیەو بووە بە تاكتیكێكی نیزامی، بۆیە داوای لەو وڵاتانەی كە گرفتارو گیرۆدەی شەڕن كرد كۆتایی بە توندوتیژیی دژی ژنان بهێنن. لە دانیشتنێكی ئەنجومەنی تەناهی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكاندا، "كوندۆلیزا ڕایس"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا وتی: جیهان ئێستا ئیدی لەوە تێگەیشتوە كە توندوتیژیی جنسی لە شەڕەكاندا لە قوربانیانی تاكەكەس تێپەڕیوە بۆ ئەوەی ئەمنییەتی وڵاتیان بشێوێنێ.

"پاتریك كامائیرێت" فەرماندەی پێشووی هێزەكانی پاراستنی ئاشتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان هەر لەو دانیشتنە دا وتی": لە شەڕەكاندا ژن بوون لە سەرباز بوون ترسناكترە. وڵاتانی وەك دارفور ـ كۆنگۆ ـ یوگوسلاوی پێشوو و ڕوانداو لیبریای بە نموونە هێنایەوە كە لە كاتی شەڕدا توندوتیژیو دەستدرێژی جنسی بە ئەنقەستو بەرێژەیەكی یەكجار زۆر هەبووە

لە ڕاپرسییەك كە بەرپرسانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە خۆرهەڵاتی كۆنگۆ كە لە سەر ٢٠٠٠ كچو ژن لە لیبریا كردویانە ، ٧٥٪ی ژنان لە كاتی شەڕی نێوخۆیی دەستدرێژیان كراوەتە سەر.

لە بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان دا هاتوە كە ئەم شێوە تاوانانە دوای شەڕیش لێبوردنی گشتی نایان گرێتەوە.

"ڕامایاد" وەزیری فەڕانسە بۆ كاروباری مافی مرۆڤ، كە كاربەدەستێكی دیكەی ژن بوو و لەم كۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو، گوتی:" كاتێك توندوتیژی جنسی بووە چەكێكی شەڕ، ئەنجومەنی تەناهی مافی دەستتێوەردانی هەیە. ناوبراو گوتی: ئەو كەسانەی بەرپرسی توندوتیژی جنسی لە گەرمەی

شەڕ و تێکەڵچوونە چەکدارییەکان دەبێ قۆڵبەست بکرێنو بکشێندرێنە بەردەم دادگای تاوانەکانی شەڕ.

توندو تیژی دەرحەق بە ژنانو چینێکی چەوساوەی دیکەی کۆمەڵ واتە منداڵان روو لە زیاد بوونە بە پێی ئامارەکان قاچاغی منداڵان لە سەرانسەری جیهان وەك بازرگانیەکی پڕ داهاتی لێهاتووە کە ساڵانە ١/٢ ملیۆن منداڵ لە بازنەی قاچاغ دا سەرگەردانن، لە نێو ئەو منداڵانەدا کچانی ١٣ ساڵ یەکێك لە بەرزترین ئامارەکانی قاچاغی منداڵانن. بە پێی ئامارێکی راچڵەکێنەر ساڵانە لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا نزیکەی ١٠هەزار کچو ژنی لاو لە بنەماڵە فەقیرەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ کەڵك وەرگرتنی جنسی بە کار دەهێنرێن.

خەتەنە کردنی کچان لە کۆمەڵگا دواکەوتواندا خراپترین جۆری توندوتیژیە کە دەرحەق بە منداڵانی مێیینە دەکرێ.

لە بواری لەشساغیو پێڕاگەیشتن بە ژنانو منداڵان لە جیهان کەمتەرخەمی دەکرێو ساڵانە بە هەزاران کەس لەبەر بێ ئیمکاناتی دەرمانی و نەبوونی چارەسەری گیان لە دەست دەدەن. بە پێی راپۆرتێك کە لە لایەن رێکخراوی لەشساغی جیهان WHO بڵاوبۆتەوە، ئێستاش لە هەر چرکەیەکدا ژنێك لە ماوەی دووگیانیو لە کاتی منداڵ بووندا دەمرێ. بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری رۆیتەرز، ئەو رێکخراوە رایگەیاندوە بە پێی ئامارێك لە هەر ٦٠ سانیەدا ٢٠ منداڵی ساوا بە هۆی ئەو نەخۆشیانە کە بە ئاسانی پێشیان پێ دەگیرێ، گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

هەر ئەو ئاژانسە لە بڵاوکراوەیەکدا رادەگەیەنێو دەڵێ: ئەو حاڵەتەی سەرەوە بۆ ئەو دایکانەی کە چاوەڕێی بوونی کۆرپەکانیان بوون لە چەندین وڵاتی جیهاندا وەك سەحرای ئەفریقا. سەرەڕای پێشکەوتنە پزیشکییەکان لەو ساڵانەی دواییدا خراپتر بووە.

هەروەها WHO لە راپۆرتی ساڵانەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سەرەڕای زۆربوونی هەوڵەکان لەو پەیوەندییەدا، ساڵانە چەندین ملیون منداڵ گیانی خۆیان لەدەست دەدەن کە زۆربەیان بۆ چارەسەری دەبن بەڵام چارەسەرییان بۆ ناکرێو دەمرن.

بەڕێوەبەرانی نیزامی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئێران هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران دا نەك نەیانتوانی گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان چارەسەر بکەن ، بەڵکو بواری زیاتریان بۆ خولقاندنی ئەو گیروگرفتانە رەخساندووەو لە هەر چەشنە هەوڵدانێك لەو رووەوە درێغیان نەکرد. کاربەدەستانی رێژیم بە پەسەندکردنی یاساو دەرکردنی رێسا و رێ و شوێنە تایبەتییەکان لە مەجلیس و ناوەندەکانی بڕیاردان بگرە تاکو بەردباران و لێدان و ئازارو ئەشکەنجە و..... هتد لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتیاندا، زیندانێکی گەورە بە پانتایی هەموو ئێرانیان بۆ ژنان دروست کردووەو بەناوی جێبەجێ کردنی رێو شوێنە ئیسلامییەکان و پێشگرتن لە "تهاجم فرهنگی" واتە هێرشی کولتووریی رۆژئاوا، هەژمۆنیی ئیدئۆلۆژیك و سیاسی و کولتووری خۆیان بە سەر ژنان و لەو رێگەیەشەوە بە سەر تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا دا دەچەسپێنن، کە ئەو شێوازە هەڵسوکەوتە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ژنانی بە تایبەتی گیرۆدەی زۆر دیاردەی پڕمەترسی کردوە. توشبوونی ژنان و کچان بە نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان یەکێك لەو دیاردە دڵتەزێنانەیە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێران گیرۆدەی بووەو تا ئێستاش بە هێنانەگۆڕی چەندین گەڵاڵەی جۆراو جۆر لە لایەن دەوڵەت نەتوانراوە بۆ باشبوونی ئەو وەزعیەتە گرێیەك لەو گرێ کوێرانە بکەنەوە. دیاردەی ژنانی سەر شەقام یەکێك لەو نەخۆشیانەی کە کچانی لاوو کەم تەمەن و ژنانی گەنج و بە تەمەن بەهۆی توندوتیژی بنەماڵەیی لە لایەك و لە لایەکی دیکەش بەهۆی نەداری و بێکاریو موعتاد بوون گیرۆدەی بوون، روو لە زیاد بوونە کە زۆربەی ژنانی سەر شەقام ئەو ژنانەن کە هاوسەرەکانیان موعتادن و لەبەر بێ دەرەتانی تووشی ئەو وەزعیەتە هاتوون و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بۆ بە ئاگاهێنانەوەی خەڵك لەو پێوەندییەدا نیە.

گیرۆدەبوون بە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەك ئایدز زیاتر لە هەموو نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەرۆکی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەت ژنانی گرتۆتەوە. بەرپرسی ئەنجومەنی ئایدزی ئێران بۆخۆی دانی پێدا دەنێ و رەخنە لە سیستمی لەشساغی وڵات دەگرێ و بۆ ناساندنی نەخۆشییەکان لە نێو توێژەکانی کۆمەڵ دا بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ نەخۆشی ئایدز، لەم دواییەدا دەڵێ: رێژەی تووشبوون بەم نەخۆشییە بە رادەیەکی زۆر چۆتە سەرێ. هەروەها بەرپرسی ئیراس یەکێك لە گەورەترین ئەو گرفتانە سەبارەت بەو نەخۆشییە لەبەرچاونەگرتنی ژنان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو نەخۆشییە زانی. بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری لەشساغی و دەرمان هەواڵدەری خوێندکارانی ئێران ئاماری توشبووان بە ئایدز(HIV) لە رووی رەگەزو تەمەنەوە زۆرترین رادەی تووشبوان ٢٥ تا ٣٤ ساڵە بە ٢٨٩٩ کەس واتە (٤٠,٤) دەگرێتەوەو رادەی تەمەن هەتا ٤٤ ساڵ ٢١٠١ کەس واتە ٢٩,٢ لە پلەی دووەمدایە .

هەر چەند لەو راپۆرتەدا جێگای باس لە سەر هۆکارەکانی توندوتیژی و خۆسووتاندن نیەو بۆ ئەو مەبەستە پێویست بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەکا، بەڵام بە کورتی دەکرێ ئەو هۆکارانە بۆ دوو هۆی سەرەکی بگێڕینەوە، یەکەم: ئەو زەختەیە کە ژنان بە هۆی روانگەی دژە ژنی کە لە کۆمەڵگادا بەرەورووی دەبنەوە کە کۆمەڵگای ئێران، ئێژن بە پیاو دەدا بە خواستی خۆی لە گەڵ ژن هەڵسوکەوت بکاو خێرو شەڕەکانی بۆ پێناسە بکاو سزای بۆ دیاری بکا. لە راستیدا لە کۆمەڵگای ئێمە پێیان وایە ژنان توانای لێك جیاکردنەوەی چاك و خراپیان نیە و هەر بۆیە ئەوە ئەرکی پیاوە رێنوێن و پشتیوانی ژن بێ و لە هەڵە بیپارێزێ و بەرەو رێگای راست هیدایەتی بکا.

دووهەم: سیستەمی یاسای کۆماری ئیسلامییە کە لە سەر بنەمای

جیاوازیی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ژن دامەزراوەو ڕێگای بۆ توندوتیژی دژی ژنان خۆش کردوە.

لە راستیدا خۆسووتاندنیش دەچێتە خانەی توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر بە خۆی. ئەو شێوە توندوتیژییە کاتێك روو دەدا کە مرۆڤ (زیاتر ژنان) هەموو ئومێدەکانی دۆڕاندبێ و هیچ دڵخۆشییەکی بۆ درێژەدان بە ژیان نەمابێ. ئەو دیاردەیە لە کوردستان دا بە شێوەیەکی بەرچاو دەبیندرێ، زیاتر ئەو کچ و ژنانە لە خۆ دەگرێ کە لە لایەن باب، برا یان مێردەوە دەکەونە بەر سووکایەتی و لێدان و یان لە لایەن خەڵکەوە تاوانی ناموسیان دەدرێتە پاڵ و ناچار بە خۆکوشتن دەبن.

ئێران لەم وڵاتانەیە کە زۆرترین توندوتیژی دژ بە ژنانی تێدایە. لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە (٢٢-٢٩٪)ی قەتڵەکان لە نێو بنەماڵەدا ڕوو دەدەن، ئامارێك کە ساڵی٨٣ بڵاوبۆتەوە باسی ٨٣٣٢ کەس دەکا کە لە نێو بنەماڵە دا توندوتیژیان بەرامبەر کراوە کە ئەو توندوتیژیانە ٢٣٠٠ حاڵەتیان لێدان و ٢٠٠ حاڵەت ئازاری دەروونی و مردن و ٣٠٠٠ حاڵەت بە هۆی کەم تەرخەمی و ٩٤٥ حاڵەتیش پێوەندی بە مەسەلەی جنسیەوە بووە. هەروەها بەپێی راپۆرتی هەواڵنێری خوێندکارانی ئێران، فەرەجی بەرپرسی کۆمیسیۆنی ژنانی پارێزگای ناوەندی دەڵێ: ڕێژەی ژنانی بێ سەرپەرست لەو پارێزگایەدا(٩,٥٪) ە کە لە نێو پارێزگاکانی وڵات لە پلەی چوارەم دایە.

بەوتەی ئەوناوەندە زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەو پارێزگایەدا دەکرێ. ناوبراو نیوەی ئەو تاوانانەی کە دەکرێ بۆ ئەو ژنانە گەڕاندەوە کە خاوەن مێردن. ٨٠٪ ئەوانەن کە بۆ یەکەم جار دەچنە زیندان دەبێ بەرنامە دارێژەرانی نیزام زیاتر سەرنجی بدەنێ.

فەریدە ماشێنی ڕاوێژکاری کاروباری ژنانی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن دەڵێ: بەپێی لێکۆڵینەوەکان هەڵاتنی کچان زیاتر ٥٠٪ دەمارگرژی لە ڕادەبەدەری ئەندامانی خێزان بە تایبەت باوك و برا وەك هۆیەکی سەرەکی بۆ هەڵاتن دادەنێ، هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: بەربڵاوترین جۆری توندوتیژی لە وڵات بەربەستکردنی ئازادیی ژن و ئازادیی منداڵانە، کڕین و فرۆشتنی کچان هەر ئەمڕۆ مەسەلەیەکی گرینگ و جێگای سەرنجە، ئێستاش ڕۆژانە چەندین کچ لە سنوورەکانی باشوری وڵاتی پاکستان و ئەفغانستان دەفرۆشرێن، بۆ ڕێگەگرتن لەو دیاردەیە هیچ چەشنە هەوڵێك نەدراوە ئەو کڕین و فرۆشتنە زیاترو بەردەوامتر دەبێ.

بەردباران کردنی ژنانی ئێران لە بەربڵاوترین جۆری توندو تیژییە کە لە یاسای بنەرەتی وڵات دا وەکو ماددەیەکی یاسایی چەسپێنراوە لە ساڵی ٢٠٠٦ ی زایینی ٩ ژن چاوەڕێی بەردبارانی کردن بە تاوانی زنانی (محصنە)بووە ئەگەر ئەو پەیوەندییە جنسیەش لەسەر خواستی خۆشی واتە ژنەکە نەبووبێت ئەگەر تووشی هیچ لادان و هەڵەیەك نەبووبێ بەڵکو دەستدرێژیشی کرابێتە سەر.

سەبارەت بە جیاوازیی ڕەگەزی لە ئێران دا بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کرد:

پرسی ژنان لە ئێراندا لە دوو ڕەهەندەوە جێگای سەرنج و لێ وردبوونەوەیە ، یەکەم ژن لە کۆمەڵگای ئێراندا و دووەم ژن لە دیدی کۆماری ئیسلامییەوە .

لە کۆمەڵگای ئێراندا کولتوورو هەڵسوکەوتە باوەکان و هەروەها نۆرم و بایەخەکانی ناو کۆمەڵگا وەك باقی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، ڕوانینێکی تەواو پیاو سالار بە سەریاندا زاڵەو کۆمەڵێك هۆکار بوونەتە هەوێنی ڕەوایی دان و مەشرووعیەت بەخشین بەم چەشنە بیرکردنەوەیە سەبارەت بە ژنان و لە ئاکامیشدا چەوسانەوەی ئەوان و لە نێو ئەو هۆکارانەدا نەریت و ئایین لە گرینگترینیانن.

نەریت وەك کۆمەڵە بیرۆکەو کردارێکی چەسپاوو باو کە بە میراتی ڕابردوو و هەروەها پردی پەیوەندیی نێوان نەوەکان بە ئەژمار دێ، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕەوایی بە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان دەدا. نەریت بەهاو نۆرمەکان دەبەخشێ و ئاراستەی بیر کردنەوەو هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا دیاری دەکا. نەریت زۆر جار بەرەنگاری عەقڵ و مەعریفەو پێشکەوتن دەبێتەوەو وەك کۆسپێك لە بەرامبەر بیری نوێ و کرداری نوێدا خۆی دەنوێنێ و تەنانەت هەندێك جار چەمکە پێشکەوتووەکانیش دەخاتە خزمەت خۆی و ڕەنگی نوێ بەمیراتی ڕابردوو دەدا وا دەکا مرۆڤی نەریتخواز بەردەوام لە ڕابردوودا بژی.

لە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانیش دا بە شێوەیەکی بەرچاوتر، نەریت ڕۆڵێکی گەورە لە چەوسانەوەی ژناندا دەگێڕێت.

لەو سیستمە بیرکردنەوەیە کە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا حوزووری هەیە، پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی پلەو پایەی مرۆڤەکان بە نیسبەت ڕابردوو، گۆڕانیان



بەسەردا نەهاتووەو بە پێی ئەو پێوەرانە، ژن وەك رەگەزی دەرەجە دووی كۆمەڵگا بە ئەرك و مافی چوارچێوەدار پێناسە دەكرێ كە مافەكانی نەك لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ بەڵكو لە چوارچێوەی مافی ژنان دا هاتوە. ژن دەبێتە ملكی پیاو و پیاو دەبێتە خاوەنی ژن، هەر بۆیە ژن لە مرۆڤەوە دادەبەزێ بۆ ئامێرێك بۆ شیرین و جوان كردنی ژیانی پیاو.

ئایین یەكێكی دیكە لەو هۆیانەیە كەكۆمەڵگا گەشەنەكردوەكان بۆ زەبرو زەنگ و سەركوت دژی ژنان بەكاری دەهێنن. پیاوانی ئایینی بە تایبەت لە كۆمەڵگای ئایینی ئێراندا بە كەڵك وەرگرتن لە دەقە پیرۆزەكان و تەفسیری جۆراوجۆر لێیان بە ئاشكرا بانگەشە بۆ رۆڵی یاریدەدەرو خەمخۆرانەی ژنان بەرامبەر بە پیاوانی پاڵەوان دەكا. ئەو پیاوانەی كە رەوتی رووداوەكان لە سەر دەستی ئەوان شكڵ دەگرێ و ئەكتەری سەرەكیی ناو گۆرەپانی ژیان و رابردوون. ئەو بۆچوونە ئایینیە لە سیستمی پەروەردەدا زۆر بە ئاشكرا دەخرێتە ناو مێشكی منداڵان و مێرمنداڵان و بەو شێوەیە بەستێنەكانی قبوول كردن و بە رەوا زانینی خوێندنەوەی ئایینی هەر لە تەمەنی منداڵیەوە كاری لە سەردەكرێ و لە كتێبە دەرسیەكان دا زۆربەی هەرە زۆری سیفەتە بەرزە ئینسانییەكان بە پیاوان دراوە. جێگای ئاماژەیە كە زۆربەی كێشەكان لە خوێندنەوەی هەڵە بە نیسبەت ئایینی ئیسلام سەرچاوە دەگرێ نەك دیدی ئیسلام سەبارەت بە ژنان. لێرە دا دەتوانین بڵێین روانینی ئاین لە ژن لەگەڵ ئەو روانگەیەی دەسەلات بەدەستان لە ئێران دا هەیانە، جیاوازەو ژن لە ئاییندا لە زۆر بواردا مافی پارێزراوەورێزی لێ نراوە.

لەسیستمی سیاسیی ئێران دا پیاوتەوەری(مرد محوری) بە شێوەیەكی سیستیماتیك و بەرنامە دارێژراو لە هەموو لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵگای ئێران دا بە بیانووی وەك شەڕ لەگەڵ هێرشی كولتووریی رۆژئاوا و هەروەها زاڵبوونی تەفسیری سوننەتی لە رێوشوێن و دەستووره ئایینیەكان دا تەبلیغی بۆ دەكرێ. بەهۆی ئەوەی دارێژەرانی سیاستی كولتووری لە كۆماری ئیسلامی دا ئایین وەك تەنیا سەرچاوەی دارشتنی سیاسەتەكانیان بە كار دێنن، بنیاتە كۆمەڵایەتییە سەربەخۆكانیش ناتوانن هەلی یەكسانی كۆمەڵایەتی ،كولتووری وهونەری بۆ ژنان وپیاوان وەك یەك برەخسێنن.

دەسەڵاتی ئایینیی تاران لەسەرەتای هاتنە سەركاریەوە بە كۆمەڵێك دروشمی وەك "پیاوانی گەورە لە داوێنی ژنانی گەورەدا پەروەردە دەبن" و هەروەها بە پشت بەستن بە پشتیوانیی نەریتی و ئایینی كۆمەڵگا ،شەپۆلێك لە سەركوت دژی ژنانیان دەستی پێ كرد كە تا ئێستاش درێژەی هەیە .

لە ماوەی ٣٠ساڵ تەمەنی رێژیمی ئێران دا بزووتنەوەی ژنان وەك باقی بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكانی وەك بزووتنەوەی خوێندكاران ، كرێكاران... هتد بە تەواوی لە ژێر كاریگەریی كەشی سیاسیی ئێران دا بووە و لەكاتی كرانەوەیەكی رێژەی لە فەزای سیاسی دا ، بەهێزێكی زیاتر و بەربلاوتر هاتوتە مەیدانەوە و تا رادەیەكی زۆر ویست و داخوازەكانی بەشێوەیەكی كۆنكرێت و روونتر هێناوەتە گۆڕێ.



دەست پێ كرد كە لەگەل دژكردەوەی ژنان بەشێوازی جۆراوجۆر بەرەوروو بوونەتەوە. ئاكامی ئەو دژكردەوانە بۆتە هۆی بەهێزبوون و پەرەسەندنی بزووتنەوەیەكی بەرینی یەكسانیخوازی لە شكل و شێوازی رێكخراو و ئەنجومەن و (NGO) كان .

بزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان بۆ بەرگری لە مافەكانیان و بردنە سەری ئاستی وشیاری و تێگەیشتوویی ژنان خاوەن مێژوویەكی دەیان ساڵەیەو بە زۆر هەورازو نشێودا تێپەڕیوەو ژنانی ئێران بە ئیلهام وەرگرتن لە بزووتنەوەی سەراسەری ژنانی جیهان خەباتیان كردوەو دەسكەوتیشیان هەبووە ، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە بەدوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دا كەوتۆتە قۆناغێكی نوێ وە هەموو دەسكەوتەكانی لە لایەن دەسەڵاتی رێبەرانی كۆماری ئیسلامی زەوت كران و دەورانێكی دوورو درێژی دیلی و سووكایەتی بە ژنان لە ئێران دا

بەو مانایە كە كرانەوەی كەشی سیاسی، بزووتنەوەی ژنان و گشت بزووتنەوەكانی دیكەی كۆمەڵگای بەرەو داخوازی گەورەی سیاسی و ئاڵوگۆر لە رێژیمی سیاسیی ئێران دا هان داوە و لەو كاتانە دا داخوازییە تایبەتی یەكانی ژنان كەوتۆتە پەراوێزەوە .

هەرچەند سیستەمی سیاسیی كۆنەپەرست و سەركوتكەری كۆماری ئیسلامی هۆكاری سەرەكییە بۆ پێشێلكردنی مافەكانی ژنان و خەباتی ژنان دژی ئەو نیزامە پێویستە ، بەڵام لە پەراوێزنانی گرفتە عەینی و رۆژانەكانی ژنان خەساری جیددیشی بەدواوە بووە . چالاكانی بواری ژنان بەهۆی سەرقاڵبوون بە پرسە سیاسییەكانەوە بەگوێرەی پێویست بۆ گەڵاڵە كردن و هێنانە گۆڕێ ویستە بەرهەستەكانیان و هەروەها وشیاریدان بە ژنان بۆ ئاشناكردن بە مافەكانیان لە بنەماڵە و كۆمەڵگا دا هەوڵیان نەداوە.

لەنیوەی دووەمی دەیەی حەفتاو دەیەی هەشتا دا چالاكانی بواری ژنان لە ئێران دا بەكۆمەڵێك هۆكاری وەك بەربلاوبوونی ئاستی پەیوەندییەكان و دەزگاكانی زانیاری و ڕاگەیاندن و ئاشنا بوون بە دۆخی ژنان لە وڵاتانی پێشكەوتوودا لە ڕێكخراوو گەل و جۆراوجۆردا خۆیان (NGO) ڕێكخستووە و بۆ دەستە بەر كردنی مافەكانی ژنان خەبات دەكەن ولەو ڕێناوەش دا تووشی ئازارو ئەشكەنجە و زیندانی لەلایەن كاربەدەستانی ڕێژیم بوونەتەوە. جگە لەو ڕێكخستنانە، ژنان لە حەرەكەتی بەرینتردا بۆ داواكاری كۆمەڵە ئامانجێكی تایبەت لە تێكۆشان دان . ئەو بزاڤە كاتی و تایبەتانە كە لە زەمەنێكی دیاریكراو و بۆ مەبەستێكی دیاریكراو ڕێك دەخرێن و زۆر جاریش سەرەتا بە شێوەیەكی خۆڕسك سەر هەڵدەدەن و دواتر سیمای ڕێكخستن و ئۆرگانیك بە خۆوە دەگرن و خاوەن گرینگییەكی تایبەت لە ڕوانگەی حەرەكەتی مەدەنی و هێمنانەن. لە گەڵ ئەوەی كە بزاڤی مەدەنی زیاتر لەو وڵاتانە پەیڕەو دەكرێ و ئاكامی دەبێ و لە وڵاتێكی دیكتاتۆڕ لێدراوی وەك ئێران ئیمكانی كەڵك وەرگرتن لەو شێوازە خەباتە زۆر كەمە و لە گەڵ سەركوت و توندوتیژی بەرەوڕوو دەبێتەوە، دیسانیش ئازایەتی و فیداكاریی ژنان لەو ساڵانەی دوایی دا بەرهەمهێنی كۆمەڵێك حەرەكەتی لەو چەشنە بووە كە دەسكەوتی گرینگیشی بۆ ژنان بە دواوە بووە.

گرنگی حەرەكەتی یەك میلیۆن واژۆ لە چەند لایەنەوە جێگای سەرنج و تێرامانە، ڕێبەرانی ئەو حەرەكەتە، ئامانجێكی ڕوون واتە گۆڕانكاری لە سیستمی یاسای ئێران دا بە مەبەستی یەكسانیی مافەكانی ژنان و پیاوان و بەدوور لە هەرچەشنە بەستراوەییەكی سیاسی بەهێز ولایەنە سیاسییەكانیان وەك داواكاری خۆیان ڕاگەیاندوە. هەر چەند لە نێو چالاكانی كەمپەین دا لایەنگرانی زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییە ناوخۆو ئۆپۆزیسیۆنی تێدا یە، كە تەنانەت هەندێكیان جیاوازیی سیاسی و فیكریی بنەڕەتیشیان پێكەوە هەیە، بەڵام بە وەلانانی گشت جیاوازییەكان لە دەوری پلاتفۆرمی كەمپەین بە مەبەستی هەنگاونانی هاوبەش بۆ وەدیهێنانی ئامانجێكی هاوبەش كۆ بوونەتەوە. ئەو حەرەكەتە لە خۆی دا كەم وێنەیە و نوقتە گۆڕانێكە لە مێژووی نوێی ئێراندا و بە تایبەت تێگەیشتوویی و وشیاریی ژنان لە هەمبەر مافەكانیان دەر دەخا.

كەمپەینی یەك ملیۆن واژۆی سنوورە ئیدۆلۆژیك و هەروەها سنوورە جوغرافییەكانیشی بەزاندوە . بە واتایەكی دیكە لەو كەمپەینەدا هەم ژنانی ئایینی و هەم ژنانی لائیك و سێكۆلار و هەروەها چەپەكان و ناسیۆنالیستەكانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەكانی ئێران چالاكن. لە باری جوغرافیشەوە پانتایی چالاكییەكانی كەمپەین ، سەراسەری ئێران و تەنانەت ژنانی ئێرانی نیشتەجێی وڵاتانی دەرەوەشی لە خۆگرتوە.

یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی ئەو كەمپەینە ئەوەیە كە چالاكانی ئەوە حەرەكەتە بەشێوەی ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو ئامانجەكانی كەمپەین بۆ ژنان ڕوون دەكەنەوەو پاشان داوای واژۆیان لێ دەكەن كە دەبێ لە سەر كاغەز بكرێ و پشت بە واژۆی ئینترنێتی كە گومان لە ڕاستی و ناڕاستییەكەی دەكرێ، نەبەستراوە. دەكرێ بگوترێ ئەوە یەكەم جارە بزووتنەوەی ژنان لەو شێوازە كەڵك وەردەگرێ. ژنانی چالاكی كەمپەین ڕۆژانە لەگەڵ ژنان ڕووبەڕوو دەبنەوە و بە ڕوونكردنەوەی ویستەكانیان و تێگەیاندنیان لە مافە پێشێلكراوەكانیان لە یاسای بنەڕەتیی ئێران دا كەشێكی زیندووی دیالۆگ و گفتوگۆیان پێك هێناوە كە گوتارێكی تایبەتی پێك هێناوەو ئێستا بۆتە بەشێك لە ئامانجی كەمپەین و كاریگەریی بەرچاوی لە سەر بە ئاگاهاتنەوەی ژنانی كورد دا هەبووە.

شاراوەنیە كە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانو گۆڕانكاری لە یاساكان جێگەو پێگەی ژنان لە كۆمەڵگای ئێران لەگەڵ مەترسییەكی گەورە بەرەو ڕوو كردو ژنانی ئێرانی لە هەر نەتەوەو مەزهەبێك ناچار بە شۆڕشێك بۆ وەدەستهێنانی چووكترین مافی خۆی كرد.

ژنانی كوردیش وەك باقی ژنانی ئێران لە مەیدانی ئەو خەباتەدا بوون، بەڵام ژنانی كورد بە جیاواز لە ژنانی نەتەوەكانی دیكە مەجبوور بوون لە دووبەرەدا لە لایەكی بۆ ئازادیی نەتەوەكەیان لە ژێر دەستەیی و لە لایەكی دیكە بۆ ڕزگاری خۆیان لە چەوسانەوەو دەستەبەر بوونی مافە ڕەواكانیان خەبات بكەن. چونكە دابەشبوونی نەتەوەكەیان بەسەر چوار وڵاتو بێبەشبوونی لە مافی نەتەوایەتیی وبێبەشی لە سەرەتایی ترین مافی ئینسانی بە تایبەت خوێندن بە زمانی زگماكیو سزا دانی بە تاوانی قسەكردن بە زمانی دایك وەك سزادانی پارلەمانتاری كورد لەیلا زانا — بێ بەشبوونی لە ناسنامەی خۆی لە سوریاو ئەنفالو كیمیا بارانو دەربەدەریو ڕاگواستن لە عێراقو لە سەردەمی دەسەڵاتەیەك لە دوای یەكەكان لە ئێران بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی لەگەڵ زوڵمو زۆریو سەركوتو بەكەم گرتنو جیاوازی دانان لە هەموو ڕوویەكی كۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو ئابووری بەرەو ڕوو بووەو لە هەر چەشنە دەنگ هەڵبڕینو ما فخوازییەك بە گوللەو زیندانو ئەشكەنجە وەڵامی دراوەتەوە، ژنی كورد هەمیشە ئازادیو ڕزگاری خۆی لە گرەوی ئازادیی میللەتەكەی دا بینیوەتەوە بۆیە خەباتی لە دوور بەرەدا هەڵبژاردوە.

بێبەشیو بەش مەینەتی ژنانی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە نیسبەت ژنانی نەتەوەكانی دیكەی ئێران زۆر زیاترە، ڕادەی سەوادو خوێندەواری لە كوردستان لانی كەم ٢٠٪ لە نێوەنجی وڵاتی ئێران كەمترە. داهاتی ساڵانەی هەر كەسێك لە كوردستان لە سەرووی ٣٠٪و ١٠٪ خەڵكی كوردستان پیشەی دەوڵەتیان هەیە. لە كارخانەو سەنعەت لە كوردستان خەبەر نیەو كرێكارانی كورد بە ژنو پیاوو كوڕو كچەوە بۆ كار ڕوو لە شارە سەنعەتییەكانی ئێران دەكەن. مەوادی هۆشبەر بە نرخێكی كەمتر لە نێو خەڵكی كوردستان بلاودەكرێتەوە چونكە كوردێكی موعتاد لەلایەن سەردەمدارانی نیزام مەترسی كەمترە تاكوو كوردێكی شۆڕشگێڕ. بۆیە ژنانی كوردستان خوازیاری لابردنی

ستەمی نەتەوایەتین لەسەر هەر نەتەوەیەکن وبۆبەدەستهێنانی مافی هاورەگەزەکانیان هەوڵ دەدەن. خوازیاری جیهانێکن کە پڕیەتی لە ئاشتیو گەیشتنی هەموو مرۆڤەکان بەمافە رەواکانی خۆیانو هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی هەر چەشنە جیاوازییەکی رەگەزیو میللیو .... هتد

خەباتو تێکۆشانی چالاکوانانی مەدەنی بە تایبەت چالاکانی ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی ئێستای خەباتدا شکڵو شێوەی جیاوازی بە خۆوە گرتوەو رۆژ لە دوای رۆژ هەنگاوی زیاتر دەهاوێنو خەباتی خۆیان لەگەڵ خەباتی ژنانی ئێران وەك هەمیشە توندوتۆڵ دەکەن.

نموونەی ئەوەش لە کوردستان داچالاکانی ژن پێشوازییەکی گەرمیان لە کەمپەینی یەك میلیۆن واژۆیی کردوە و لە بردنە سەری ئاستی رۆشنبیریی ژنانی کورد دا رۆڵێکی کارا دەگێرن . هەر بەو بۆنەیەشەوە کاربەدەستانی رێژیم بەشێوەیەکی کەم وێنە دەستیان داوەتە گرتن و راوەدوونان و ئازارو ئەزییەتی ژنان. بەجۆرێك کە ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانی کورد لە زیندانەکانی رێژیم دا لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدان و تەنانەت بنەماڵەو پارێزەرەکانیشیان لە ژێر گوشاری قورس دان. بەو حاڵەشەوە ژنانی کورد لە سەر داوا رەواکانیان سوورن و لە زیندانیش دا کۆڵ نادەن و بە مانگرتن لە خواردن و شێوازی جۆراو جۆر، سەرنجی سازمان و رێکخراوە نێونەتەوەیییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و بیرورای گشتیی جیهان بەرەو مافخوراوی ژنان رادەکێشن . ئەو حەرەکەتەی ژنانی کورد لە یەك ساڵی رابردوودا بۆتە جێگای باس و خواسی راگەیەنە گشتییەکانی نێوخۆو دەرەوەی ئێران و هەروەها کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، ئەگەر بێتە خاوەن رێکخستنێکی بەهێز و سیستماتیك و، هەروەها هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد بە شێوەیەکی یەك دەنگ و یەك هەڵوێست و بە دوور لە مەبەستە سیاسییەکانیان دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی چالاکانی کەمپەین و بەشێك لە تواناکانیان لە پێناو ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا بخەنە گەڕ، کەمپەین دەتوانێ وەك خاڵێکی زێڕین لە مێژووی خەباتی ژنانی کورد بە گشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دا تۆمار بکرێ.

پێویستە یەکیەتیی ژنان زیاتر لە پێشوو تێ بکۆشێ و خەباتی خۆی لەگەڵ خەباتی رێکخراوەکانی ئێران گرێ بدا.

بە تایبەتی چالاکوانانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. یەکیەتیی ژنان وەك رێکخراوێکی بە ئەزموون بۆ لە ناوبردنی هەرچەشنە نابەرابەرییەك هەوڵبداو بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤو رێکەوتننامەی لابردنی رەگەزی لەسەر ژن کە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا پەسەندکراوە بکاتە سەر مەشقی بیروبۆچوونو هەڵوێستەکانی خۆیو هەموو تێکۆشانی بۆ وەدیهێنانی بەندەکانی ئەو بەیاننامەیە بێ.

یەکیەتیی ژنان دەبێ وردبینانەو یەکگرتووانە لەسەر درێژەدان بە خەباتی خۆی سوورتربێو بۆ چەسپاندنی بەندەکانی ئەو بەیاننامەیە تێبکۆشێو هەوڵ بدا.

یەکیەتیی ژنان دەبێ دژی نیزامی پیاوسالاری بوەستێو هەر چەشنە ستەمێك لە لایەن پیاوەوە بە ژن رەوا نەبینێ لە هەمان کاتدا لە خوڕا هیچ چەشنە دژایەتێکی لەگەڵ پیاو نەکا، بەڵکوو دەبێ سەرنجی پیاوانی داکۆکیکار لە مافو ئازادییەکانی ژنان بۆلای خۆی راکێشێو پشتیوانی پیاوانی رووناکبیرو لایەنگری بەرابەریی ژنو پیاو لە کۆمەڵگادا وەدەست بهێنێ.

یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وەك رێکخراوێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی نابێ مەسەلەی نەتەوایەتیی لە بیر بکاو بۆ ئەوە ژنانی کوردستان بۆ بەهێز کردنی هەرچی زیاتر مەسەلەی نەتەوایەتیمان بدا، بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان هەروەکوو تا ئێستا پێشەنگی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە لە کوردستان دا بوون، چالاکتر بن.

یەکیەتیی ژنان شانازی بە خەباتی ژنان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکاو خەباتی خۆی لەگەڵ خەباتی رێکخراوەکانی ژنان لە کوردستان گرێ دەدا، لە هەمان کات دا یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان دەنگی تێکەڵ بە دەنگی ژنان لەو بەشە لە کوردستان (کوردستانی باشوور) لە نارازی بوونیان سەبارەت بە بڕیاری پارلمانی کوردستان لە مەر رێگەدان بە فرە ژنیو گەرانەوە بۆ یاسای کۆنی عیراق دەکاو هیواداره کە جارێکی دیکە پارلمانو خەمخۆران مافەکانی ژنان هەوڵ بدەن بۆ گۆڕانکاری ئەو دیاردە دزێوەی کە دژی مافو ئازادیەکانی ژنانە، فرە ژنی چ سنور دارو چ بێ سنور بۆ هەمیشە قەدەغە بکرێ. شاراوەنیيە کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤی نێو دەوڵەتیش ئاماژە بەوە دەکەن کە رەچاو کردنی یەکسان بوونی مافی ژنو پیاو لە یاسا مەرجێکی گرینگە بۆ ئەوەی یاسا هاوتای یاساکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بێت، بۆ ئەو مەبەستەش داوای گۆڕانکاری ریشەیی دەکەن لە یاسادا، بە شێوەیەك کە لە گەڵ پەیمانە نیودەوڵەتییەکانو جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دا یەك بگرێتەوە.

یەکیەتیی ژنان هەردەم باوەڕی بە پەیوەندیو هاوفکری رێکخراوەکۆمەڵایەتیو سیاسییەکان بووەو هەردەم هەوڵی داوە بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ لایەنە پێشکەوتنەخوازە ئێرانیو کوردستانیو جیهانییەکان لە داهاتووشدا زەمینەی زیاتر بۆ ئەم هاوکاریو پەیوەندییانە رێك دەخا. یەکیەتیی ژنان هەردەم هەوڵدەدا بۆ پێ گەیاندنو بردنەسەری ئاستی زانیاریی ژنانی کوردستانو زیاتر ئاشنا کردنیان بە مافە رەواو ئینسانییەکانیان.

**یەکیەتیی ژنان هەردەم باوەڕی بە داکۆکیکردن لە مافەکانی منداڵان وەك توێژێکی زۆرلێکراوی کۆمەڵ هەبووە و پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان بە ئەرکی خۆی دەزانێ و داکۆکیو پشتیوانییان لێ دەکا.**

# "بۆ رزگاریی ژنان"خەڵاتی سیمون دوبووار بۆ کەمپەینی یەك ملیون ئیمزا

کوێستان فتووحی




*سیمین بێهبەهانی شاعیری ناوداری ئێرانی*



*سیمون دوبووار فێمینیستی بەناوبانگی فەرانسەوی*

خەڵاتی سیمون دوبووار ئەمساڵ بەخشرایە "کەمپەینی یەك ملیۆن ئیمزا" . ئەو خەڵاتە بە ناوی "بۆ رزگاریی ژنان" بە ئامانجی یارمەتیدان و کۆکردنەوەی پشتیوانی نێونەتەوەیی بە ژنان، پێداگرتنەوەی دووبارە لەسەر مافەکانی ژنان، زەمانەتی پشتیوانی لە کەسانێك کە ئەمڕۆ لە خەباتدا گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و پشتیوانی لە فکری یەکسانی و ئاشتیخوازی ئەوان، بناغەکەی دانراوە.

ساڵی رابردوو لە ٩ی ژانویەی ٢٠٠٨ بە بۆنەی سەدەمین ساڵی لە دایکبوونی سیمین دوبووار ئەو خەڵاتە دانراوە و بۆ ئەوەی هەر ساڵێ بدرێ بە کەسانێك کە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکانی ژناندا خەبات دەکەن. هەر لەگەڵ بریاری دانانی ئەو خەڵاتە، ساڵی رابردوو لە دانشگای سۆربۆنی پاریس لە لایەن هەیئەتی داوەرانی نێونەتەوەیی کە پێکهاتوون لە کەسایەتییە جیهانییەکان کە لەنێویاندا ژن و پیاوی نووسەر، کۆمەڵناس، فیلسوف و سیاسەتمەدار دەبینرێن، درا بە تەسلیمە نەسرین نووسەری خەباتکاری بێنگلادیشی و ئەیان هیرسی عەلی، ئەندامی پێشووی پارلمانی ئەڵمان. ئەو خەڵاتە بە تەسلیمە نەسرین بە هۆی لەمەترسی خستنی گیانی بۆ ئازادیی ژنان پێی بەخشرا. تەسلیمە یەکەمین وەرگری ئەو خەڵاتە بوو.

جولیا کریستیوا نووسەر و دەروونناسی ناسراوی فەرانسەیی کە دامەزرێنەر و بەرپرسی هەیئەتی داوەرانی ئەو خەڵاتەیە دەڵێ: هۆی هەڵبژاردنی "کەمپەینی یەك ملیۆن ئیمزا" لە لایەن هەیئەتی داوەرانەوە، ئازایەتی و ئیبتکاری ئەو کەمپەینە بوو.

تێکۆشەرانی ئەو کەمپەینە لە دژی جیاوازی و نایەکسانییەکانی نێو یاساکانی ئێران لە دژی ژنان خەباتەکەیان بە شێوەیەکی نوێ و ئاگایانە بەرێوە بردوە، بەڵام کەوتوونەتە بەر ئازار و ئەزیەت و زیندان لەلایەن حاکمییەتەوە. ئێمەش دەمانەوێ لە رێگەی خەڵاتی سیمون دوبووارەوە پشتیوانی خۆمان لە خەباتەکەیان کە خەباتێکی رەوایە، رابگەیەنین.

سیمون دوبووار فیمینیستی ناسراوی فەرانسەیی نووسەری کتێبی (رەگەزی دووهەم) کە ناوبانگی جیهانی هەیە و ئەم کتێبە شۆرشێکی لە بزووتنەوەی ژناندا پێك هێنا و بوو بە درێژەدەری خەباتی ژنان کە وا دوو سەدەیە هەر بەردەوامە، بنیاتێکی بۆ دانراوە بە ناوی "بنیاتی سیمون دوبوار" ئەو بنیاتە هەموو ساڵێ خەڵاتێك دەبەخشێتە چالاکان و خەباتکارانی ژن لە وڵاتانی جۆراوجۆردا کە بۆ مافەکانیان خەبات دەکەن و گیانیان دەخەنە مەترسییەوە.

بەخشینی خەڵات بە چالاکانی کەمپەینی یەك ملیۆن ئیمزا و بە خودی کەمپەین لەم یەك دووساڵەی دوایی دا لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانەوە، وەك خەڵاتی ئۆلاف پالمە بە پەروینی ئەردەلان چالاکی مافەکانی ژنان و خەڵاتی رێکخراوی



سیمین بێهبەهانی: من قەدەمم خێر بوو، توانیم بەبێ دەردی سەری بڕۆم و خەڵاتەکەتان بۆ بێنتمە!

ڕاپۆرتنووسانی بێسنوور و ئەم خەڵاتە تازەیەش بۆ کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزا لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتن و سەربەرزییە بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە ئێراندا لە چەند بارێکیشەوە جێگای سەرنج و تێرامانە.

ئەوەی کە ئەو کەمپەینە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و ئارام خەباتەکەیان بەرەو پێش دەبەن بەڵام لەلایەن حاکمییەتەوە بە توندترین شێوە دەخرێنە ژێر فشار و بێحورمەتی و کۆسپ دەخرێتە سەر ڕێگەیان، بەڵام چالاکانی ژنان عاشقانە لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانیاندا خەباتەکەیان درێژە دەدەن. ڕەنگە ئەو هەموو زیندانی کردن و بەردەوام بانگکردن و فشارهێنانە بۆسەریان ماندوو و بێزاریان بکا و نەتوانن وەک پێویست ماڵ بە ماڵ و شار بە شار بگەڕێن و بێعەداڵەتی نێو یاساکان بۆ ژنان شی بکەنەوە. نووشینی ئەحمەدی خراسانی یەکێکە لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی یەک ملیۆن ئیمزا دەڵێ: ئەگەر بە ڕواڵەت پێشی ئێمەیان پێ دەگیرێ، دڵنیام خۆ پێشی ئەو هەموو ژنەیان پێ ناگیرێ کە ئەمڕۆ ڕوودەکەنە دادگاکان، ئەو داگایانەی ناعەداڵەتییەکان لەوێدا خۆدەردەخەن. بێگومان هەر ئەو دادگایانە باشترین قوتابخانەی ئاگاکردنەوەی ژنانن لە مافە زەوتکراوەکانیان.

ئەگەر پێشی ئێمە دەگرن، ئەی لەگەڵ ئەو بیر و فکرەی لە دڵی منداڵەکانماندا ئەچێنین چ دەکەن؟ خۆشەویستی و جۆش و خرۆشی ئێمە بۆ خەباتەکەمان لە بەرانبەر ئەو هەموو کەس و کەرەسە پێشکەوتووانەی سیستمی دەسەڵاتدا ڕەنگە کەم و هیچ دیار بێ، بەڵام گومانم نیە هەر ئەو خۆشەویستییە ژنانە و دایکانەی ئێمەیە سەردەکەوێ بەسەر مودێرنییەتی پیاوانە و تێکنۆلۆژی پێشکەوتووی کۆنترۆڵگەردا.

جولیا کریستیوا دەڵێ: ئێمە ئەمساڵ زۆربەتوندی کەوتینە ژێر کاریگەری ئازایەتی ژنانی ئێران و شێوەی خەباتەکەیان.

ئەم شێوە خەباتە بەلای جیهانیانەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە، دەبینن چۆن لە پێناو ناسین و مانا و ماهییەتی مافی مرۆڤ و مافی ژناندا چالاکانی ژنان خەباتەکەیان بەڕێوە دەبەن. گرنگییەکەی لەوەدایە شێوەیەکیان لە خەبات هەڵبژاردوە بەلای ئەوانەوە ئیبتکارێکی تازەیە. ئەو تێکۆشەرانە بۆ ئاگاکردنەوەی ژنان لە مافە پێشێلکراوەکانیان ماڵ بە ماڵ و شار بەشار دەگەڕین و بۆ ژنانی شی دەکەنەوە کە ئەو یاسایانە چۆنن و ئێمە بۆچی دەبێ خوازیاری ئاڵوگۆڕ بین تێیاندا. سەرەڕای ئەوەش ساختاری سیاسیی حکوومەت بە شێوەیەکە کە ڕێگە نادا بە هەر جۆرە چالاکییەکی ئازادیخوازی و مافخوازی تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشتیخوازییش بێ، ئەو بە توندترین شێوە بەرەنگاری دەبێتەوە. زیاتر لە دوو ساڵە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە ژێر ناوی "کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزا"دا تێکۆشانی هەیە. لەو ماوەیەدا لە لایەن حکوومەتەوە ڕێگری و بەربەستی زۆریان هاتۆتە سەر ڕێ. چالاکانیان زیندانی کراون، خراونەتە ژێر فشار و هەڕەشە و ئاڵقەی بزووتنەوەکەیان جار لەگەڵ جار لێ تەنگتر کردوونەتەوە، بە تایبەت بە دانانی هێندێک گەڵاڵە و بڕیاری ناڕەوا لە دژی ژنان لە لایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە وەک گەڵاڵەی بە ناو پشتیوانی لە بنەماڵە و جیاکردنەوەی ڕەگەزی و "بومی گزینی" خوێندکارانی کچ و... وەک پاشەکشەیەک بووە بۆ ئەو بزووتنەوەیە یان وەک لەدەمدانەوەیان لە لایەن حکوومەتەوە وابووە. بەڵام ژنانی چالاکی ئێران بەردەوامن لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە پێشێل کراوەکانیان و ناساندنی زیاتری خەباتەکەیان بە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان.

بەخشینی خەڵات بە خەباتکارانی ژن لە ئێراندا، بۆ بزووتنەوەکەیان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەوە نیشانەی ناسین و هاوپێوەندی جیهانیانە لەگەڵ خەباتەکەیان. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر دڵگەرم بوونی چالاکان و خەباتکارانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە ئێراندا. دڵگەرمییش دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە خەباتدا.

پێویستە بگوترێ ڕۆژی ٨٧/١١/٢ سیمین بێهبەهانی لەلایەن ئەندامانی کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزاوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە بەرەو پاریس وەڕێ کەوت. پاش سێ ڕۆژ بە لەوحی ڕێزلێنانی بنیاتنی سیمون دوبووارەوە گەڕایەوە نێو ئەندامانی کەمپەین و لە نێو کۆڕی گەرم و دۆستانەی بەشێک لە ئەندامان بە خۆشحاڵییەوە تەحویلی دان. ئەو خەڵاتە جگە لە لەوحی ڕێزلێنان، مەبلەغێکی نەغدیشی لەگەڵدابوو، بەڵام کەمپەین ئەو پوولەی پێشکەشی ئەو بنیادە کردەوە تا لە پێناوی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا خەرج بکرێ. ئەندامانی کەمپەین دەڵێن ڕەنگە زۆر کەس وابیر بکەنەوە کە ئەوە لە ڕووی ترسەوەیە ئەو پوولە وەرناگرین، بەڵام با ئەوانەی کە وا بیر دەکەنەوە بزانن کە ئێمە نەترساوین و ناترسین، تەنیا لە پێناو سەربەخۆیی و پشت بەست بەخۆمانە خەبات دەکەین.

# ژنان بەر دەوام وەك ڕەگەزی دووهەم سەیر کراون

حەلیمە ڕەسووڵی

بە سەر نجدان لە مێژووی رابردوومانو ژیانی کۆنی مرۆڤایەتی دا، ژنان بەردەوام وەك ڕەگەزی دووهەم سەیر کراونو بایەخو گرینگی کەمتریان پێدراوە. ئەو چاوەڕوانیەی کە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لە ژنیان هەیە ئەوەیە کە دەبێ ژنان لە بازنەی کارو راهێنانی منداڵو بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی بنەماڵە دا بمێنیەوە.

بەڵام لەو سەردەمەدا دەبینین کە ژنان ئۆگریەکی زیاتریان سەبارەت بە بەشداری کردنیان لە کاری دەرەوەی ماڵەوەدا هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوان پێیان خۆشە کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەستیان بۆلای کەس رانەکێشن و بە قەولی کورد دەستیان لە گیرفانی خۆیان دابێو بەم چەشنە سەر بەخۆیی خۆیان گەرەنتی بکەن.

هەڵبەت گیروگرفتێکی زۆر لە بازنەی کار کردنی ژنان دا هەیە کەدەبنە هۆکار بۆ ئەوەی کە ژنان لە بەراورد لەگەڵ پیاوان دا کاری نزم تریان پێی بسپێردرێ. یەکێك لەو گرفتانەی کە ژنان لە شوێنی کار کردن دا ڕووبەڕووی دەبنەوە هەڵاواردنە. کە بە دوو جۆر لە سەر یان ئەنجام دەدرێ.

١_ هەڵاواردن بە شێوەی ڕاستەوخۆ

٢_ هەڵاواردن بە شێوەی ناڕاستەوخۆ

هەڵاواردنی ڕاستەوخۆ لە تەواوی پانتاییەکاریەکان دا وەك نا یەکسانی کاریی، چوونە سەری پۆستی کاری، مووچەی زیادەکاری، تەشویقو هاندانو



... هتددا دەبینرێ. هەڵبەت لە یاساکانیش دا بەردەوام ئێمە شایەتی هەڵاواردنی راستەوخۆین بەڵام سەلماندیان ناموم‌کینو نەگونجاوە. هەڵاواردنی ناراستەوخۆش کە لە دژی ژنان دەکرێ لە ڕاستی دا ئەو ڕوانینە نگەیتڤانەیە کە لە ناخی پیاوان دایە سەبارەت بەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵەوەدا سەرقاڵی کار کردنن. شایانی باسە کە پیاوان بە بەردەوامی بوونی ژنان لە گۆڕەپانی کارکردن دا بە هەڕەشەیەك بۆ سەر جێگەو پۆستو باروودۆخی کاری خۆیان دەزانن هەر ئەوەش بۆتە لەمپەرێك لە بەرانبەر کارو ڕادەی مووچەی ژنان. خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج کە بە یەکێك لە بە ئازارترین گرفتەکانی لە بیاڤی کاری دا دەژمێردرێ، ئازاری ڕەگەزییە کە ئەم چەشنە ئازارانە لە ڕووی دەروونیو جەستەییەوە بە توندی کاریگەرییان لە سەر ژن هەیە بۆ هەمیشە هەستی متمانە بەخۆ بوون لەوان دا دەڕووخێنێ ئەو کردەوە نا مرۆڤانەیە زۆربەی کات لە لایەن بەرپرسانو کەسانی دەسەڵاتدارەوە ڕوودەداو زۆر جاریش ئەم چەشنە توندوتیژییە ڕەگەزییە لە چاوی جەماوەر دەشاردرێتەوەو تەنیا لە ناخی ئازارچێشتوودا پەنگ دەخواتەوە.

یەکێکی دیکە لەو توندوتیژیانەی کە دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێ توندوتیژی دەرونییە، ئەو توندوتیژیانە کاتێك ئەنجام دەدرێن کە ژنان دەبنە غەنیمی ئابووریی پیاوانو بە هێزو متمانەی تەواوەوە دێنە گۆڕەپانو وەك پیاوانو بگرە لەوانیش باشتر کاردەکەن لە وەها بارووددۆخێك دا پیاوان حەول دەدەن کە بەبیانووی چاوەدێری کردنیان بەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان دا، ژنان بخەنە بەر ئازارو توندوتیژییەوە.

ئازاری ڕەگەزی تا ئاستێکی سەرنج راکێش بەستراوەتەوە بە هەڵاواردنی ڕەگەزیەوە. هەڵاواردنی ڕەگەز ژنان ناچار دەکا کە بە کەمترین مافەکانیان رازی بنو ئازاری ڕەگەزیش قانعیان دەکا کە هەر بەو جێگەو پلەو پایەکارییەی خۆیان رازی بنو داوا و خواستی زیاتر لەوەیان نەبێ.

بە چاوخشاندنێك بەسەر ئەو باسەدا بەو ئاکامەدەگەین کە کێشەو گرفتەکانی ژنان زۆر بەربڵاونو هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان سەبرو کاتی زۆر دەخوازێ.

ژنان بۆ ئەوەی کەبتوانن بازنەی گرفتەکانیان بچووکتر بکەنەوە پێویستیان بەوە هەیە کەبە چەشنێك لەسەر جۆری بیرکردنەوەی خۆیان سەبارەت بە ژن بوونیان چاکسازی بکەن. ئەوان دەبێ ئەوە بسەلمێنن کە دەتوانن لە کاتی پێویست داو بە دوور لە هەر چەشنە هەستێکی ژنانە بڕیار دەربکەن. ئەوان دەتوانن بە بەشداری کردن لەبەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی بزووتنەوەکانی تایبەت بە کێشەی ژنان، ئامانجو خواستو ئاواتەکانی خۆیان وەدی بێنن، ئەوان بە هەنگاونان لەو ڕێگەیەدا دەتوانن حەول بدەن کە بەسەر گرفتونۆڕمەکۆنو سواوەکانی کۆمەڵگادا زاڵ بن. ئەوان دەبێ شێلگیرانەتر بێننە پێشێو خۆیان لە بن دەستی دەرباز بکەنو حەول بدەن کە بیروڕای دەمارگرژانەو نگەتیڤانەی کۆمەڵگا سەبارەت بە خۆیان بگۆڕن.

# فێمینیزم ٧

و: سەید جەلال ساڵحی

**فێمینیزم(Feminism)** لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەڕانسەوی(Feminisme)یە کە لە ڕیشەی لاتینی "Femina" بە مانای ژن (Woman) وەرگیراوە. شێوەی نووسینی ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزی و لە زمانی فەڕانسەشدا Femininە کە لە وشەی لاتینی Femininus بە مانای ژن وەرگیراوە. لە زمانی فارسیدا "لایەنگری لە مافەکانی ژنان"، "بزووتنەوەی ئازادیی ژنان"، "باوەڕ بە مافی ژن"، "ژنی ئازادیخواز" و...، ئەو مانایانەن کە بۆ وشەی فێمینیزم لێکدراونەوە.

دەتوانین دوو واتای گرینگ و بنەڕەتی لە فێمینیزم هەڵێنجین:

ئەلف: فێمینیزم بیرێکە کە بەرگری لە یەکسانیی مافەکانی ژنان لە گەڵ پیاوان لە کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا دەکا.

ب: فێمینیزم بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە کە بۆ وەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی ژنان پێک هاتوە. ڕەنگە بەم پێیە بتوانین مانایەکی گشتی کە هەر دووک واتایەکە بگەیەنێ، بیخەینەڕوو:

" فێمینیزم بیر یان بزووتنەوەیەکە کە لە هەوڵی سەقامگیری یان وەدەستهێنانی یەکسانیی مافە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان لە گەڵ پیاوان دایە".

"ئەندرۆ وینسێنت" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چوار ڕوانگەی گرینگ لەمەڕ سەرچاوەی بیرۆکەی فێمینیستیدا هەیە:

١ــ مێژووی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی وشیاریی مرۆڤ. "سۆزان گریفین" لە کتێبی " ژنان و سروشت" و "ئاندره میشێل" لە کتێبی " فێمینیزم"دا بە جۆرێک مەیلیان بۆ لای ئەم ڕوانگەوە هەیە. ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان، بەر لە مێژووەوە لێکۆڵینەوە لەسەر فێمینیزم بکەن و بیخەنە ژێر توێژینەوەوە.

٢ــ مێژووی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پازدەیەمی زایینی. ئەم جۆرە ڕوانگەیە کەوتۆتە ژێر کاریگەری کتێبی "شهر بانوان" (١٤٠٥) لە نووسینی "کریستینا دۆپیزان".

٣ــ مێژووی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەیەم. "ئافرابن"( ١٦٨٠-١٦٤٠) کاریگەرییەکی یەگجار باشی لە فۆڕم گرتنی ئەم جۆرە ڕوانگەیەدا بووە.

٤ــ مێژووی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمی دوای شۆڕشی فەڕانسە. ئەم خاڵەیان لە بەناوبانگترین ڕوانگەکانە، ڕوانگەیەک کە "وینسێنت" باوەڕی پێی بووەو وێ دەچێ لە ڕاستترین بۆچوونەکانیش بێ. خاتوو "مری وڵستۆن کرافت" بە نووسینی "ڕەوابوونی مافەکانی ژن"(١٧٩٢)، یەکێک لەو کەسە بەرچاوانەیە کە توانیویەتی لەو سەردەمانەدا باسی فێمینیزم بکاو بیەنێتە بەرباس.

فێمینیزم بە دوای شۆڕشی فەڕانسەدا خاوەنی سێ شەپۆلی گرینگ بووە. شەپۆلگەلێک کە بە بەرابەری و میانەڕەوی دەستی پێ کردو، دوای گەیشتن بە لوتکە، تووشی زێدەڕۆیی هات، ئەمڕۆکە بە ڕوانگەیەکی دادپەروەرانەوە درێژە بە ئامانجەکانی خۆی دەدا.

شەپۆلی یەکەم:

یەکەم شەپۆل لە ساڵی ١٨٣٠ی زایینیدا دەستی پێ-کرد. خاتوو "مری وڵستۆن کرافت" بە نووسینی "ڕەوابوونی مافەکانی ژن"(١٧٩٢) کاریگەرییەکی سەرەکی خستە سەر ئەم شەپۆلە. بە دوای ئەویشدا "جان ئێستوارت میل" بە هاوکاری "هێری تیلۆر"ی یەکەم خێزانی کتێبی "مل کەچ بوونی ژنان"(١٨٦٩)ی نووسی کە کاریگەرییەکی گرینگتری خستە سەر ئەم شەپۆلە. ئەم کتێبە لە کاتێکدا نووسرا کە ژنان لە سەردەمی ویکتۆریا، لەوپەڕی زەبروزەنگدا دەژیان. لە بناغەڕا دەتوانین بڵێین بیرۆکەی مافەکانی لیبڕاڵ کلاسیک، بە زەمینەی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم شەپۆلە دەژمێردرێ، ڕوانگەیەک کە هەڵقولاو لە بیروهزری جان لاک بوو. بەرین کردنەوەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بە تایبەت پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان، ویست وداخوازی و مەبەستی سەرەکی ئەم شەپۆلە بوو. دیارە لە پەنا مەبەستە سەرەکییەکەدا، مەبەستی لاوەکیش بوون، لە وێنەی ئەم مەبەستانە دەتوانین ئاماژە بە دەست ڕاگەیشتنی ژنان بە کاری ڕاهێنان، ڕاهێنان و کار، باشتربوونی پێگەی ژنانی خێزاندار لە یاساکاندا، مافی یەکسان لە گەڵ پیاوان بۆ جیابوونەوەو بە یاسایی کردنی تەڵاق و کاروباری سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی جنسی و ڕەگەزی بکەین. لە دەیەی ١٩٢٠دا ژنان بە مەبەستی سەرەکیی خۆیان واتە مافی دەنگدان گەیشتن. لە گەڵ دەست ڕاگەیشتن بەم مەبەستە، سەردەمی ڕاگیرانی چالاکی فێمینیزم دەستی پێ کردو جیا لە چالاکی بۆ ئاشتیخوازی، هیچ چالاکییەکیتریان نەبوو. دیارە گەیشتن بە مافی دەنگدان، تەنیا هۆکاری ڕاگیرانی چالاکی فێمینیستەکان نەبوو، بەڵکوو بارودۆخی دەسەڵاتدار لەو سەردەمەدا وای دەخواست کە فێمینیستەکان چالاکییەکی جیددییان نەبێ، سەرهەڵدانی بزووتنەوە دەسەڵاتخوازەکان بۆ وێنە فاشیزم و نازیزم و لەوانیش گرینگتر هەڵایسانی دوو شەڕی ماڵوێرانکەری یەکەم و دووهەمی جیهانی، لە گرینگترینی ئەو هۆکارانە بوون کە لەو سەردەمەدا فێمینیستەکانیان کۆنتڕۆڵ کردو بەریان بە چالاکییە جیددییەکانیان گرتن.

شەپۆلی دووهەم:

دووهەم شەپۆلی فێمینیزم لە دەیەی ١٩٦٠دا دەستی پێ کرد. "سیمون دوبووار" بە نووسینی کتێبی "ڕەگەزی دووهەم"(١٩٤٩) و "بتی فریدن" بە نووسینی کتێبی "ژنی هەڵخەڵەتاو"(١٩٦٣)، کاریگەری-یەکی گرینگ و سەرەکی لە هاندان و وروژاندنی ئەم شەپۆلەدا بوو. لە بیرمەندە گرینگەکانی دیکەی ئەم شەپۆلە دەکرێ ئاماژە بە کیت میلت "سیاسەتی ڕەگەزی"(١٩٧٠) و جرماین گرییەر "ئافرەتی مەزن"(١٩٧٠) بکەین. شەپۆلی دووهەم تا ڕادەیەک توانی بارودۆخی ژنان لە پێوەندی لە گەڵ هێندێک کاروباردا بەرەو باشی بەرێ. بەرفراوان کردنەوەی ڕاهێنان و بارهێنان، لێهاتوویی ژنان بۆ بەدەستەوەگرتنی کاروباری جۆراوجۆر، بە یاسایی کردنی لەباربردن، پێدانی هەقدەستی وەک یەک بە ژنان، بەهرەمەندی لە یەکسانی مافە مەدەنییەکان و بەرینترکردنەوەی ئیمکاناتی کۆنتڕۆڵی زاوزێ لەوێنەی ئەو ئاکامە گرینگانەی هەوڵەکان لە شەپۆلی یەکەمدا بووە. بەرەو باشترچوون و سەرکەوتن لەم کاروبارانەدا بووە هۆی ئەوە کە تاقمێک لە فێمینیستەکان لە بیری هەڵگرتنەوەی هەنگاوەکانی دواتردا بن. مەبەستی گرینگ و سەرەکیی فێمینیستەکان لە شەپۆلی دووهەمدا "ڕزگاریی ژن" بوو. ئەمانە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، دەست ڕاگەیشتن بە مافە

سیاسی و قانوونییەکانی یەکسان لە گەڵ پیاواندا ئێستاش پرسی ژنانی چارەسەر نەکردوە، کەوابوو تەنیا ڕزگاربوونی ژنان لە نایەکسانی-یەکاندا بەس نیە، بەڵکوو دەبێ ژنان لە چەوساندنەوە بە دەست پیاوانەوە ڕزگار بکرێن. دیارە ڕزگاربوونی ژنانیش تەنیا لە ڕێگای چاکسازی وردە وردەوە ئیمکانی نیە، بەڵکوو پێویستی بە پرۆسەیەکی بنچینەیی و شۆڕشگێڕانە هەیە. چونکە لە بناغەڕا لە ڕوانگەی فێمینیستەکانەوە ئەو تیۆرییە باس کراوانە بە قووڵی ڕەگەزخوازانەیە و چاکسازییان تێدا ناکرێ.

ڕەخنە لە خوێندنەوەی پیاوانە بۆ زانست، ڕەخنە لە پێکهاتە ئایدۆلۆژییە ڕیشەدارەکانی وەکوو "پیاوسالاری" و "پەیمانی کۆمەڵایەتی"، ڕەت کردنەوەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە تەواوەتی خۆیدا، جەخت کردنەوە لەسەر شێوازی ژیانی ڕەبەنایەتی و سەربەخۆیی ئابووری لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی ئەو شەپۆلەی فێمێنیزمن. فێمینیستەکان لەو سەردەمەدا تەنانەت ئەوەندە توندئاژۆ بوون کە جەختیان لەسەر لەبەرکردنی جل و بەرگی پیاوانە بۆ ژنان و پێڕەوکردنی شێوازی ئارایش کردنی پیاوانە دەکردەوە. کورت کردنەوەی پرچ، پێڵاوی بێ پاژنە، لەبەرکردنی کەواوپانتۆڵی پیاوانە و هەڵنەگرتنی دەم و چاو و...، سیمای ژنێکی فێمینیست لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٧٠ی زایینی پێك دەهێنا.

**شەپۆلی سێهەم:**

سێهەم شەپۆلی فێمینیزم لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ی زایینییەوە دەست پێ دەکا. فێمینیزم کە لە دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە ئەوپەڕی خۆیدا بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بەرەورووی زۆر گیروگرفت و کەندو کۆسپ بووەو لە ئاکامدا گلۆڵەی کەوتە لێژی. کەلێن و دەستەبەندی گەلێکی ئاشکرا لەنێو بزووتنەوەی ژناندا پێك هات. دەوڵەتەکانی تاچێر و ڕەیگان لە دەیەی ١٩٨٠دا، ڕاشکاوانە کەوتنە شەڕو مشت و مڕ لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیەداو خوازیاری گەڕاندنەوەی "بایەخە کۆمەڵایەتییە" لە دەست چووەکان بوون. فێمینیستەکان کە بە زۆرێك لە مەبەستە سەرەکییەکانیان گەیشتبوون، بەڕادەیەك بەرەو زێدەڕۆیی چووبوون کە تەنانەت خەریك بوو بزووتنەوەی پیاوان سەرهەڵ بدا. ئەم مەسەلانە بوونە هۆی ئەوە کە فێمینیستەکان لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠دا دەورەیەکی میانەڕەوی ئەزموون بکەن. باڵی شەڕکەرو شۆڕشگێڕانەکەیان وەلاناو کەوتنە تاریف و گرینگیی پێدان بە منداڵ و ڕۆڵی دایکایەتی.

بیرۆکەی تاقمێك لە پۆست مودێرنیتەکانی وەکوو میشێل فۆکۆ و ژاك دریدا لە دنەدان و ورووژاندنی ئەم شەپۆلەدا کاریگەرییەکی بەرچاویان بووە. سەرەڕای ئەمەش خاتوو "جین بتکە الشتین" بە نووسینی کتێبی "پیاوی گشتی، ژنی تایبەتی"(١٩٨١) هەوڵیدا بۆچوونە توندڕەو و ڕادیکاڵەکان لە شەپۆلی دووهەمدا ڕاست بکاتەوە. بە پێچەوانەی شەپۆلی دووهەم، فێمینیستەکان لەم شەپۆلەدا جەخت لەسەر ڕواڵەت و سیما و هەڵسوکەوتی ژنانە دەکەنەوە. ئەوان باوەڕیان بە زیندووکردنەوەی دایکایەتی هەیەو بەرگری لە بنەماڵەیەکی خاوەن منداڵ و هەروەها ژیانی تایبەتی دەکەنەوە.

*فێمینیزم لق و پۆپگەلێکی جۆراوجۆری پەیدا کردوە کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەو بابەتانەی خوارەوە بکەین:*

**ئەلف: لیبراڵ فێمینیزم**

لیبراڵ فێمینیستەکان لە نێو پێکهاتەی سەرەکی و لە



ڕاستای دیاریکراوی کۆمەڵگادا کار دەکەن و هەوڵیش دەدەن ژنان لە گەڵ ئەو پێکهاتەیەدا هاوئاهەنگ بکەن. لیبراڵ فێمینیستەکان بۆ چاکسازی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەوڵ دەدەن نەك بۆ نۆژەن کردنەوەو دارشتنەوەی. بە سەرنجدان بە ڕوانگە و بۆچوونەکانی "جان لاك" و تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی دەوڵەت کە لە لایەن شۆڕشی ئامریکاوە دامەزرا، دەتوانین "ئێبیگێل ئادامز" و "مێری وڵستۆن کرافت" بە یەکەم لیبراڵ فێمینیستە ئامریکاییەکان بژمێرین. زۆربەی فێمینیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم و شەپۆلی دووهەم کە جەختیان لە هەڵسوکەوتی ژنان لە چوارچێوەی یاسا و دەست ڕاگەیشتن بە خوێندن دەکردەوە، دەکرێ بە لیبراڵ فێمینیستیان لە قەڵەم بدەین. دیارە هەر لەخۆڕا بە لیبراڵ و ڕادیکاڵ فێمینیستەکان بەڕیز بە فێمینیستی خراپ و باش لە قەڵەمیان داون و بایەخیان بۆداناون. لیبراڵ فێمینیستەکان لە بەراورد لە گەڵ ڕادیکاڵ فێمینیستەکان زیاتر کەوتوونەتە ژێر نەزم و دیسیپلینی کۆمەڵایەتی، بەڵام لیبراڵ فێمینیستەکان ناتوانن بە بێ ڕادیکاڵەکان پرۆسەیەك بۆ "دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان" پێك بێنن.

**ب: ڕێبازی ئامازۆن فێمینیزم**

ئامازۆن فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ زەینیەتی قارەمانەتیی ژن لە ئۆستوورەناسی یۆنان. هەر بەو شێوەیە کە لە ئەدەبیات و هونەردا هاتوە. نەرم و کردەوە ڕەگەزییەکان بواری جەستە و چالاکیی وەرزشوانانی ژن زەق دەکاتەوە. ئامازۆن فێمینیزم لەسەر یەکسانی فیزیکی و جەستەیی چڕ بۆتەوەو لە گەڵ هەر جۆرە ڕۆڵگەلێکی ڕەگەزی و جیاوازی دانان و هەڵاواردن بە دژی ژنان کە لەسەر لاوازی و بێ دەسەڵاتی ژنانەوە بێ، دژایەتی دەکا. ئامازۆن فێمینیستەکان ئەم بیرۆکەیە کە هێندێك لە تایبەتمەندی یان هۆگرییەکان بۆ پیاوان و ژنان زاتییە، دەیخاتە ژێر پرسیارەوەو لە ڕوانگەی ژنانەوە بە تەواوی پشتیوانی لێ دەکا. بۆوێنە فێمینیستێکی ئامازۆن ئەم بۆچوونە کە تاقمێك لە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی ناتوانن ئاگر بکوژێننەوە، شەڕکەر یان کرێکاری بینایەك بن یان ئەوەتا تاقمێك لە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی توانای ئەنجامدانی هێندێك کاریان هەیە، هێناویەتییە ژێر پرسیار. دەبێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز(نێر و مێ) پیشەکان بەرەورووی هەموو لایەك کراوە بن. دەبێ ئەو ژن و پیاوانەی کە لە ڕوانگەی جەستەییەوە بەتوانان هەر کارێکی کە حەزیان لێیە ئەنجامی بدەن. ئامازۆن

←

فێمینیستەکان لە گەڵ ئەو بۆچوونەن کە ژنانیش لە بواری جەستەییەوە هەموو توانایەکی پیاوانیان هەیە.

**پ: مەیلی مارکسیستی: -**

باشترین تەوەر خوێندنەوەی فێمینیزمە مارکسیستەکان لە پێوەندی لە گەڵ "یەکسانی" و "وەلانانی سەرمایەداری" دایە. لە ڕوانگەی ئەم گرووپە لە فێمینیستەکان، سەرمایەداری کێشەی سەرەکیی نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوانە. سەرمایەداری لە بنەڕەتڕا دوو زوڵمی لە ژنان کردوە: یەکەم ئەوە کە ژنانی لە هەقدەست بێبەش کردوەو دووهەمیش ئەوە کە ڕۆڵی ئەوانی لە چوارچێوەیماڵدا دیاری کردوە. بە واتایەکی دیکە کار کردنی بە خۆڕایی ژنان واتە چاوەدێری هێزی کارو پەروەردەکردنی کرێکاری بەرەی دوایی، قازانج بە سەرمایەداری دەگەیەنن و بۆ مانەوەشیان زۆر پێویستە.

هەرچەند مارکس وەکوو تیۆریسیەن و باوکی مارکسیزم لە پێوەندی لەگەڵ ژنان هەروەك یەهوود، باسێکی پێشکەش نەکردوە، بەڵام هاوکارە لەمێژینەکەی، ئەنگێڵس، بە نووسینی کتێبی "سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارییەتی تایبەتی و دەوڵەت"(١٨٨٤) بابەتگەلێکی گرینگی لە بواری ژنان و فێمینیزمدا هێناوەتە بەرباس. ئەنگێڵس لەگەڵ هێرش کردنی بۆ سەر بنیاتی بنەماڵە و ژیانی هاوبەش لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە "تەشکیلاتی بنەماڵەیی" لەسەر پێویستی‌یەکانی سیستمی سەرمایەدارییەوە پێك هاتوە، پیاوان کە بیانویستایە سامانی خۆیان بدەنە میراتگرەکانیان، بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ژنانیان کۆنترۆڵ دەکرد تاکوو بزانن کێ میراتگری ڕاستەقینەیانن. هەروەها لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ژنان ئەو کاتە ڕزگار دەبن کە بتوانن بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کاروباری بەرهەمهێناندا بەشداری بکەن و لە ئەرکی ماڵەوەیان کەم بکەنەوە. بە واتایەکی دیکە سەربەخۆیی ئابووریی ژنان بە یەکێکی‌تر لە هۆکارە گرینگەکانی ڕزگاریی ژنان دەژمێردرێ.

میشێل بارت بە نووسینی کتێبی "زوڵمی ئەمڕۆ لەسەر ژنان"(١٩٨٠) یەکێك لە کامڵترین باسەکانی فێمینیزمی مارکسیستی پێشکەشی کردوە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چەوساندنەوەی ژنان تەنیا لە جیاوازی‌یەکانی ژیانی نێوان ژنان و پیاوان یان پێویستی‌یەکانی سەرمایەداری‌یەوە سەرچاوەی نەگرتوە، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژییە زاڵ و دەسەڵاتدارەکانیشەوەیە. بە بڕوای ناوبراو ئەم بیروباوەڕانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ژنان سەرتر لە پیاوانن و ئەرکی ژنانی هاوسەردار، دایکایەتی یان ... هتد.

بە بڕوای بارت، ڕەمزی زوڵملێکراوی ژنان، سیستمی "بنەماڵە یان خاوخێزان"ە. بە شێوەیەکی سروشتی بە پێی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار بە سەر نیزامی بنەماڵەدا، تەشکیلاتی بنەماڵەیی پێکهێناوە. ئەم جۆرە نیزامە کارێکی جیهانداگرەو لەویشدا بە پێی سروشت کار دابەش کراوە. دابەشکردنی کارێك کە پیاوی بە دابینکەری ئیمکاناتی ئابووری و ژنی بە خەمخۆرو دابینکەری کاری مفت و بەخۆڕایی ماڵەوە دەزانێ.

خاتوو "ئەلێکساندرا کۆڵنتای"، وەکوو یەکەم سەفیری ئافرەت لە جیهاندا، یەکێکی دیکە لە مارکسیستە فێمینیستەکانە. ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کێشەی سەرەکیی نایەکسانی، مانەوەو بەردەوام بوونی خاوەندارییەتی تایبەتی‌یە. ناوبراو بەخیلی و هەستی خاوەندارییەتیی ڕەگەزی بە دوایین نیشانەکانی زەینییەتی خاوەندارییەتیی تایبەتی زانیوە کە دەبێ لە لایەن حکوومەتەوە قەدەغە بکرێ. بەم پێیە ناوبراو باوەڕی بە هەڵوەشاندنەوەی پێوەندی تاك هاوسەری هەیە و بۆ سڵامەتی مرۆڤیش بە باشی دەزانێ. هەروەها باوەڕی وایە کە نابێ پێوەندی سێکسی بە جیددی بگرن، چونکە پێوەندی سێکسی هەروەك تینوێتی وایە کە تەنیا دەبێ بەتاڵ بکرێ.

کەوابوو لە مەیلی مارکسیستی‌دا، سەرهەڵدانی خاوەندارییەتیی تایبەتی، پێوەندییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یە هەڵەکان، بنیاتی بنەماڵە، نیزامی باوکسالاری و ڕێگەگرتن بە ژنان لە بەرهەمهێنانی گشتی-دا لە وێنەی ئەو هۆکارە گرینگانەی نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوانن لە کۆمەڵگادا. بەم پێیە فێمینیستەکانی داکۆکیکەری ئەم جۆرە مەیلە، خوازیاری لێك جیابوونەوە بە شێوەیەکی ئاسان، بەهێند وەرنەگرتنی پێوەندییە سێکسی‌یەکان و لەهەمووش گرینگتر وەلانانی خاوەندارییەتیی تایبەتین.

لە ڕوانگەی سیاسی‌یەوە ئەم گرووپە لە فێمینیستەکان ڕێگە چارە لە شۆڕشی کۆمۆنیستی (پڕۆلیتاریا)دا دەزانن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن هەروەك ڕزگاربوونی کرێکاران و چینی پڕۆلیتاریا لە چنگ سەرمایەداری بە شۆڕشی کۆمۆنیستی وەدی دێ، لەنێوچوونی نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوانیش بە شۆڕشی کۆمۆنیستی مەیسەر دەبێ، چونکە لە بنەڕەتدا تەنیا بە وەلانانی سەرمایەداری‌یە کە تەواوی گیروگرفتەکان بۆ وێنە، کێشەی ژنانیش چارەسەر دەبێ.

**ت: مەیلی سوسیالیستی:**

تەوەری خوێندنەوەو توێژینەوەی فێمینیستەکان لەم ڕوانگەدا وەلانانی سیستمی "سەرمایەداری" و "پیاوسالاری"یە. فێمینیستە سوسیالەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە بۆ تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی ژنان و ڕزگاربوونیان لێی، دەبێ هاوکات توێژینەوە لەسەر هەر دوو نیزامی سەرمایەداری و پیاوسالاری بکەن و هەڵی سەنگێنن، کە لەم ڕوانگەوە ئەمە بۆچوونێکی دووفاقەیە.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا پیاوسالاری فۆڕمێکی تایبەتی هەیە. هەرچەند پیاوسالاری پڕۆسەیەکی بان مێژوویی‌یە و لە هەموو کۆمەڵگاکان‌دا پیاوان بە سەر ژنانەوە دەسەڵاتدار بوون، بەڵام کاتێك کۆمەڵگاکان بەرەو سەرمایەداری چوون، پیاوسالاری لەوەها کۆمەڵگاگەلێك‌دا بۆتە فۆڕمێکی تایبەتی. "سیلۆیا والبی"(١٩٨٨) یەکێك لە بیرمەندە پایە بەرزەکانی ئەم ڕوانگەیە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە:

جیاوازی نێوان ناوەندە گشتی و تایبەتی‌یەکان هەم بە قازانجی سەرمایەدارەکانە و هەمیش بە قازانجی پیاوان. سەرمایەداری بووە هۆی ئەوە کە پیاوان پێشکەوتن وەدەست بێنن، تاقمێك لەوان دەستیان بە گۆڕەپانە سیاسی‌یەکان و یەك لەوان پاڕلمان ڕاگەیشت لە حاڵێکدا هیچ ئافرەتێك دەستی وەئەم گۆڕەپانە ڕانەگەیشت. پیاوان لە ناوەندە گشتی‌یەکان‌دا توانیان دەستیان بە زۆر لە بنەماکانی دەسەڵاتی نوێ ڕابگا کە ژنان ڕێگایان پێ نەدەدرا. ئەم مەسەلانە بوونە هۆی ئەوە کە ئەوان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەسەر ئایدۆلۆژیاکانی ماڵەوەدا زاڵ بن. کەوابوو ژێردەستە بوونی ژنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا تەنیا بەرهەمی لۆژیکی سەرمایەداری یان پیاوسالاری نیە، بەڵکوو ئاکامی گۆڕانکاری‌یەك لە سەرچاوەی دەسەڵاتی پیاوان بەدوای پەرەپێدانی سەرمایەداری‌یەوەیە. کاتێك کە ئابووریی ماڵەوە بەرتەسك بۆوەو بەرهەمی سەرمایەداری جێی گرتەوە، پیاوان کەوتنە وەدەستهێنانی بنەمای دەسەڵاتێکی نوێوە. کەوابوو لە کاتی سەرهەڵدانی سەرمایەداری-یەوە شێوەی پیاوسالاریش گۆڕانکاری بەسەردا هات، پیاوسالاریی تایبەتی بوو بە پیاوسالاریی گشتی. لە پیاوسالاریی تایبەتی-دا تەنیا ژنانیان لە ماڵەوە دەهێشتەوە، بەڵام لە پیاوسالاریی گشتی‌دا پیاوان لە تەواوی ناوەندەکان بە سەر ژنان‌دا زاڵن.

لەم مەیلەدا ڕزگاریی ژنان بە "شۆڕشی کۆمەڵایەتی" وەدی دێ. چونکە لە

بنەڕەتڕا ڕەگەز، چین، ڕەچەڵەك، تەمەن و نەتەوە هەموویان بەشخوراوی ژنانی وەدی هێناوەو نەبوونی ئازادیی ژنان، بەرهەمی بارودۆخێکە کە لەودا ژنان لە ناوەندە تایبەتی و گشتی‌یەکان‌دا دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی پیاوانەوە، کەوابوو ئەم ڕزگاربوونەی ژنان تەنیا کاتێك وەدی دێ کە دابەشکردنی کار لە هەموو ناوەندەکان‌دا لەنێو بچێ. بە واتایەکی دیکە دەبێ ئەو پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانەی کە خەڵکی بە شێوەی کرێکارو سەرمایەدارو هەروەها ژنان و پیاوانی دەرهێناوە لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەڵوەشێتەوە. پێوەندییەك کە ڕیشەکەی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆی دایە، بۆیە هیچ شتێك کەمتر لە گۆڕانکاری‌یەکی قووڵ یان "شۆڕشی کۆمەڵایەتی" ناتوانێ دوورەدیمەنێکی ڕزگاریی ڕاستەقینە بخاتە بەردەم ژنان.

بەم پێیە سوسیالیستەکانی ئەم دوایی‌یە خوازیاری برەوپێدانی کۆنترۆڵی زاوزێ بەخۆڕایی، لەباربردن، چاوەدێری‌یە دەرمانی و تەندروستی‌یەکان بۆ ژنان، ناوەندەکانی چاوەدێری لە منداڵان، فەرمی بوونی کار لە ماڵەوە لە لایەن دەوڵەت و بەشداربوونی پیاوان لە بەخێوکردنی منداڵان بوون.

**ج: فێمینیزمی فەرهەنگی:**

تیۆری‌یەك کە باوەڕی بە جیاوازی نێوان ژنان و پیاوانە و ئەو جیاوازی‌یانەی ژنان جێگای بەرزنرخاندن و ڕێزلێنانە. ئەم تیۆری‌یە پشتیوانی لە واتایەك کە بە پێی ئەو ژنان و پیاوان لە بواری جەستەییەوە جیاوازی‌یان هەیە، دەکا. بۆ وێنە ژنان دلۆڤان، هێدی و لەسەرەخۆ و گونجاوتر لە پیاوانن وا بە ئێمە دەڵێ کە ئەگەر ژنان ئیدارەی جیهان بەدەستەوە بگرن، هیچ شەڕ و شۆڕێك ناکرێ و نابێ. فێمینیزمی فەرهەنگی تیۆری‌یەکە کە دەیهەوێ بە ڕێزگرتن لە تواناییە تایبەتی‌یەکانی ژنان، ڕێگەچارەو ئەزموونەکانی ژنان لە گەڵ ڕەگەزخوازی‌دا خەبات بکا و هەروەها باوەڕی وایە کە ڕێگەچارەی ژنان باشترە.

**د: ئێکۆ فێمینیزم:**

ئێکۆ فێمینیزم تیۆری‌یەکە کە پشتی بەم ڕێسا بنەڕەتی‌یە بەستوە کە فەلسەفەی باوکسالاری بۆ ژنان، منداڵان و زیندەوەرانی‌تریش زەرەرە. شێوەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا لە گەڵ ژینگە، ئاژەڵان و سەرچاوە ژینگەیی‌یەکان و شێوەی هەڵسوکەوتییان لە گەڵ ژنان‌دا وەکوو یەکە. ئێکۆ فێمینیستەکان باوەڕیان وایە کە لایەنگرانی کۆمەڵگای باوکسالاری بۆ مانەوەی فەرهەنگی باوکسالاری درێژە بە تاڵان و لەنێوچوونی زەوی دەدەن. ئێکۆ فێمینیستەکان وا هەست دەکەن کە فەلسەفەی باوکسالاری جەخت لەسەر پێداویستی‌یەکانی خۆیان بە کۆنترۆڵ کردنی ژنانی سەربزێوو نیشتمانە یاخی‌یەکان دەکەنەوە. ئێکۆ فێمینیستەکان دەڵێن:

ــ کۆمەڵگای باوکسالاری شتێکی تا ڕادەیەك نوێ‌یە و، لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە برەوی پەیدا کردوەو کۆمەڵگای دایکسالاری یەکەم کۆمەڵگا بووە.

لە کۆمەڵگای دایکسالاری‌دا ژنان ناوەندی کۆمەڵگا بوون و خەڵك بە خواکانیان هەڵ دەگوت و ستایشیان دەکردن. ئەمە شتێکە کە بە بەهەشتی فێمینیستەکان دەناسرێ.

**خ: فێمینازی:**

واژەیەکە کە لە لایەن پێشکەشکارێکی تەلەڤزیۆن بە ناوی " ڕاش لیمباخ"ەوە داهێنرا. ئەم واژەیە لە لایەن دژە فێمینیستەکانەوە بە فێمینیستێك دەگوترێ کە هەوڵ دەدا بە هەر شێوەیەك کە دەکرێ لەباربردن ئاسان بکاتەوە. هەر بۆیە لە وشەی نازی کەڵك وەرگیراوە. "لیمباخ" فێمینیستەکان بە گرووپێك دادەنێ کە هەوڵ دەدەن جیهان لە گرووپێکی تایبەتی لە مرۆڤەکان یانی کۆرپەلەکان پاك کاتەوە.

**ح: فێمینیزمی تاکخواز:**

فەلسەفەکانی تاکخوازی و ئازادیی بنەچەیی تاك، بناخەی فێمینیزمی تاکخوازە. چڕبوونەوەی بنەڕەتی لەسەر سەربەخۆیی تاك، مافەکان، ئازادی، نەبەستراوەیی و فرەخوازی‌یە. فێمینیزمی تاکخواز ئاگای لە برەوپێدانی پاوانخوازی پیاوان و لەمپەرێك کە پیاوان و ژنان بە هۆی ڕەگەزییانەوە لە گەڵی-دا بەرەوڕوون، هەیە.

**ع: فێمینیزمی ماددیخواز:**

بزووتنەوەیەك کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم‌دا بۆ ڕزگاریی ژنان لە گەڵ باشتر بوونی بارودۆخی ماددی‌یەکەیان، پێك هات. ئەم بزووتنەوەیە هەوڵ بۆ لەنێوبردنی باری بەرپرسایەتی‌یەکانی وەك ماڵداری، ئاشپەزی و ئەو ڕۆڵە نەریتی‌یە خانەکی‌یانەی دیکەی ژنان دەکا. دەتوانین کتێبی " شۆڕشی گەورەی خانەکی" لە دانانی "شارڵووت پێرکینز گیلمان" وەك سەرچاوە ناوبەرین.

**غ: پاپ فێمینیزم:**

بە شێوەیەکی باو واتای پاپ فێمینیزم لە لایەن خەڵکەوە لە گەڵ واتای فێمینیزم بە گشتی یانی ئایدۆلۆژییەکی کلێشەیی و لە گەڵ ڕق و ناخۆش ویستنی پیاو جیاوازەو بە هەڵە وەردەگیرێ. هیچ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی بوونی وەها فێمینیستگەلێك نیە. تا ئێستا هیچ فێمینیستێك کە بە تەواوی لە پیاوان بێزار بێ، نەبیندراوەو هەر ئێستاکە زۆر پیاو هەن کە فێمینیستن. ئەگەر وەها گرووپێك لە فێمینیستەکان هەبن، دەکرێ ناویان بنێین پاپ فێمینیست. ڕەنگە ئەمانە جۆرە کەسانێك بن کە لە هەموو بوارەکان‌دا بە چاوێکی سووك بڕوانن پیاوان و ڕێز بۆ ژنەکان دانێن و گەورەیان بکەنەوە.

**و: ڕادیکاڵ فێمینیزم:**

ڕادیکاڵ فێمینیزم سەرچاوەی پەروەردەکردنی زۆرێك لەو ڕوانگانەیە کە فێمینیزم خستوویەتی‌یە ڕوو. ڕادیکاڵ فێمینیزم لوتکەی سەرکەوتووی تیۆری‌یەکانی فێمینیزم لە ساڵەکانی ١٩٧٥ و ١٩٧٦ بووە. ماوەیەکی زۆر نیە پشتیوانی‌یەکی جیهانی لەم واتا و تاریفەی واژەی فێمینیزمە دەکرێ. ئەم گرووپە زوڵم لێ کردن لە ژنان هەروەك زۆرێك لە ناهەقی‌یە بناخەییەکانی دیکە دەبینن، شتێك کە لە سەرووی ڕەگەز، کلتوورو چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا ڕوودەدا. ئەم بزووتنەوەیە تامەزرۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە شێوەی شۆڕشن. مەسەلەی سەرەکیی ڕادیکاڵ فێمینیزم ئەوەیە کە بۆچی ژنان و پیاوان دەبێ ئەو ڕۆڵەی کە لە گەڵ سروشتی ڕەگەزییان دێتەوە قەبووڵ بکەن؟ ڕادیکاڵ فێمینیزمەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە لە نێوان هەڵسوکەوتی زیندەوەرناسانە و هەڵسوکەوتی فەرهەنگی مەودایەك پێك بێنن تاکوو ژنان و پیاوان بتوانن لە داوی ئەو ڕۆڵە بەرتەسك کراوە کۆنانەیان ڕزگار بن.

**ی: سەربەخۆیی خوازەکان:**

بە هەڵە بەم گرووپە زیاتر بە ژنانی هاوجنسخواز دەڵێن. ئەمانە ئەو فێمینیستانەن کە دەیانهەوێ جیا لە پیاوان و سەربەخۆ بن، سەربەخۆیی‌یەکی تەواو یان کەمێك. ئەوان زیاتر ئەو ڕووداو و مەسەلانەی کە تایبەت بە ژنانن ڕێك دەخەن و ئۆرگانیزەی دەکەن، هەربۆیە بەرچەسپی جیایی خوازیی‌یان لێ داون. ڕوانگەی سەرەکی‌یان ئەوەیە کە ئەو سەربەخۆیی‌یە وا لە ژنان دەکا کە تواناکانی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا دەربخەن. زۆربەی فێمینیستەکان چ سەربەخۆیی خوازەکان و چ جیا لەوانیش وا بیر دەکەنەوە کە ئەمە یەکەم هەنگاوی پێویستە بۆ گەشەی کەسێتی. هەرچەند ئەوان باوەڕیان بە جیایی درێژ ماوە نیە. ئەوە هەڵەیە کە تەواوی هاوجنسخوازانی ژن بە جیایی خواز بزانین. دیارە ئەوە ڕاستە کە ئەوان هۆگری‌یان بە پیاوان بۆ کاری سێکسی نیە، بەڵام ئەم بیرۆکەیەش کە ئەوان بە شێوەیەکی ئۆتووماتیك لە پیاوان دوور دەکەونەوە هەڵەیە.

# بێدەنگی ژن بەرامبەر توندوتیژی تەنیا خۆی زەرەرمەند دەکا

نووسینو ئامادەکردنی: رۆژە عەزیزی

رۆژانە رێژەیەکی زۆری ژن رووبەرووی توندوتیژی دەبێتەوە جاچ لە نێو خێزاندا بێ یان لە دەرەوەی خێزان دا بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا ژنان (ژمارەیەکی زۆریان )بێدەنگن بەرامبەر ئەو رەفتارەی کە بەردەوام دووبارە دەکرێتەوە، لێرەدا پرسیارێك رووبە رومان دەبێتەوە، بۆچی ژنان بێدەنگن؟ بەرامبەر ئەو رەفتارەی کە دژیان ئەنجام دەدرێ لە کۆمەڵگای خۆیان دا بۆچی دەنگ هەڵنابرن؟ بەو پێیەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی داخراوە، ئەو کارانەی کە لە چوار چێوەی خێزاندا روو دەدەن کاری تایبەتین، نابێ ئەو کۆتو بەندە بشکێنرێ کە بەستویەتەوە ،و نابێ کەسانی تر (لە دەرەوەی خێزان) بەوکارانە بزانن لە چوار چێوەی ئەو دەزگا کۆمەڵایەتیە روودەدەن تەنانەت هاوڕێو دۆستو هاوسێش کە ئەمە دەبێ بە یەکێك لە هۆکارەکانی بێدەنگ بوونی ژن لە بەرامبەر هەموو ئەو جۆرە توندوتیژییانەی کە دژیان ئەنجام دەدرێ بزانین لە هەمان کاتدا خۆیان لێی بێدەنگنو زۆر کەم هەیە کە بزاندرێ لە نێو ئەو خێزانەدا توندوتیژی ئەنجام دەدرێ.هەر ئەمەش وای کردوە کە رادەی توندوتیژی نەزانرێ، یا خود ئاماری وردی بۆ بکرێ، ئێمە ناتوانین بزانین رۆژانە چەند ژن رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە چونکە دەزگای پێوەندیدار ئاگادار ناکرێنەوە لەم کرداره ئازاردەرانە ئەوە لە لایەك لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێك هۆکاری شاراوەی تر هەن رۆڵ دەگێرن لە بێدەنگ بوونی ژنو دەرنەخستنی راستیەکاندا لە وانەش قبوڵکردنی ژیان لە گەڵ کەسێك دا کە ئازارت بدا، لەو هۆکارانە:

١- داهاتووی نادیار: بەتایبەتیش دوای بریاردانی ژنەکە کە جیا ببێتەوە بۆیە نازانێ پەرچەکردای ژینگەی کۆمەڵایەتی چی دەبێ بەرامبەر ئەو هەڵوێستە، ئایا کەسانێك هەن یارمەتیدەربن یاخود نەخێر؟ ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە ژن ناتوانێ بریاری خۆی بدا لە هەمووشی گرنگتر بێ هێزیو لاوازی ئەو ژنەیەکە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ، ئەمەش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ پێشینەی کۆمەڵایەتی کە زیاتر پیاو دەستەڵاتدارترە، هەروەها لە ئەنجامی بەکار هێنانی توندو تیژی کە رۆڵی نەرێیانە دەگێرێ لە بێ هێز کردنولاواز کردنی توانای ژنان لە بریار دانو بەرگریکردن لە خۆیان.

٢- ترسی لە دەسدانی ئابروو شەرەف:

زۆربەی ژنان ترسێکیان هەیە لە ئاشکرا کردنی ئەو توندوتیژییەی کە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێ ئەویش بە لە دەستدانی ئابروو شەرەف، چونکە کۆمەڵگای ئێمە وەکو ئاماژەمان پێدا کۆمەڵگایەکی داخراوە کەواتە گەر ژنێك هەوڵی دەربرینی ئێشو ئازارەکانی بدا ئەوا لەوانەیە رووبەرووی توندو تیژی ببێتەوە لە لایەن پیاوانەوە گەر بزانێ نهێنیەکانی نێو خێزانی ئاشکرا کردوە ئەمە لە لایەك لەلایەکی تر رووبەرووی کۆمەڵگای بێ بەزەیی دەبێتەوە کە هیچ بەزەییەکی پیادا نایەتەوە بەڵکو بە خراپترین شێوە تاوانباری دەکا هەرچەندیشە خۆی تاوان لێکراوە بەلام بە تاوانبار لە قەڵەمی دەدەن بە ناشیرینترین شێوە ناوو ناتۆرەی لە لایەن کۆمەڵگاوە شوێن دەخرێ چونکە تەنیا ئابروو شەرەفی خودی ژنەکە ناگرێتەوە



بەڵکو خێزانو زۆر زۆر جاران عەشیرەتیش .

٣- لایەنی ئابووری: یا خود نزمی ئاستی ئابووریو نەبوونی ئەو بەشە دەرامەتەی کە ژنەکە بتوانێ بژێوی ژیانی خۆی و لە کاتی بوونی منداڵدا دابین بکا. لە بەر ئەوە ناچارە ئەو رەفتارە بە هەموو شێوەکانیەوە قبوڵ بکا بە ئامانجی ژیانو بوونی کەسێك کە خەرجەکانی ژیانی بۆ دابین بکا، وبگەرێتەوە لای ئەو پیاوەی کە ئازارو ئەشکەنجەی دەدا، بەتایبەتیش ئەو ژنانەی کە کار ناکەنو ئابووریەکی سەربەخۆیان نیە کە بە هۆیەوە بتوانن خەرجەکانی ژیانیانی پێ دابین بکەن، کەواتە نەبوونی داهاتێکی سەربەخۆ هۆکاری کاریگەرە لە ئاشکرا نەکردنو تەحەموول کردنی توندوتیژی کە دژی ئەنجام دەدرێ. لەهەمان کاتدا نەبوونی شوێنێکو پەناگایەك کە رووی تێ بکا لەو کاتەوە کە توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام دەدرێ. بۆیە لێرەدا چارەنووسی نادیاری لە پێشە. یان کاتێك بریار دەدا کە لە پیاوەکەی جیا ببێتەوە لێرەدا ناچارە کە پاڵەپەستۆیەکی زیاتر بخاتە سەر خێزانەکەی بۆ بەرێوەبردنی خۆیو منداڵەکانی، گەر ماڵی باوکی دەرامەتیان باش بێ ئەوا کێشەکان کەمتر دەبن، بەڵام گەر باری ئابووریان باش نەبێت ئەوا توانای بەخێوکردنی منداڵەکانیان نابێ رەنگە زۆر جار داوای جیاکردنەوەی منداڵەکانی لە خۆی دەکەن کە ئەمەش هەڵو مەرجێکی قورسو زۆر ناخۆش بۆ ئەو دایکە دروست دەکەنو دەکەوێتە بریاردانێکی قورسەوە رەنگە بریار بدا بگەرێتەوە لای پیاوەکەی بۆ ئەوەی منداڵەکانی رووبەرووی ئازارکێشانو نەهامەتی نەبنەوە یان بۆ ئەوەی منداڵەکانی نەکەونە ژێر دەستی باوەژنێکی دڵرەقەوە.

٤- نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو سیاسی:

زۆربەی ژنان بە تایبەتیش نەخوێندەواران هۆشیارییەکی لاوازیان هەیە سەبارەت بە یەکسانو مافەکانی خودی خۆیان، بۆیە بەردەوام دیلی توندوتیژینو هیچ زانیاریەکی ئەوتۆیان نیە سەبارەت بە مافی ئازادی رادەربرین یان مافی ژیان بۆیە لە سوچێکی ماڵەکانەوە رۆژانە رووبەرووی ئازارو ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونیو ....هتد دەبنەوەو بێدەنگیش لە بەرامبەری دا. دەتوانین بڵێین کە بێدەنگی ژن بەرامبەر توندوتیژی بەکار بهێنێ دژی ژنەکە چونکە هیچ وەسیلەیەکی بەرگری نابینێ لەلایەن ژنەکەوە، دەزانێ روو لە هیچ لایەنێکی کۆمەڵایەتیو یاسایی ناکا، کە رەفتاری پیاوەکە دیاری بکا، بۆیە ئەو ژنانەی کە رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە هیچ درێغی نەکەن بەڵکو بە زووترین کات ئاشکرای بکەن.

# ناسنامەی ژن لە کۆمەڵگادا

ئامادەکردن: ڕووناک

کەسایەتی هەر کەسێک لەسەر بنەمای بیرو شێوازی بیرکردنەوەی دروست دەبێ، کەواتە پێویستە گرینگییەکی زۆر بە تاک بدرێ بۆ ئەوەی هەموو کات هزرو بیرو باوەڕێکی ئیجابی هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر کۆسپەکانی دا زاڵ بێو بە ئاسانی دەستبەرداری هیواو ئارەزوەکانی نەبێو بتوانێ تواناو لێهاتوویی خۆی لە کۆمەڵگادا بسەلمێنێ، بەڵام ئەوەی لەواقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە کە تاوەکوو ئێستاش لە بنەمای پەروەردەیی نەتوانراوە ئەو ڕۆڵە بە تاک بدرێ کە خاوەنی کەسایەتی خۆی بێو ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە، بەتایبەتی ژن، تێڕوانینەکانی لەو ئاستەدا نین کە ژنانیش وەك پیاو سەیربکرێو یان پێناسەیەکی تەواو لە ناسینی خۆی پێ ببەخشێ یان سەربەخۆیی هەبێ وەك ڕەگەزی مێینە لە بواری ئابووری، فەرهەنگی، ئێستاش ژنانی ئێمە لە چوارچێوەی دابو نەریتو دیاردەکانی کۆمەڵایەتی دا مامەڵەی پێ دەکرێ حاکمییەتی پیاو سالاری تا ڕادەیەك بیرو هزری ژنی داگیر کردوە.

هەربۆیەش ناتوانێ بە باشی فکر بکاتەوە زۆر جاریش تووشی هەڵە دەبێو پاداشی هەڵەکانیشی بە توندو تیژی دەدرێتەوە.

لەو کۆمەڵگایە بیرکردنەوەی ژن هەوڵدانە بۆ ڕزگار بوون، لە جیاخوازی، لە ڕەگەزی، لە کەلتوورو نەریتییە پیاو سالارییەکان لە گەیشتن بە مافەکانی کەوەکو پیاو حەقی ژیانی هەیە بە واتایەکی تر بوونی خۆی بسەلمێنێ، بیروهزری ژنی لە کۆمەڵگادا بە ئارەزووی پیاوە خاوەنی بڕیار نیە لە سەر پێی خۆی بوەستێتیو دەبێ هەموو کات پشت بە پیاو بوەستێ، خاوەنی قسەی خۆی نیەو لە بڕیارەکانیدا هەموو کات بە گومانە، نازانێ ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا چیە، ئەگەر ئازادیش بێ نازانێ بە باشی بۆ بەرژەوندییەکانی خۆی بە کاری بهێنێ، ژنی کورد بە تەواوی لە مانای ئازادی تێ نەگەیشتوە، هەر بۆیە لە بەکارهێنانی تووشی دەیان هەڵەو کاردانەوەی سلبی دەبێ، "نەوال سەنداوی" دەڵێ: کاتێ پیاو لە کۆمەڵگایەکدا بیرو عەقڵو ئیرادەی لە ژن ئەساند بێتەوەو ڕاگیری کردبێو کالاّئاسا سەیری بکا ئیدی چۆن دەتوانێ خۆشەویستی لەگەڵدا بکرێ.

دیارە خۆشەویستیش هەرگیز لە نێوان خاوەن هێزو بێ هێز خودان عەقڵو کەم عەقلیدا نایەتە بوون، ئەمڕۆ سەردەمی نوێخوازیو ژنانیش لەو ناوەدا پەلەقاژەی گەیشتن بە مافو داخوازییەکانی دەکا، بەڵام چۆن ئەو ئاواتەی دێتە دی؟

دەبێ بەر لە هەموو شتێك ژن لەناخی خۆیدا شۆڕشێك بکا بۆ پێناسەیەکی تەواوی خۆیو دۆزینەوەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ژن تا پێناسەی خۆی بە تەواوی نەکا ناتوانێ دەوروبەری بناسێو ئەگەر نەتوانێ دەوروبەری بناسێ، ئەوا ناتوانێ بە شێوەیەکی زانستییانە داوای مافەکانی خۆی بکاو لەو ڕوانگەیەوە ڕووبەڕوی کێشەو ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، ئەگەر ژن توانی بگاتە ئەو ئاستە کە خۆی بناسێ بیرکردنەوەکانی لە ئاستێکی بەرزدا دەبێو هەنگاوەکانیشی بەرەو ئاراستەیەکی ئیجابی دەبێو ئەو کاتە دەتوانێ پێناسەیەکی تەواو بۆ خۆی دروست بکاو بۆچوونو تێڕوانینی کۆمەڵگاش بەرامبەر بەخۆی بگۆڕێ، گکارمارکس" دەڵێ: ژێردەستیو شوێنکەوتوویی ژیان لە سرووشتو پێکهاتە بایۆلۆژیەوە کە نەگۆڕە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بەرهەمی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییانەیە کە مێژینەیەکی ئاشکراو دیاریان هەیەو شیاوی گۆڕانن.



# راپۆرتێك لە زیندانی ژنانی سنە

ن: فەریدە غائیب
و: مینا سوڵتانزادە

بەندی زیندانی ژنانی سنە ساڵۆنێکی گەورەو تاریکە. ١٠ تەختەی ٣ تەبقە کە دەبێتە جێگەی خەو کە چواردەوری ساڵۆنەکەیان گرتوە. دیوارەکانی بڵێندن‌و رەنگێکی سەوزی تاریکیان لێ دراوە. هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نیە جگە لە هەواکێشێك کە بە بن میچی ساڵۆنەکەوەیە.

چوومە نێو ساڵۆنەکە، ئیتر نەمتوانی هەناسە بکێشم. دەڵێی هەموو لە دەورووبەرم هاوار دەکەن‌و پێم دەڵێن گوێمان لێ بگرە! هەناسەم نەدەهات، لە زیندان حاڵی نەبووم زیندانبان کە هەموویان پێیان دەگووت "خواهر" رووی تێکردم‌و وتی: ئەگەر خودای نەخواستە یەکێك لەم خۆشەویستانەت بەدەستی ئەوانە بکوژرێ ئەو کات لە قسەکانی من تێدەگەی. هەموو کات دیتنی زیندانی ژنان بۆ من وەك خەیاڵێك وابوو. بەڵام دیتنی زیندانی ژنانی سنە خەیاڵەکەمی وەدی هێنا.

کە چوومە نێو حەوشەی زیندان حەوشەیەکی کاشی کارو رێك‌و پێك‌و گوڵ‌و گوڵزار لە دەورووبەری.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو لای خۆم قەبووڵم کرد کە ئەو هەستەی کە خەریکە دەم خنکێنێ تەڵقینە ئەگینا حەوشەکە بەو جوانییەیە!!

بۆچوونەکەم هەڵە بوو چونکە ئەو حەوشەیە هی بەشی ئیداری زیندان بوو. لە پشت باڵەخانەی ئیداری شوێنێکی لێ بوو بە نێوی "بەندی ژنان" کە ژنە بەند کراوەکان لەوێدا دەژیان.

"خواهر" لەبارەی ئەو ژنە بەندکراوانە بە شێوەیەك قسەی بۆ دەکردم کە دەبێ ئەوانە هەر زاتەن تاوانبارن. چرچ‌و لۆچی دەم‌و چاوی "خواهر" تەمەنی ئەوی زیاتر نیشان دەدا.

ئەو بۆی باس کردم نە هیچ بەرپرسێك‌و نە هیچ زیندانبانێك ناتوانێ لێرە بمێنێتەوەو لەگەڵ ئەو بەند کراوانە بژی تەنیا ئەوە کە ١٩ ساڵە ژیانی لەم زیندانەدا تێ پەڕکردوە.

"خواهر" لە تەمەنی ٢١ ساڵییەوە لەو شوێنەدا کار دەکاو ئاگای لەو ژنە بەند کراوانەیە. قسەی بۆ دەکردم بە شێوەیەك کە دەیویست تێم بگەیەنێ ئەویش زۆر لەو ژنانە بەختەوەرتر نیە ئەویش پێویستی بە سەرنج هەیە.

بیرکردنەوەی من لەسەر زیندان تا ئەو جێگایە بوو کە لەو فیلمە سینەماییانەدا دیتبووم. راهرەوێکی درێژ لەگەڵ چەند دیوی چووکە کە تەنیا بەندکراوەکان‌و



جێ‌خەوەکانیان جێ دەبێتەوە، بەڵام بەندی زیندانی ژنانی سنە تەنیا ساڵۆنێکی گەورەو تاریکە کە ١٠ تەختەی ٣ تەبقەی تێدایە.

نزیکەی ٣٠ ژن لەو زیندانەدا دەژین کە بەیانی لە خەو هەڵدەستن تا شەوێ پێکەوەن چەند ساڵە پێکەوە شەو رۆژ دەکەنەوەو بیر لە خەیاڵی دەرەوەی زیندان دەکەنەوە هێندێکیشیان دەڕۆنو ژنانی دیکە جێگایان پڕدەکەنەوە. هەموویان راوەستاون‌و سەیری من‌و هاورێکانم دەکەن خوایە ئێرە کوێیە؟ بۆ ئینسان چەند جار لە دایك دەبێ کە جارێکیان لە نێو ئەو چوار دیوارییەدا بژی؟

بیرم لە قسەی هاورێکەم دەکردەوە کە دەیگووت بۆ تۆ وا بیردەکەیەوە کە زۆر بە ئازادی دەژی؟ تۆش هەر لە زیندانی بەڵام زیندان جۆری هەیە. من دەڵێم ئەو زیندانە لە کوێ‌و ئەو زیندانەی دیکە لەکوێ؟

لە لای بەبەندی ژنان دیوێکی ١٢ میتری درابوو بە کچە لاوەکان. لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو "بەندی لاوان" چوار پێنج کچی ١٨– ١٦– ١٣ ساڵە لەو دیوەدا دەژیان هەوڵ دەدرا لەگەڵ ژنە بەتەمەنەکان دا هاتوچۆیان نەبێ. زۆربەیان بە تاوانی پێوەندی نامەشرووع گیرابوون. بەڵام نەمتوانی زۆر بچمە نێو وردەکارییەکانەوە چونکە "خواهر" لەسەر سەرم بوو. چاوم بە کچێکی سپیکەڵە کەوت لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازی هەبوو. چاوم تێ بڕی‌و دەڵێ: ئەوە

سێهەمین جارە بە تاوانی پێوەندی نامەشرووع دەگیرێم. یەکەم جار ٨٠ زەربەی شەلاقیان لێ دام و جاری دووهەم ١٠٠ زەربەیان لێ دام.

"خواهر" سەرێك رادەوەشێنێ و دووبارە دەیەوێ تێم بگەیەنێ کە لەگەڵ چ کەسانێك پێوەبووە.

مەرزیە کچێکی ١٧ ساڵە بوو کە یەك مانگ بوو بە تاوانی راکردن لە ماڵەوە لە بەندی لاوان دا بوو. ئەو خۆشحاڵی خۆی نیشان دەدا وەك میزبانێك کە دەیهەوێ میوانەکەی خۆشی لێ بگوزەرێ هەر لە دەورووبەرم دەهاتوو دەچوو خەریکی پێناساندنم بوو.

گوتم مەرزییە زۆر خۆشحاڵ دیاری.

گوتی ئەگەر پێنەکەنم چی بکەم؟ لەسەرەتاوە تەحەمولی ئەو شوێنە مەحدوودو تاریکە بۆ من زۆر سەخت بوو، بەڵام مەجبوورم ئێرە بە شێوەیەك لە مێشکم دا دروست بکەم کە لەوە زیاتر ئازارم نەدا. بەخۆم گوت: تۆ دەتوانی وا هەست بکەی کە ماوەیەك لە ژیانت لە نێو شوێنێکی ئاوادا بەسەر بەری و دیسان هەستم بە خەفە بوون دەکرد.

ئیلاهە ١٦ ساڵە لە ژێرەوە چاوم لێ دەکاو رووسەریەکەی بە شێوەیەك لەسەر دەکا کە سەرنجم بۆلای خۆی راکێشێ. چوومە لای دانیشتم و دەستیم لە نێو دەستی نا دەستی زۆر ناسك و جوان بوو دیار بوو کە رۆژگارێك لە نازو نیعمەت دا ژیاوە. فرمێسکی قەتیسماوی لە گۆشەی چاوەکانی دەسڕی و بێ ئەوەی چاوم لێ بکا لە ترسی دەورووبەر لەبەر خۆیەوە دەڵێ توخوا خانم من زۆر شتم هەیە کە باسی بکەم بەڵام ناتوانم و چاو لە دەورووبەری دەکا کە لەبەر ئەوان ناتوانێ هیچ بڵێ و منیش وازی لێ دێنم چونکە نامهەوێ کێشەی بۆ دروست بکەم.

بەهار ١٥ ساڵی تەمەنە، هەفتەیەك لەوەپێش بە تاوانی هەڵگرتنی ماددە سڕکەرەکان گیراوە.

بەهار! بۆچی لێرەی؟

من نازانم برای هاوڕێکەم بەستەیەکی پێدام کە بۆ براکەمی بەرم هەر ئەو کاتە مەئموورەکان گرتیانم. ئەسڵەن ئێرە کوێیە؟ من نازانم .... و چەندین جار وشەی "من نازانم"ی دووپات کردەوەو دیسان بەسەر سوورمانەوە چاوی لە خەڵکەکە دەکرد.

مەرزیە بە ئارامی گوتی: دایك و باوکی بەهار پووڵی کرێ ماشێنیان نیەکە پێی بێن بۆ ملاقاتی کچەکەیان بەهار کچێکە ساردو گەرمی نەدیوە بەڵام ئەوەی باش بزانن کە کاتێك بەهار لە زیندان ئازاد بێ ئەو بەهارەی پێشوو نامێنێ!

هەر لە بەندی ژنان دەچمە کن ژنێکی بەساڵ داچوو کە حوکمی ئیعدامی بۆ براوەتەوە. بەڵام زۆر بە تووڕەیی من بەجێ دێڵێ و بە حاڵەتی گاڵتەوە پێم دەڵێ تۆ ناتوانی هیچ کارێکم بۆ بکەی. بۆتی شی دەکەمەوە کە کاری من چیە بەڵام وادیارە کارێکی زۆر سەختە سەرنجی ئەو ژنانە بۆ لای خۆت راکێشی. قەناعەت بەخۆم دێنم کە ئەو ژنانە حەقیانە باوەڕمان پێ نەکەن چونکە هەر بەهۆی باوەڕ پێ کردنەوە بووبێ مەجبوورن ئەو چوار دیواریە تەحەموول بکەن.

لە "بەندی ژنان" ژنان بێ دەنگ دانیشتوون. هەست بە بێدەنگییەکی قورس ئەوە بە تۆ دەڵێ کە دەڵێی ئەو بێ دەنگییە بەسەریاندا سەپاوە. هەموویان زەردەخەنەیەکی تەزویریان لەسەر لێوە. چاو لە من و هاوڕێکانم دەکەن و بە باشی دەزانن کە ئەو نیو سەعاتە هیچ لە چارەنووسی ئەوان ناگۆڕێ.

کە لە بارەی کێشەی ژنانی زیندان پرسیار لە "خواهر" دەکەم پێکەنین دەیگرێ و دەڵێ: ئەوانە پێکەوە زۆر باشن تەنانەت کاتێك کە شەڕیش دەکەن.

ئەو لە نەبوونی یارمەتیدەر تووڕەیەو دەڵێ: هەر یارمەتیدەرێك کە ئێستا هاتۆتە ئێرە دوای مانگێك تاقەتی بەسەر چووە.

کێشەی نەبوونی پاك و خاوێنی زۆربەی ئەو ژنانە ئازار دەدا هەموو گلەییان لە وەزعی حەمام هەیە. یەکێك لەو ژنانە لە نەبوونی پووشاکی ژنانەو زۆر شتی دیکەی حەمام گلەیی هەیەو دەڵێ: هێندێکیان لە باری ئابوورییەوە باش نین و هەموو مانگێك نەبوونی پووشاك ئازاریان دەداو مەجبوورن کەڵك لە پارچەی کۆن وەربگرن....

قەدیمی ترین ژنی ئەو بەندە تەمەنی چل و پێنج ساڵ بوو بە تاوانی قەتڵ گیرابوو حوکمی ئەبەدی بۆ بڕابۆوە. هیچ کەس حازر نەبوو وردەکارییەکانی تاوانەکەیم بۆ باس بکا. ژنەکەش بۆ خۆی زەردەخەنەیەکی بۆ کردم. ژنێکی دیکە لە گۆشەیەکی بەندەکە چەند نەفەری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە دیار بوو وەك رێبەر ئەو دەستەیە قبووڵیان بوو. هیچیان قسەیان لەگەڵ من نەدەکرد تەنیا روویان لە (بەرێوەبەر) دەکرد. ئەو ژنە بە تاوانی (دەلاڵی و ژن فرۆشی) گیرابوو.

مەرزییە بە سرتە پێی گوتم خانم ئەو ژنە "گەوادە" دەزانی یانی چی؟

زۆر کارێکی خراپی کردوە ئێمە هەموومان بووینە قوربانی ئەو ئەوانی تر کە وەك ئەوەن.

ژنێکی تەمەن نێونجی دەیویست گوێ بۆ قسەکانی راگرم. خانم! من پەشیمانم مێردەکەم ئەوەندەی تووڕە کردم کە مەجبوور بووم بە قەندشکێن لە سەری دەم. بەڵام نەمدەویست ئاوای لێ بێ....

کاتی چاوپێکەوتن تەواو بوو من مامەوەو کۆمەڵێك پرسیاری بێ وەڵام.

من لە نێو ٣٠ ژنی بەندکراودا دەگەڕام بە دوای زانینی جۆری تاوان و مەبەست لەو کارەیان، بەڵام هیچ کەس وەڵامێکی وایان نەدامەوە. لە گەڕانەوەم دا لە زیندانی ژنانی سنە بیرم لەو کچانە دەکردەوە کە بەهۆی هەژاری، نەبوونی ئەزموون و کەمی خۆشەویستی تووشی ئەو چارەنووسە بوون وەك بەهار کە ژیانێکی پاییزی بەسەر دەبا.

# لە خاوەندارەتی‌یەوە تا خۆشەویستی

ن: مێهدی جەزی زادە

و: محەممەد رەسووڵی

سەرەتای خاوەندارەتیی تایبەتی لەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان هاوکات بووە لە گەڵ پێکهاتنی چینەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌داو لە گەڵ ئاسەواری ژیانی مرۆڤە سەرەتایی‌یەکان‌دا کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە. تا بەرلە دابەشکردنی کۆمەڵگا بە سەر چینەکان و خاوەندارەتیی تایبەتی بە سەر زەوی‌دا، پاتاڵ و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی خاوەندارەتیی لە سەرەتای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا هاوبەش بوون. لە یەکەم قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی‌دا، ژیانی ئابووری بە کاروتێکۆشانی زۆر ساکارو بەرتەسککراوی وەك ڕاو، میوە چنین و هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی گژوگیا تایبەت بوو. ئەم ئاستە لە بەرهەمهێنان و ئەم شێوە بژیوی ژیانە شوێنێکی بۆ بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویستی نەدەهێشتەوەو سەرەڕای ئەوەش بە هۆی بەردەوامی ژیانی خێڵەکی‌یەوە، خاوەندارەتیی تایبەتی لە ئارادا نەبوو، بەم پێیە هەنووکە کۆمەڵگا دابەش نەببوو بە سەر چینەکان یان فەرمانبەران‌دا.

خەڵك هەموو لە کۆمەڵگای هاوبەش‌دا یەکسان بوون و کار لە نێوانیان‌دا دابەش نەکرابوو. بە کورتی کۆمەڵگا بە بێ چین، هەڵاواردن و بێ ئاغاو کۆیلە بوو، بەڵام مرۆڤ بەردەوام گیرۆدەی شەڕێکی بێ بەزەییانە لە گەڵ سروشتی دەورووبەری خۆی‌دا بووە. دەبوو بەردەوام لە گەڵ ڕووداوە سروشتی‌یەکانی وەك لافاوو بوومەلەرزە، سەرما و ئاژەڵە دڕندەکان لە شەڕ و خۆ ڕزگارکردن‌دا بێ، بەرهەمهێنانێکی کەم و کۆکردنەوەی خواردەمەنی و جلوبەرگ و دروستکردنی سەرپەنا کارێکی هەرەوەزی بوو و هەموو خەڵکیش بە پێی پێداویستی‌یەکەیان کەڵکیان لە نێعمەتەکان وەردەگرت. لە بەرامبەر مەترسیی سروشتیش‌دا بە شێوەی گرووپی بەشداری ئەم شەڕەیان دەکرد.

نیزامیی دەسەڵاتدار بە سەر بنەماڵەش‌دا دایك سالاری بوو. بە واتایەکی‌تر ژن تەوەری منداڵ خستنەوەو زاوزێ بوو، فرەمێردی ببووە هۆی ئەوە کە منداڵەکان باوکیان نەناسنەوەو تەنیا دایکیان بە کەسی خۆیان دەزانی.

لەگەڵ گەشەو پەرەسەندنی ئامرازو کەرەستەی بەرهەمهێنان هەر لە ئامرازی ڕاوکردنەوە بگرە تا دەگاتە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی سەرەتایی وماڵی کردنی ئاژەڵە کێوی‌یەکان، گەشەکردنی مێشك و زمانی ئاخافتن و بە دوای ئەو بیرکردنەوەیەش‌دا زمانی بێدەنگی کە لە گەڵ مرۆڤ خۆی دایە، شکڵی گرت. بەرە بەرە سامانی کۆمەڵە خەڵکەکان چووە سەرێ و لای ڕیش سپی و سەرۆك خێڵەکان و بەرهەمهێنەرانی ئامرازو کەرەستەکان کۆ دەکرایەوە، دوای ئەوە بوو کە خاوەندارەتیی تایبەتیی لە سەر کەرەستەکان و زەوی و زاردا پێك هات و بە پێی ئەو دارایی‌یە کۆمەڵگا گەشەی کرد.

"لۆتۆڕنۆ" باوەڕی وایە کە ئەگەری زۆرە ژنان بە هۆی ئەزموونی زۆریانەوە لە میوە چنین و گیاکردن‌دا، لە یەکەم داهێنەرانی تێکنیکی نوێی کشتوکاڵ بووبن و زووتر لە پیاوان بەڕێوەبردنی کاروباری کشتوکاڵی‌یان بەدەستەوە گرتبێ. جیا لەوەش ئەوان لە زنجیرەی پلەوپایەی سیاسی لە گەڵ پیاوان‌دا یەکسانن و لە نیزامی بنەماڵە و ژیانی هاوبەش لە گەڵ ئەوان‌دا لە پێشتر بوون و منداڵەکان ڕەپاڵ دایکیان دەدران. ماوەیەکی زۆر دوای ئەم قۆناغە مێژووییە ئەو هەلە ڕەخسا کە ژن و پیاو شوێنێك بۆ مانەوەیان دەستنیشان بکەن. کشتوکاڵ بوو بە سەرچاوەیەکی بەردەوامی دابینکردنی بژیوی و پێشکەوتنی تێکنیك و ئامرازی، بەرەبەرە وەدەستهێنانی زیاد لە پێویستی بەرهەمهێنان و هەلی چەوساندنەوەی هێزی کاری ئەوانی دیکەی ئامادە کرد، لەم بڕگە پێکەوەبوونە مێژوویی‌یەدا واتای "خاوەنداریەتیی تایبەتی" بە تایبەت "خاوەندارەتیی تایبەتی زەوی" برەوی پەیدا کردو شوێنی خاوەندارەتیی هاوبەشی هۆزی گرتەوە.

هاوکات نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵی بەردەوام و پشتاوپشت لەسەر پارچە زەوی‌یەکیش کەوتە ڕیزی مافەکانی خاوەندارەتیی تایبەتی‌یەکەیەوە. بوونە خاوەنی تایبەتی زەوی وای لە پیاو کرد کە مافی پێوەندی منداڵان بە دایکەوە لە ژن زەوت بکا، چونکە پیاو خوازیاری ناسینەوەی منداڵە ڕاستەقینەکانی خۆی و گەرەنتی گواستنەوەی دارایی‌یەکەی بەوان بوو. بەم پێیە خاوەندارەتیی و بەشە میرات بناخەی سیستمە چینایەتییەکانی پێك هێناو بواری دابەشبوونی کۆمەڵگای بە سەر چینەکان‌دا ڕەخساند.

برەو و گەشەسەندنی خاوەندارەتیی تایبەتی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەبەرە کۆمەڵگا کۆنەکانی دابەش کردە سەر چینە کۆمەڵایەتی‌یە جیاوازەکان. کەمایەتی‌یە خاوەن زەوی و کۆیلەدارەکان لە لایەك و زۆربەی کۆیلەکان لە لایەکی‌ترەوە خاوەنی هیچ شتێك تەنانەت بوونی خۆشیان نەبوون.

بەم جۆرەیە کە هەمیشە شێوەی تێڕوانینی مرۆڤ پێڕەوی لە سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەك دەکا کە تێی‌دا دەژی. لەوە بەدواوەیە کە خاوەن بوونی مرۆڤ بە سەر مرۆڤیش‌دا هەروەك خاوەنداریەتیی مرۆڤ بە سەر کەلوپەل و سروشت لە بیرو ناخی مرۆڤەکان‌دا چەکەرەی کردوە. واتە هەروەك کەلوپەلی شیاوی کڕین و فرۆشتن ڕوانیویەتی‌یە خۆی و مرۆڤەکانی دەورووبەری. هاوسەرەکان بە یەکتری، دایك و باوك بە منداڵەکانیان،

ئەویندارا‌ن و هاوڕێیان بە یەکتری، سیستمی پەروەردە بە قوتابی و خوێندکارو بە هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە گشتی کراوەو دەبینین کە لە پێوەندییە تاکی و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا هەموو لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەجووڵێنەوەو دژکردەوە نیشان دەدەن نەك لە ڕاستای بەرژەوەندی و بە فەرمی ناسینی ئازادی بەرامبەرەکەیان‌داو ئەمە یانی یەکەم هەنگاو لە زەوتکردنی ئازادی و مافی ئەو کەسانەی کە بە ڕواڵەت خۆشمان دەوێن و خۆشەویستیمان بۆیان هەیە.

لە لایەکی دیکەشەوە هێندێك لە ئایینەکان لە سەرەتای دروستبوونیانەوە لە خزمەت خاوەندارەتیی تایبەتی و خاوەندارەتیی مرۆڤ بە سەر مرۆڤدا بوون و، بە حوکم گەلێکی بێ ئەژمار لەسەر خاوەنداریەتیی پیاو بە سەر ژن، بوونی قەرەواش و نۆکەرو کۆیلە، کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ، شیربایی و ...، پشتگیرییان کردوەو بە خاوەنداریەتیی مرۆڤ بە سەر مرۆڤەوە لایەنی ئیلاهی و شەرعییان داوەتێ و پیرۆزییان بەم حوکمانە داوە. ئەمرۆکەش لە تەواوی جیهانی سەرمایەداری‌دا هەر مرۆڤێك بۆ بەدەستهێنانی بژیوی و گوزەرانی ژیانەکەی دەبێ بازاڕ بۆ خۆی و هێزی کارەکەی پەیدا بکاو بە بەرزترین نرخ پێشکەشی بکا. بەڵام ئێمە دەمانهەوێ بە کاریگەردانانی سیستمی چینایەتی بەسەر پێوەندییە سۆزدارییەکان و ڕۆڵی چارەنووس سازەکەی لە پێوەندییە بنەماڵەییەکان‌دا، ئەوین و دۆستایەتی بۆ بگێڕینەوە.

ئایا دەکرێ لەم شێوە نیزامە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نایەکسانەدا، قسە لەسەر ئەوین و خۆشەویستی ئازاد، واتە پێوەندی دوو مرۆڤی ئازاد، وشیارو سەربەست لە گەڵ مافە یەکسانەکانیان لەسەر بنەمای پێوەندی ڕێزگرتنی دوو لایەنەی هاوسەرەکان و ئازادیی ئەوان لە پێوەندی کۆمەڵایەتی، پێوەندی منداڵەکان لە گەڵ دایك و باوکیان بە بێ توندوتیژی و باڵادەستی یەك لایەنە بکەین؟

یان بە ڕادەی شێوەی بیرکردنەوە لە سەر بنەمای خاوەنداریەتیی لە زەیینەکان‌دا لە بواری مێژووییەوە چەکەرەی کردوەو لە ژیانی ڕۆژانەش‌دا لە لایەن نیزامی دەسەڵاتدارەوە بە هۆی ئامرازە هونەری و ئایینی‌یەکان، بارهێنان و ڕاهێنان و ڕاگەیەنەکان و بانگەشە جۆراوجۆرە مودێڕن یان دواکەوتووەکان، پڕۆپاگەندە و برەوی پێ دەدرێ و دەسەپێنرێ کە بە دڵنیایی‌یەوە گۆڕانکاری‌یەکەی تەنیا بە گۆڕینی نیزامی ئابوورییە پێکهێنەرییەکەی و بە خەباتێکی درێژخایەن و گشت لایەنە بە دژی سیستمە چینایەتی‌یەکان و خاوەنداریەتیی تایبەتی پیاوسالارەوە مەیسەر دەبێ.

دەبێ بۆ گۆڕینی هەر دیاردەیەك لایەنە جۆراوجۆرەکانی بناسین و لە دوای ناسینی هەوڵ بۆ گۆڕینی بدرێ. ئێمە بۆ ناسینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خاوەندارەتیی و پێوەندی سۆزداری نێوان مرۆڤەکانیش بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە، پێوەندییە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەورووبەری خۆمان دەخەینە ژێر چاوەدێری و زیاتر لێی ورد دەبینەوە. پێوەندی خاوەنانەی نێوانی دایك و باوك و منداڵەکان لە بنەماڵەدا، بناخەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە و بەردەوام پێوەندی سۆزداری نێوانیانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوەو دەکرێ بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی ڕابردووی کۆمەڵگا مرۆڤایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان و لە شارستانیەتی کۆنەوە تاکوو ئێستا باڵادەستی پێوەندی‌یە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان بە سەر پێوەندی‌یە سۆزدارییەکان‌دا دەبینین.

کاتێك کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە هێزی کرێکاری هەرزانی کشتوکاڵ، سەرباز بۆ سەرکوتی کۆمەڵگا و شەڕ پەیدا دەکا، ئایین دەسەڵاتدارانی فەرهەنگی کۆمەڵگا هان دەدا کە مرۆڤەکان زیاتر زاوزێ بکەن، واتە بنەماڵەکان هان دەدەن بۆ منداڵ خستنەوەی زیاتر تاکوو پێداویستی-یەکانی سیستمی دەسەڵاتدار دابین بێ. بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێك بەرهەمی ئابووری و نێعمەتە ماددییەکان دادەبەزێ و زۆربوونی حەشیمەت بە مەترسی دەژمێردرێ، پێویستی بە زاوزێ کەم دەبێتەوەو دەبێ بە شێوەیەك نانخۆرەکان کەم ببنەوە، لەم کاتەدا پاکانە بۆ زیندە بە چاڵ، کوشتنی منداڵان و ئازادکردنی لەباربردن لە لایەن فەرهەنگی دەسەڵاتدار بە سەر کۆمەڵگاو ئایین دەکرێ. هەربۆیە فەرهەنگ و ئایین هاوتا لەگەڵ پێداویستی‌یە ئابوورییەکانی دەسەڵاتدار خۆیان دەگۆڕن و لە گەڵ بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکان‌دا خۆیان ڕێك دەخەن.

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی وڵاتەکانی "توونس" و "سومالی"دا لە گەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی ئیسلامین، ڕێ بە لەباربردن وەك ڕێگایەك بۆ بەربەرەکانی چوونەسەری خێرای حەشیمەت درا و یاسایی کرا. سوید کە تووشی کەمی حەشیمەت و هێزی کارە، ئازادیی سێکسی بۆ ژنان چ مێردار بێ و چ بێ مێرد، بە تەواوی خواستراو و پەسندکراوە. ئەو هەواڵانەی کە هەموو ڕۆژێك لەمەڕ کڕین و فرۆشتنی منداڵان و



فڕێدانیان لەسەر شەقامەکان، کوشتنی بە کۆمەڵی ئەندامانی بنەماڵە لە لایەن باوك یان سەرپەرستەکەیانەوە، دەبیستین کە ڕاستییە تاڵەکانی ئابووری و گوشارە ماڵییەکان بەسەر بنەماڵەدا بە ڕووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا دەداتەوەو چ لە ڕابردووو چ لە ئێستاشدا بنەماڵە وەك خاوەنی خاوخێزان پیشان دەدا. ئازارە جەستەیی و ڕەگەزییەکانی منداڵان، سنووردار بوون و بێبەش کردنی کوڕو کچە لاوەکان و بەکاربردنی توندترین سزاکان بۆ پێشگیری لە پەیوەندی ئازادانەی ئەوان لە گەڵ یەکتریداو گرینگی پێدانی زیاتر بە کوڕان و بە پێچەوانە لەبەر توانایی یە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و پێ بڕانی دارایی زیاتر بە کوڕ، بەکارهێنانی منداڵان لە کارە قورسەکاندا، شەڕو بەرگرتن لە خوێندنیان، زوو بە شوودانی کچان لەبەر کەم کردنەوەی نان خۆرێکی بنەماڵە، گوشارو سەپاندنی شێوەی خۆجوان کردنی ڕواڵەت و لەبەرکردنی جلوبەرگ و زۆر نموونەی دیکە کە لە تێڕوانینی خاوەنیانەو دەستێوەردان و سەپاندن و دیاریکردنی ڕێگای ژیان بەوانەوە سەرچاوەی گرتووە هەر بەو شێوە کە ئاماژەی پێکرا، زەوتکردنی هەموو ئازادییەکانیان و پێشێلکردنی ئەو مافانەن کە هەر مرۆڤێك دەبێ لە کۆمەڵگادا لێی بەهرەمەند بێ، چونکە منداڵ و مێرمندالانیش وەك مرۆڤگەلێکی ئازاد لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەبێ لە هەر جۆرە هەڵاواردنێکی جنسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و قەومی و ئایینی بەدوور بن و بەهرەمەند لە هەموو مافەکانی مرۆڤ و لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیدا ئازاد بن.

ئاوڕدانەوەیەك لە ژیانی ژنان لە ڕابردوو و ئێستایان لە کۆمەڵگادا، دیویکیتر لە خاوەندارەتیی تاك بە سەر تاکمان پێ نیشان دەدا کە لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا لە ژێر توندترین گوشارە جەستەیی و ڕۆحی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دان. ژن لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا چێشتلێنەر، خزمەتکار، منداڵ بەخێوکەرو... بووەو تەنانەت لە لایەن منداڵەکانی و لە ژێر گوشارە سۆزدارییەکاندا دەچەوسێتەوەو تا بەر لە شووکردن لە ژێر خاوەنێتی باوك و دوای شووکردنیش دەکەوێتە ژێر خاوەنێتی مێرد، واتە مێرد دەبێتە خاوەنی. بە هەرحاڵ وەك بەشێك لە سامانی پیاو ژمێردراوەو ئایین و مافە یاساییەکانی کۆمەڵگاش ئەم خاوەندارەتیان تەئید کردووەو بە دڕندانەترین شێوە دەنوێنن. ژن مافی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئازادانەی لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەریدا نەبووەو لە گەڵ ئاشکرا بوونی وەها پەیوەندییەك دەکەوێتە بەر توندترین سزا کۆمەڵایەتییەکان. لەحاڵێکدا پیاو بۆ سازدانی هەر جۆرە پەیوەندییەك کەوتۆتە ژێر پارێزگاری یاسا و ئایینەوەو بە تەواوی ئەو مافەی بەخۆی داوە کە لە گەڵ سامانەکەی خۆی کە مرۆڤێکە بە ناوی ژن بە هەر جۆرێك کە خۆی پێی خۆشە هەڵسوکەوت بکاو مافی کوشتن و بێبەش کردنی لە مافە کۆمەڵایەتی-یەکان بە هی خۆی دەزانێ. ژن مرۆڤێکی ئازادو سەربەست نیە کە بتوانێ پێوەندییە تایبەتی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی هەر کات کە بیهەوێ دەستنیشانی بکا.

ژن خاوەنی جەستەی خۆشی نیە کە بتوانێ بە ئارەزووی خۆی چارەنووسی کۆرپەلەی نێو زگیشی دیاری بکا. پیاو بە ئاسانی جەستە و هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ، بەڵام کاتێك کە ژن لە ژێر گوشاری ئابووری و پێویستیی ماڵی، فرۆشتنی جەستەی خۆی بە پێویست زانی، خێرا دەکەوێتە ژێر توندترین گوشارە کۆمەڵایەتی، یاسایی و ئاکارە دەسەڵاتدارەکان بە سەر کۆمەڵگاداو وەك "گوڵ"ێك لێی دەڕوانن و لە خۆیانی دوور دەخەنەوە.

هەروەها مەسەلەی ژن خۆی لەو ڕاستییەشدا شاردۆتەوە کە جەستەکەی یان ڕوونتر بڵێین منداڵدانی تەنیا شوێنێکە کە ژیانی مرۆڤ لەودا شیاوی لە دایکبوون و دووبارە لەدایك بوونەوەیە، بۆیە دەبێ وەك ئامرازێکی بەرهەمهێنان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، ئایین و بە شێوەیەکی گشتی خاوەنانی کەرەستەی بەرهەمهێنان و چینی دەسەڵاتداردا بێ تاکوو بکرێ بە پێی پێویستی دەسەڵاتدارەکان، ڕادەی منداڵ خستنەوە کۆنترۆڵ بکرێ. لە بازاڕی جەستەشدا وەك کەرەستەیەکی پڕوپاگەندە بۆ فرۆشتنی کاڵاکان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

سەرەنجام کاڵایەکە وەك کەلوپەلە پێویستیەکانی دیکەی ماڵ کەرەستەیەکە بۆ دامرکاندنەوەی سێکسی پیاو. وەك مرۆڤێك بە تەواوی ئازادییەکەی لێ زەوت کراوەو زۆر بە ڕاحەتی کۆمەڵگاو پیاو ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە گیانی تەنیا بەو هۆیەوە کە ویستوویەتی بە ئازادی لە پێوەندی مرۆڤەکانیتردا بێ، لێ بستێنن. بە واتایەکیتر ئێمە دەتوانین بەرچاوترین شێوەی خاوەندارەتیی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا لە پێگەی ژنان لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا ببینین. پێوەندی سۆزداری مرۆڤەکان لە گەڵ یەکتریدا وەك پێوەندی ئابووری بە پێویستییەکی مرۆڤ دەژمێردرێ. هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بە بێ پێوەندی کۆمەڵایەتی چ کاریگەری دانێ چ دانەنێ، بژی. دەبێ پێوەندییە کۆمەڵایەتی-یەکان ئازادانەو بە دوور لە هەر جۆرە کۆت و بەندێکی ئایینی، جنسی، ڕەگەزی و قەومی دابمەزرێ و پێویستییەکانی مرۆڤ دابین بکا.

هاوڕێیەتی و پێوەندیی ئەویندارانەی ئازادی نێوان کوڕان و کچان لە ژێر کاریگەری نیزامی کۆمەڵایەتییە چینە دەسەڵاتدارەکان خەسڵەت و سروشتێکی خاوەندارییانە بەخۆوە دەگرێ.

ئەوین و خۆشەویستییە مرۆڤایەتییەکان لە ژێر بارودۆخی خاوەندارییانەوە فۆرم دەگرێ. هاوڕێیەتی یان پێوەندیی ئەویندارانە بە جۆرێك دەگۆڕێ بۆ بە خاوەن بوونی یەکتری. کەواتە مرۆڤی لایەنی پێوەندیدارەکەمان هاوڕێمان نیە، بەڵکوو مڵکمانەو هەر بۆیە خۆمان پێ ڕاناگیرێ بە ئازادی لە گەڵ کەسانیتردا لە پێوەندیدا بێ. لە ڕابردووی پێوەندیی مرۆڤەکان تاکوو ئەمڕۆ زۆرمان بیستووە کوڕێك تەنیا لەبەر ئەوەی کە خۆشەویستەکەی(کچ) نەی ویستووە دەستی لە گەڵ تێکەڵاو بکا کوشتوویەتی یان کچێك ئەسیدی بە سەروچاوی ئەو کوڕەی کە پێی خۆش بووە بیخوازێ و نەی خواستوە، داکردوە.

ئایا دەکرێ ئەم هەستە بە حەز و خۆشەویستی و ئەوین ناوبەرین یان بە لەخۆ ڕازیی بوونێکی سەرچاوەگرتوو لە هەستی خاوەندارییانە، واتە لە ڕاستیدا قەبووڵکردنی مافی

خاوەندارەتیی بە سەر مرۆڤێکیتردا ئیزنی ئەو کارەی پێ دەدا. ئایا ئەوانە لایەنی بەرامبەریان خۆش دەوێن یان ئەوەتا کە دەیانهەوێ هەروەك کاڵایەك ببێتە ملکییان و لە گەڵ خۆیانی ببەنەوە ماڵێ.

ئەم شێوە بیرکردنەوە خاوەندارانەیەی مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا ڕاستییەکانی ژیانی پڕ لە ئازارو مەینەتی ئەمڕۆی مرۆڤەکان و هۆکاری زۆر لە قەتڵەکان، خۆکوژی-یەکان، قەتڵە ناموسییەکان و زەوتکردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤمان بۆ روون دەکاتەوە. بەم پێ و دانگە ئێمە ئێستا تێڕوانینێکی دیکەمان لەسەر هۆو هۆکارەکانی زۆرێك لە کارەساتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ هەیە. ئایا ئەوەی کە ڕۆژێك یەکێك لەو لایەنانە ڕازی بە درێژەدانی ئەم پێوەندییە نابێ و حەزی لە پێوەندی لە گەڵ مرۆڤێکیتردا هەیە، مافی خاوەندارەتییەکەی و کوشتن یان خستە ژێر گوشارەوەی بە ئێمە دەدا؟ ئایا مەگەر نابێ حەزو خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بە نیسبەت مرۆڤێکەوە لە گەڵ ڕێزدانان بۆ ئازادییەکەی و، سەربەستبوونی لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی و دیاریکردنی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان لە ژێر دەسەڵات و ئیختیاری خۆیدا بێ؟ ئایا دەبێ لە کاتی هۆگربوون بە کەسێك لەم پێوەندییەدا هەر لایەنێك لە ڕاستای بەرژەوەندی خۆیدا هەنگاو بنێ یان ئەوەتا هەر دوو لایەن لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی بەرامبەرەکەیدا لەم پێوەندییە بڕوانن، تاکوو ئەم خۆشەویستی و پێوەندییە ئازادانەیە، بە وشیارییەوە لە نێوان دوو مرۆڤی سەربەستدا پێك بێ. بەخسیرکردنی مرۆڤێك بە دەست مرۆڤێکی دیکە و زەوتکردنی مافەکانی مرۆڤێکی ئازاد کە ئەو مافەی هەیە خۆی پێوەندییەکانی لە گەڵ مرۆڤەکانیتردا دیاری بکا. مەسەلەی خاوەندارەتیی و بیری دەسەڵاتدارانە بە سەر پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان لەم چوارچێوەیەدا بەرتەسك نەکراوەو ئاکام و دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەسەر ژیانی مرۆڤەکان لە تەواوی ڕەهەندەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی-یەکانیشدا دەبینین.

ئایا مامۆستایانی ناوەندەکانی پەروەردەو ڕاهێنان لە باخچەی ساوایانەوە بگرە تاکوو زانکۆ بەم جۆرە ناڕواننە قوتابییەکانیان؟ ئایا ئەوەی کە قوتابییەکان دەبێ ڕواڵەتی خۆیان بە پێی ڕوانگەو پێوانەی دەسەڵاتدارەکان برازێننەوە، لە هیچ قۆناغێکدا مافی دەربڕینی بیروباوەڕەکانیان نەبێ؟ تەنانەت ئەگەر پێوەندییەکانیان لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لە قوتابخانەو پۆلەکانیشدا سنووردار بێ و پێوەندییەکانیشیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دیاری بکرێ، تێڕوانینێکی خاوەنیانە لە قوتابی نییە؟ لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە کاردانەوە سۆزداری-یەکانی مرۆڤەکانیش لە ژێر کاریگەری بیری خاوەندارانەوە پێك دێ. هەستی ئێرەیی بردن کاردانەوەیەکی سۆزدارییە کە لە پێوەندییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، سۆزداری، ئەوین، ماڵی و ئابوورییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا هۆکاری ڕەنج و مەرارەتێکی لە ڕادەبەدەر بووەو لە کۆمەڵگای چینایەتیدا سەرچاوەیەکی خاوەندارانەی هەیە، واتە لە هەستی خاوەندارەتی بە نیسبەت ژیانی ئابووریی مرۆڤەکانی دیکەدا تا خاوەندارەتی ئەوین و سۆزدارانە لە پێوەندی لە گەڵ مرۆڤێکی کە بە ملکی خۆی زانیوەو وەك پارچە زەوییەك لێی دەڕوانێ کە هیچ کەسێکیتر ئەو مافەی نیە لاقی تێنێ کە ئەمەش جۆرێکیتر لە زەوتکردنی ئازادی و مافەکانی مرۆڤێکی ئازادەو لە کۆتاییدا هیچ مرۆڤێك ملکی کەسێکی دیکە نیە.

مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك دەبن و دەبێ بە ئازادیش بژین. بنەمای مافەکانی مرۆڤ بە ڕاشکاوی باسی ئەم مەسەلە دەکەن، بەڵام ڕاست لە دوای لە دایکبوون لە کۆمەڵگای چینایەتییە کە تاڵە بەرچاو و نادیارەکانی خاوەندارەتیی لێ دەهاڵێ و دەبێتە کۆیلە یان دیلی سەرمایە و دەکەوێتە ژێر خاوەندارەتیی خاوەنەکانییەوەو بە هۆی بوونی هەر ئەو پێوەندییە چینایەتییانە لە کۆمەڵگادا، پێوەندی-یە مرۆڤایەتییەکان لە نێوەڕۆکی ئازادانەی خۆیان دوور دەکەونەوەو شێوەیەکی خاوەندارانە بەخۆوە دەگرن.

لە ژێر سیستمی چینایەتی دایە کە ئازادی مرۆڤ دەستی بەسەردا گیراوەو تەنیا خەبات و تێکۆشان لە بەرامبەر جیاوازییە چینایەتییەکان و هەروەها ئازادی و یەکسانیی ئابوورییەکەیەتی کە ئازادیی کۆمەڵایەتی پێ دەبڕێ و کوێرەوەرییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ساڕێژ دەکا. پێشێلکردنی هەر چەشنە ماف و ئازادییەکانی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکان و دژایەتی و سەرکوتی هەر جۆرە جیابیری و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ بیروڕا جیاوازەکان لە لایەن حکوومەتەکانیشەوە بە هۆی کەوتنە مەترسیی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگاوەیە کە ناتوانێ ئەو بیرکردنەوەیەی کە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی بخاتە مەترسییەوە یان لە داهاتوودا بیخاتە بەردەم مەترسییەوە، خۆڕاگر بێ و ئیزنی بڵاوکردنەوەی پێ بدا.

سەرچاوە:

http://www.irwomen.info/spip.php?article5638



# دیمانەیەک لەگەڵ سەکینە حوسێنی

**دیمانە: ژنان**

خاتوو سەکینەی حوسێنی ئەندامی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات، وەک نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە دەرەوەی وڵات لە کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنان دا بەشداری کرد، بە دەرەفەتمان زانی هێندێک پرسیار لەبارەی کارو چالاکی ژنانی دەرەوەی وڵات لەگەڵی دا بێنینە گۆڕێ. ئەو خاتوونە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە:



**هاوڕێ سەکینە ئەو کاتەت باش و بە خێر بێیتەوە بۆ کوردستان. چەند پرسیارێکمان لە جەنابت هەیە ئەگەر وەڵامیان بدەیەوە.**

منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی بۆتان رەخساندم تا وتووێژێک سەبارەت بە مەسەلەی ژن و گرفتەکانی لە دەرەوە و هەروەها کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ گۆڤارەکەتان، گۆڤاری ژنان بکەم.

**پ: یەکەم پرسیار ئەوەیە پێمان خۆشە لە سەر کاروباری ژنان لە دەرەوەی وڵات بۆمان بدوێی؟**

و: سەبارەت بە چالاکی ژنان لە دەرەوەی وڵات، دەکرێ لە نێوەڕاستی دەیەی ۹۰ڕا کە شەپۆلی پەنابەر زۆر بووە، بە شێوەیەکی نەئەکتیو و سەربەخۆ سەرهەڵدانێکی بووە، هەڵبەت هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەسەریەک گرنگی نەدانی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە مەسەلەی ژنان و نەقشی ژنان لە جووڵانەوەدا، بۆ نموونە لە ماوەی نزیک بە ۳۰ ساڵی خەباتی ئاشکرای میللی دیموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوە دووهەمین کۆنگرەیە دەگیرێ و پشتیوانیی ئێستامان جێگای هیوا و بەردەوامی چالاکانەی لەمەوبەدوامانە. لە لایەکی دیکەوە چالاکی ژنان لە دەرەوە زۆرتر لە چوارچێوەی بیروبۆچوونەکانی رێکخراوەکان دا بووە تا ئەوەی شکڵ و ساختارێکی تایبەت بە چلۆنایەتی بیرو هزری خودی ژنان بێ. یەکەم کۆنفرانسی پرسی ژن لە مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ کە بە پشتیوانیی حدک لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو، دەکرێ وەک هەنگاوێکی گرینگ بۆ پەرەپێدان و هاندان و چالاکی داهاتوومان پێی هیوادار بین.

پ: ئایا چالاکی و کارەکانی ئێوە لە دەرەوە، وەک ئێرەیە یان جیاوازیان هەیە؟ بە چ شێوەیەک؟

و: جیاوازی کاروباری ژنان لە دەرەوە لەگەڵ ناوخۆ گەلێک زۆرن، هەڵبەت رادەی ئیمکان و مانۆڕ بۆ چالاکی زۆرن، کە ئەویش دەبێ بە پێی پێوانەو مێعیاری هەرکام لەو وڵاتانە بگونجێ و بە نیسبەت ئیعلام مەوجوودییەتی رێکخراو و یان کۆمەڵەیەکی کلتووری یان سنفی و تێپەڕکردنی زۆر مەراحیلی ئیداری و بروکراتی. بەڵام ژیانی دەرەوەش گرفتی تایبەت بە خۆی هەیەو باری ئێکۆنۆمی قسەی یەکەم دەکا لەگەڵ کات. هەروەها دووری شوێنی ژیان و کارو خوێندن یان منداڵداریش، هۆیەکی سەرەکی گرفت پێک دێنن.

**پ: ژنانی دەرەوە لە سەر مافەکانیان پێداگرو سوورن، ئایا لەو بوارەدا تێکۆشانی جیدیان هەیە؟**

و: کەمتر ژن هەیە لە دەرەوەی وڵات پاش ماوەیەک مانەوە، بە دوای فێربوونی زمان و ناسینی کۆمەڵگای تازەدا، چاوو گوێی نەکرێتەوەو بە ماف و ویستەکانی خۆیان ئاشنا نەبێ، چلۆنایەتی هەڵسوکەوتی ژن و پیاو لە رەفتار لەگەڵ یەکتردا و تێگەیشتن و پێگەیشتنیان لەمەڕ داهاتوو، فاکتەری سەرەکییە. بەڵام ئەوە تا ئێستا بە شێوەی تاکە کەسی زۆرتر بووە نە لە قالبی رێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان کە لەو بوارەدا هەم چالاک بێ و هەم بتوانێ نەقشی موشاویری باشیان بۆ کێشەی نێوان ژن و پیاوو هەروەها کۆمەڵگای دەرەوە لەمەڕ مافەکانی هەردوو لا هەبێ. هەڵبەت ئۆرگانی دەوڵەتی و غەیرە دەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە مافی ژنان، زۆر چالاکن هەیە.

**پ: رادەی خۆ پێگەیاندنی ژنان لە دەرەوە لە چ ئاستێک دایە لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەوروبەرمان؟**

و: لەمەڕ تێکۆشان و خۆپێگەیاندنی ژنان لە دەرەوە، بە چەند دەستە دابەش دەکرێن، ئەو دەستەیەی بەشداری شۆڕش بوون و پاشان هاتوونە دەرەوەو خاوەنی ماڵ و منداڵن و رادەی تەمەنیان برێک چۆتە سەرێ، دوای فێربوونی بەشی پێویستی زمان، هەرکامەی بە شێوەیەک واریدی بازاڕی کار دەبێ بە گوێرەی توانایی، سەرەڕای پێڕاگەیشتنی ماڵ و منداڵ، بەشێک کە بە جەوانی هاتوون یان تەمەنیان خوارترە، مەودای

سەرکەوتنی خۆپێگەیاندنیان زیاترەو بە خۆشییەوە لە سەر ئەو تەیفە هیواکان دڵخۆشکەرن، و دەستەیەکیش بە هۆیەکانی جۆراوجۆر، ڕادەی چالاکیان زۆرتر لە نێو ماڵ دا دیارە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتەکان دا سەرکەوتن بەرچاوە هەر کامە بە شکڵێك، بەڵام دیسانیش ئیدەئال نیە.

**پ: لەم دواییانەدا کۆنفرانسێك لە دەرەوەی وڵات لە ژێر ناوی پرسی ژن پێك هات، ئەگەر دەگونجێ لەو بارەوە بۆمان بدوێن؟**

و: کۆنفرانسی ئەو دواییانە لە سەر ناوی پرسی ژن بۆ یەکسانی، بە خۆشییەوە پێشوازێکی گەرمی لێکراو زۆرێك لە خاوەن نەزەرو ڕووناکبیرو تێکۆشەرو پشتگری مافی ژنان لە کۆمەڵگادا لەگەڵ پیاوان، بە دڵئاوەڵاییەوە لە دەوڵەمەند کردن و پشتگری کردنی مافی ژنان چالاك بوون و هەن. ئەو کۆنفرانسە لە ژن و پیاوە خاوەن نەزەرەکانی تەیفی جۆراوجۆر لە مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ دا لە شاری ستۆکهۆڵم بە یارمەتیی و پشتیوانی حدك، پێکهاتبوو کە هەموو لایەك بە جیدی بەشداری چالاکی ئەم کۆنفرانسە بوون. مەبەستی سەرەکی دەستنیشان کردنی گرفتەکانی سەر ڕێگای مەسەلەی ژنان لە تاراوگەو ناوخۆدا و دیتنەوەو ڕێگا چارەی ئوسوولی و شیاوو مۆدێرن و ئەوڕۆیی و هەروەها هەبوونی پرۆژەگەلێکی پێشکەوتوو و مەنتیقی بە بەشداری چەند خاوەن نەزەری لەم بوارەدا،

بە هەبوونی پانێل و بە شێوەی ئاکادیمی و هەروەها وورك شۆپ، لە فەزایەکی تەواو دۆستانەو دڵسۆزانەدا بەڕێوەچوو. کە کاکڵی ئاکامەکانی ئەم کۆنفرانسەم لە دووهەمین کۆنگرەی ژنان دا لە کوردستان دا پێشکەشی کۆنگرە کرد. هەڵبەت بۆ کاری ژنان و چالاکی داهاتوومان و بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خەباتی ژنان بە شێوەی دڵخواز بچنە پێش، پێویستە لە هەموو تواناکانی پسپۆڕانی ئەم پرسە بە بێ جیاوازی و تەعەسوبی ڕێکخراوەیی بۆو مەبەستە کەڵك وەرگیرێ و هانبدرێن زۆر کار دەکرێ و لە پێشمانە بەڵام بەبێ پشتیوانی و گەلاڵەو پرۆژەی بە کەڵك و هێنانە کایەوە بە شێوەی پراکتیك ئاکامی خوازراومان نابێ. ئەو کۆنفرانس و کۆنگرەیە دەکرێ وك دەستپێك و سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بێ، هەم بۆ ناوخۆی وڵات و هەم بۆ دەرەوەو زۆر کاری گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

**پ: سەبارەت بە دیاردەی تەڵاق و هۆیەکانی لە دەرەوەی وڵات چ دەڵێن؟**

و: سەبارەت بە دیاردەی جیابوونەوە یان تەڵاق، بەداخەوە ئەو گرفتە کەم و زۆر لە هەموو کۆمەڵگایەك هەیە. ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە لە ناو کوردانی دەرەوەدا لە سەری بدوێین، دەکرێ ئاماژە بە هۆکار گەلێك بکرێ کە تەئسیری ڕاستەوخۆی هەیە، وەك دیاردەی ناشیاوی گەورە بە بچووك، یان بە زۆری و لە بەر ویستی بنەماڵە، ژن بە ژنە، لە سەر پشتی لانك مارەکردن و چاوەڕوانی قەزاوقەدەر بوون و ... بەشێکن لەو دەردانەی کە ئەم جۆرە مەوریدانە، کە پێشتر لە ناوخۆی وڵات لە نێوان ژن و پیاودا، هاتبێنە پێش و ئەمڕۆ بە هۆی هەل و مەرجی تایبەت لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئەو دیاردەیەی کە بە بێ ئیرادەو ویستی بە تایبەت ژن بەسەریدا سەپاوە، و بەتایبەتی لە باری ئابووریەوەو وابەستەی پیاوەو ئێرادەی پیاوەکە تەقریبەن بەسەر وجوودی ژن دا زاڵ بووەو.. لە فەزا و دونیایەکی تەواو جیاوازی وەك دەرەوە، کە زۆر لە مافەکانی ژن، وەك باری ئابووری، دەرەتانی کارودەرامەد، ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی دابین کراون، مەیدان بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکان ئاواڵە و ئیدی ژن مەجبوور بە تەحەمولی زۆر شتی داسەپاوی پیاو نییە، ئاکامی بەشی زۆری ئەم دیاردەیە، پاش ماوەیەکی نە زۆر دوور، لێك جیا بوونەوەیە. لایەنیکی دیکە جیاوازی لە نێوان سەلیقەکانی بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵە و منداڵ، کاری ناوخۆی ماڵێ و دەرەوە، چلۆنایەتیی هەڵس و کەوتی ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر لە مەر ئاواڵە بوونی مەیدانی مانۆڕی چالاکییەکانی ژیان، سەربەخۆ بوونی باری ئابووری هەردووك لا، گۆڕانی لە پری ژن یان پیاو لە کۆمەڵگای تازە و جەوو ژینگەی تازەداو... هۆکارەکانی دیکەی ئەم جیابوونەوەن.

**پ: جەنابت وەك نوێنەری ئورووپا کۆنگرەی دووهەمی ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: لەسەر کۆنگرەی دووهەمی ژنان، دەتوانم بڵێم، وەچەرخانێکی تازەیە لەمەڕ گرینگی دان بە چالاکی ژن و بە هێند گرتنی ئەم بەشە گرینگەی کۆمەڵ کە کەمتر ئاوڕی وێدراوە وپێشتر وەك وەسیلە لە کاتەکانی تەنگانەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە دەنا لە مێعیارەکانی شۆڕش دا کەڵکی پێویستی لێ وەرنەگیراوە و بڕوا بە چالاکی و نەقشیان لاواز بووە، و لە لایەکی دیکەوە خودی ژنانیش لەو بوارەدا کەمتر دەنگی نارەزاییان دەربڕیوە. کۆنگرە لە فەزایەکی دێموکراتیکانەو دۆستانەو هەست بە بەرپرسایەتی لەمەڕ پرسی ژن و کۆمەڵگاو بەروە دەستەبەر کردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و هەوڵ بۆ داڕشتنی بەرنامەو پلانی تێکۆشانیان و پێوەندییان هەم لە نێوخۆو هەم لە دەرەوە بەڕێوەچوو.

**پ: لە کۆتایی دا چ پەیامێکتان هەیە؟**

و: وەك پەیام خوازراوی ئەوەم ڕێکخراوەکەمان، ڕادەی چالاکی و تێکۆشانی بەتایبەتی لە نێوخۆی وڵات بە شێوەی دروست و ئوسوولی بەڕێوە ببات و لە هەموو کەرەسەکانی مەوجوود بۆ بەرەوپێش چوونی نەقشی ژنان لە کۆمەڵ و شۆڕش دا کەڵك وەرگرێت و سەرنج و پشتیوانیی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و کۆڕو کۆمەڵە بەشەردۆستەکان و پێشکەوتنخواز بەروە لای خۆی ڕاکێشێ و بتوانین لە هەموو پێوانەو بوارەکان دا، نەقشی بەرچاومان هەبێ هەروەها پەیوەندیمان بە دونیای دەرەوە کەسایەتیی و چالاکوانانی باری ژنان، لە دەرەوە و نێوخۆ و پارێزوانانی مافی مرۆڤ و بە تایبەتی ژنان، بەردەوام بێ.

**سوپاس هاوڕێ سەکینە حوسێنی**

**منیش سوپاسی ئێوە دەکەم.**

**نوامبری ٢٠٠٨ی زایینی**

# ئەنتراکس(١)

## Anthrax

ئا: سەید جەلال ساڵحی
Seyyed_jalal76@yahoo.com

ئەنتراکس، نەخۆشییەکی کتوپڕی چلکییە کە بە هۆی "باسیلۆسی ئانتراسیس"ەوە پێش دێ. بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە تەواوی ئاژەڵە کێوی و ماڵییەکانی وەک مانگا، مەڕ، بزن، وشتر، ئێسترو گۆشت خۆرەکاندا ڕوودەدا و ئەو کەسانەش کە زیاتر سەروکاریان لە گەڵ ئاژەڵە تووشبووەکاندا هەیە، دەگوازرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشیی ئەنتراکس لە ناوچە کشت و کاڵی و لە نێو ئاژەڵەکاندا باوەو مرۆڤیش لە ڕێگای پێوەندی لە گەڵ ئەو ئاژەڵە تووشبووانەو یان بەرووبوومەکانیانەوە(شیر، ماست، پەنیرو گۆشت...) تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێ و بۆی دەگوازرێتەوە. هەر بۆیە بە یەکێک لەو نەخۆشییە مەترسیدارە گوازرەوانەی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ دەژمێردرێ.

میکرۆبی ئەم نەخۆشییە دەتوانێ وەک چەکی بایۆلۆژیک کەڵکی لێ وەرگیرێ و بەرهەمهێنانەکەشی تا ڕادەیەکی زۆر ئاسانە، هەر بۆیە هەنووکە تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە. بۆ وێنە بڵاوبوونەوەی پاکەتە نامەکان لە ئامریکا دوای ڕووداوی ١١ سێپتامبری ٢٠٠١ی زایینی مەترسییەکی گەلێک گەورەی خستە نێو خەڵکی ئامریکاوە، چونکە میکرۆبەکەیان خستبووە نێو پاکەتەکان و بڵاویان کردبوونەوە کە زۆر کەس تووشی ئەم نەخۆشییە مەترسیدارە بوون و تەنانەت زۆر کەسیشی لەنێو برد، کە بەم دیاردەیە دەڵێن "بایۆتێرۆریزم".









**کورتە مێژوویەکی ئەو نەخۆشییە مەترسیدارە:**

لە بەڵگە و ئاسەوارە کۆنەکانی میسری کۆندا ئاماژەیەک بەم نەخۆشییە کراوەو نیشانە کلینیکاڵەکانی ئەسکەڵە پیسەیان زۆر دەمێکە ناسیوە. "داوین" بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٤٩ی-زایینی میکرۆبی ئەم نەخۆشییەی لە نێو خوێنی مەڕێکدا کە بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە لەنێو چووبوو، دۆزیەوە. لە ساڵی ١٨٧٧دا "ڕابرت کۆخ"یش توانی بیچێنێ.

**هۆکاری نەخۆشییەکە:**

هۆکاری ئەم نەخۆشییە هەروەک ئاماژەمان پێ کرد جۆرە باکتریەکە بە ناوی "باسیلۆسی ئانتراسیس".

**فۆرم و تایبەتمەندییەکانی ئەم باکترییە:**

باکتریەکە میلەیی شکڵ و بێ جووڵەیەو خاوەنی تووڕەکەیەکیشە کە دەتوانێ بێ هەواش بژی(هەوازی و بێ هەوازی). لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی ئەم ڕەگەزە، واتە باسیلۆسەکان و بە تایبەت ئەم جۆرە باکتری-یەیان، دروستکردنی سپۆڕە، هەر بۆیە بەرگرییەکی شوێنگەیی لە ڕادەبەدەری هەیەو بە زۆری لە ئاو و هەواو بە تایبەت لە خاکدا بوونی هەیە و دەژی.

**خۆڕاگری باکترییەکە:**

فۆڕمی ڕوان و گەشەکردنی ئەم باکتریە هەروەک زۆربەی باکتریەی بێ سپۆڕەکانی دیکە خۆڕاگرە، واتە هەستیارەوە لە گەرمای ٦٠ پلەی سەدی و مادەدە پاککەرەوە ساکارە(ئەنتی سێپتیک)کاندا هەر زۆر زوو لەنێو دەچێ، بەڵام سپۆڕەکەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە بارودۆخێکی عادیدا دەمێنێتەوەو دوای ئەم ماوەیە ئەگەر کەوتە بارودۆخێکی لەبارەوە، دەگۆڕێتە سەر فۆرمی ڕواندن، واتە توانایی هەیە لە سروشتدا بڕوێ. ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لەسەر ئەم باکتریە هەیە بە شێوەیەک کە لە سروشتدا ڕاپۆرتی ٦٠ ساڵ مانەوەی بە زیندوویی دراوە.

هۆکارگەلێک کە دەبنە هۆی هاگ گوزاری، گۆڕینی سپۆر بۆ فۆرمی ڕواندن و گۆڕینی ڕواندن بۆ سپۆر، دەبێتە هۆی مانەوەی باکتریەکە کە لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بە بوونی زەوییە "قلیایی"(٣) و هەڵگرە ئاهەکییەکان(٤) و ڕێژەیەک ئەزۆت لە ئاکامی ڕزینی ڕووەکەکان و هەروەها وەرزە بارانی و وشکەساڵییە یەک بە دوا یەکەکان و گەرمای زیاتر لە ١٥ پلەی سەدی بکەین کە بە نۆبە گۆڕینی سپۆر بە فۆرمی ڕواندن و بە پێچەوانەش دابین دەکا کە ئەم گۆڕانانە بە شێوەیەکی جیاواز لە سپۆری ئەم باکتریەدا هەیە، واتە لە گەڵ لەبار بوونی بارودۆخەکان دەبێتە فۆرمی ڕواندن و لە گەڵ نالەباربوونی بارودۆخیش، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەر شکڵی هاگ.

سپۆری ئەم باکترییە لە گەرمای ١٢٠ پلەی سەدی نێو ئۆتۆکلاوادا بۆ ماوەی ١٥ خوولەک لەنێو دەچێ. کولاندنی سپۆری(٢) ئەم باکتریە بۆ ماوەی ١٠ خوولەک لەنێو دەچێ.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم باکتریە ئەوەیە کە توانایی مانەوەی چەندین ساڵ و تەنانەت تاکوو ٢٠ ساڵیش لەنێو خاک و خۆڵ و بەرووبوومی ئاژەڵەکاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە کە ئەم تایبەتمەندییە بە هۆکارێکی گرینگ لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە دەژمێردرێ.

هۆکارگەلێکی‌تر کە لە لەنێوبردنی سپۆری ئەم باکتری‌یەدا کاریگەری‌یان هەیە، بریتین لە:

ئەلف: گەرمای وشکی ١٤٠ پلە بۆ ماوەی زیاتر لە ٣ کاتژمێر.

ب: گیراوەی فۆرمالینی ١٠٪ لە گەرمای ٤٠ پلەی سەدی بۆ ماوەی ١٥ خولەك، بەڵام لە گەرمای کەمتردا ماوەیەکی زیاتری پێویستە.

ج: گیراوەی ئۆکسیدی سۆدیۆمی ٥٪.

د: دیارە تیشکی هەتاو و بۆگەن کردنی کەلاکەکان کاریگەرییەکی کەمتری لەسەر سپۆری ئەم باکتری‌یەدا هەیە.

هەستیاری بە نیسبەت ئەم باکتری‌یەوە:

تەواوی گیاخۆرەکان لە بارودۆخێکی سروشتی‌دا بە نیسبەت ئەم نەخۆشی‌یەوە هەستیارییەکی زۆریان هەیە. پاتاڵە کاوێژکەرەکانی وەك مەڕ، بزن و مانگا زۆر هەستیارن و هەر کە تووشی ئەم نەخۆشی‌یە بوون زۆر توند دەی گرن و لەنێویان دەبا. کەواتە لە ڕوانگەی هەستیارییەوە پاتاڵە کاوێژکەرەکان لە یەك سمەکان هەستیارترن. گۆشت خۆرەکان هەستیارییەکی کەمتریان هەیەو بە دەگمەن وێ دەچێ تووش بن. هەموو پەلەوەرەکان جیا لە (شترمرغ)، بە نیسبەت ئەم نەخۆشی‌یەوە خۆڕاگرن. ڕەگەز لە هەستیاری مەڕوماڵاتدا دەور دەبینێ، بۆ وێنە مەڕە ئافریقایی‌یەکان لە چاو ڕەگەزەکانی دیکەوە خۆڕاگری‌یەکی زیاتریان بە نیسبەت ئەنتراکسەوە هەیە، هەروەها ئاژەڵە پیرەکان بە هۆی بەرگرییەکی کە جەستەیان وردە وردە وەدەستی هێناوە، لە چاو ئاژەڵە کەم تەمەنەکان خۆڕاگرییەکی زیاتریان هەیە.

مرۆڤ بە نیسبەت نەخۆشیی ئەنتراکسەوە زۆر هەستیارەو هەر کە پێوەندی بە ئاژەڵە تووش بووەکان یان بەرووبوومە تێوەگلاوەکانیانەوە گرت، تووشی ئەم نەخۆشی‌یە دەبێ.

**ڕێگاکانی گواستنەوەو بڵاوبوونەوەی باکتری و نەخۆشی‌یەکە:**

نەخۆشیی ئەنتراکس لە مرۆڤدا لە ئاکامی پێوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئاژەڵە نەخۆشەکان یان بەرووبوومەکانیان وەك پێست، موو و پەشم پێك دێ. کەواتە بەیتارەکان، میکرۆبناسەکان، وەرزێرەکان، شوانەکان، کرێکاری کوشتارگاکان و ئەو کارمەندانەی کە لە کۆمپانیاکانی پێست و پەشمدا کار دەکەن، زیاتر لە بەردەم تووشبوون بەم نەخۆشی‌یە دان.

میکرۆبی ئەنتراکس لە ئاژەڵاندا ڕاستەوخۆ لە ئاژەڵی نەخۆشەوە ناگوازرێتەوە بۆ ئاژەڵی ساغ، بەڵکوو میکرۆبەکە لە شانەی نەخۆشە تووش بووەکاندا هەیەو کەمێك بەر لە مردنیان لە ڕێگای دەردراوە جۆراوجۆرەکانیانەوە دێتە دەرەوە. هەروەها ئەگەر کەلاکی ئاژەڵە تۆپیوەکان "کالبدشکافی" بکرێن یان ئەوەتا بکەونە بەردەم باڵندە یان ئاژەڵە ڕاوکەرەکانەوە، وێ دەچێ میکرۆبەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو و مەترسیدار لەنێو خاکدا بڵاو بێتەوە. کەواتە وێ دەچێ میکرۆبەکە لە ناوچەیەکدا بە هۆی چۆمەکان، جرۆجانەوەرەکان، سەگەکان و زۆربەی گۆشتخۆرەکانی دیکە، باڵندە کێوی‌یەکان و یان پیسایی مەڕو ماڵاتەکانەوە بڵاو بێتەوە. هەمیشە هاتنی چڵك بۆ ناوچەیەکی تێوەنەگلاو لە ڕێگای ماددە تێوەگلاوەکانی ئاژەڵی وەك ئێسکی هاڕدراو(پۆدر،٥)، کود، پێست، ڕێخۆڵە، پەشم و تفاقی تێوەگلاوەوە دێتە پێش.

وێ دەچێ میکرۆبی ئەنتراکس لە مرۆڤ و ئاژەڵدا لە ڕێگای ڕووشانی پێستی، هەرسی و یان لە ڕێگای هەناسەوە ئالوودە بوون پێك بێنێ. هەرچەند لە زۆر بواردا شێوازی تێوەگلانەکە بە دروستی مەعلووم نیە، بەڵام زۆر جار گومان لەوە دەکرێ کە مەڕوماڵاتەکان لە ئاکامی خواردنی تفاق و خواردەمەنی‌یەکان یان ئاوە پیسەکانەوە تێوەدەگلێن و لە مرۆڤیشدا میکرۆبەکە زیاتر لە ڕێگای ڕووشانە پێستی‌یەکانەوە دەچێتە نێو جەستەوە، بەڵام وێ دەچێ بە هەڵکەوت لە ڕێگای لینجەکانی کۆئەندامی هەناسە یان هەرسەوە کەسەکان تێوەگلێنێ. کەواتە بە پێی چوونە ناوەوەی میکرۆب سێ جۆرە ئەنتراکس پێك دێ کە بریتین لە: ئەنتراکسی پێستی، هەناسەو هەرسی.

**نەخۆشی هێنەری میکرۆبی ئەنتراکس:**

باسیلۆسی ئەنتراسیس لە ڕێگای دروستکردنی ژەهرەوە هێرش دەکاتە سەر خانەخوێ. بە شێوەیەکی ڕاستتر، نەخۆشی‌هێنەری باسیلۆسی ئەنتراسیس پێوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە: توورەکە و ژەهراو.

بەم شێوەیە کە توورەکەکە، باکتری‌یەکە لە بەرامبەر بێگانەخۆرو فاگۆسیتەکان و هۆکارە بەرگری کەرەوە ناتایبەتی‌یەکانی دیکەی لەش دەپارێزێ و ژەهراوەکەش لە سێ بەشی گرینگی پرۆتینی پێك هاتوە.

نەخۆشی‌یەکە لە مرۆڤدا بە شێوەیەکی توندتر پێك دێ و مردنەکەشی نائاسایی نیە. پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کە نەخۆشیی ئەنتراکس لە مرۆڤدا بە سێ شێوەی سەرەکی دەبیندرێ:

**١: ئەنتراکسی پێستی:**

نزیکەی ٩٥ تا ٩٨ لەسەدی بوارەکانی نەخۆشی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ. باکتری‌یەکە لە ڕێگای برینداری یان ڕووشانی پێستەوە دەچێتە ژووری، بەڵام لە پێستی ساغدا ناتوانێ دزە بکاتە ژووری. لە ماوەی ١ تا ٧ ڕۆژی دەورەی شاراوەکەی‌دا( زۆر جار ٣ تا ٥ ڕۆژ) نەخۆشی‌یەکە، گەشە و زۆر دەبێ و ژەهر ساز دەکا کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی زیبکەی گچکەی لە حاڵی چوونەپێش و گەورە بووندا. دیارە ئەم زامە مەیلەو سوورەو وەکوو زیبکەی پێوەدانی مێشوولە دەچێ و ئەگەری خارشتیشی هەیە. لە گەڵ چوونەپێشی نەخۆشی‌یەکەدا برینەکە دەبێتە بلۆقی(٦) پڕ لە ئاو. وێ دەچێ



بلۆقی دیکەش لە دەورووبەریدا پەیدا ببن. ئاوی نێو ئەو پۆرگانە کە لە سەرەتاوە ڕوونە دواتر بە ڕەنگی قاوەیی و شین و ڕەش دەبێ. کاتێک کە ئەو پۆرگانە دەتۆقن، ناوەندی برینەکە دەست دەکا بە مردن و دەبێتە گرێیەکی ڕەش. دیارە زامەکە بە بێ ئازارە مەگەر ئەوەی کە بکەوێتە ژێر تەوژمەوەو فشاری بۆ بێ.

هاوکات لە گەڵ دروستبوونی بە گرێ بوونی برینەکە(ئیسکار)، وێ دەچێ نیشانەگەلێکی سووکی گشتی وەک بێئۆقرەیی و چوونەسەری تای لەش سەرهەڵ بدا. باوترین شوێنی چڵکی ئەنتراکسی پێستی، سەر و باسکە. بۆ وێنە:

ئەلف: ئەنتراکسی پەردەکانی مێشک:

وێ دەچێ بە دوای جۆرەکانی دیکەی نەخۆشیدا بە تایبەت شێوەی یەکەم، چڵکی پێستی بێتە پێش. ئەم جۆرە چڵکە تەقریبەن لە ٥٪ی تووشبووان بە ئەنتراکسی پێستیدا ڕاپۆرت دراوە. لەم شێوە نەخۆشییەدا بە بێ سەرنجدان بە دەرمان، ڕێژەی مردنەکان ١٠٠٪ە.

ب: ئەنتراکسی هەناسەکێشان:

هەڵمژینی سپۆرە زیندووەکان و جێگرەوەیان لە چیکەڵدانۆچکەی سی-یەکاندا دەبێتە هۆی ئەنتراکسی هەناسەکێشان. سپۆرەکان دوای گواستنەوەیان بۆ ڕژێنە لەنفاوییەکان گەشە دەکەن، زۆر دەبن و دەست دەکەن بە ژەهر ساز کردن. تۆکسین و باکترییەکە لە ڕێگای بۆڕی لەنفاوییەوە دەچێتە نێو سووڕی خوێن و خێرا دەبنە هۆی پەیدابوونی ژەهرو میکرۆبی کوشندە.

ج: ئەنتراکسی هەرسی:

ئەنتراکسی هەرسی لە ئاکامی خواردنی گۆشتی ئاژەڵە تووشبووەکانەوە دێتە پێش. نیشانەکانی نەخۆشیی ئەنتراکسی هەرسی بە ماوەی ٢ تا ٥ ڕۆژ بە دوای خواردنی گۆشتی ئالوودەوە ئاشکرا دەبن. نیشانە سەرەتاییەکانی وەک، دڵ تێکەڵاتن، ڕشانەوە، بێ ئیشتیایی، یاو، ژانە زگ و هێندێک جار سکچوونی خوێنییە.

کوانە پیسەی پێستی لە پێستی مرۆڤی تووشبوودا:

دیارە لە ناوچەگەلێک لە پێستی دەست و باسکدا کە زیاتر لە بەردەم پێوەندی لە گەڵ ئالوودەبوونەکە دان، دێتە پێش. هەرچەند پێستی دەم و چاو و ملیش تووش دەبن، بەڵام زۆر بە کەمی.

**نیشانەکان:**

خەسارەکە زیاتر لە گەڵ پێکهێنانی زیبکەی بێ ئازار لە شوێنی چوونی میکرۆبەکەدا دەست پێ دەکا کە بە خێرایی بلاو دەبنەوەو دەبێتە زامێک کە پۆرگگەلێکی گچکە دەورووبەرەکەی داگرتووەو دەبێتە نێکرۆزێکی سووری تۆخ و ڕەش. ئەم برینە ١ تا ٣ سەنتی میتر ئەستوورایی هەیە کە پێی دەڵێن، پۆرگی مەترسیداری چڵکی(Malignant pustule). وێ دەچێ لە ئاکامی ژەهری میکرۆبەکەدا، ئاوساوییەکی بەربلاو، گەورەبوونی گرێ لەنفاوییەکان، یاو، وەڕەزی و ژانەسەر ببیندرێ. نەخۆشییەکە لە زۆر بواردا بە بێ هۆ بەرتەسک دەبێتەوەو بەرەو چاک بوونەوە دەچێ، بەڵام بوارە دەرمان نەکراوەکەی دەتوانێ ببێتە هۆی باکتریمیا(Bacteremia)، ئاوسانی پەردەی مێشک و مردن کە ئەم زەرەرانە لەم جۆرە کەسانەدا نزیکەی ٢٠٪ە. ئەم نەخۆشییە لە ناوچەکانی نزیک کەمەرەی زەویدا باوترە.

٢: ئەنتراکسی سییەکان:

لە مرۆڤدا کە نەخۆشیی پەشم ڕێسانیشی پێ دەڵێن لە ئاکامی هەڵمژینی سپۆرەکانەوە پێک دێ کە لە سەرەتاوە نیشانەگەلێکی وەک هەڵامەتی هەیە، بەڵام هەر زوو زۆر دەگۆڕێ و دەبێتە نەخۆشییەکی توندی سییەکان و سییە سۆی هەڕەشە کەر. ڕادەی زیانەکان لەم جۆرە نەخۆشییەدا تەنانەت ئەو کەسانەش کە کەوتوونە ژێر دەرمانی شیاوەوە زۆرە، چونکە تا کاتێک نەخۆشییەکە دەستنیشان دەکرێ کار لە کار ترازاوە.

**نیشانەکان:**

یاو، وشکە کۆخە، هەست بە ناڕەحەتی لە پشتەوەی کۆڵەکەی سینگ و لە ئاکامدا پشووسواربوونێکی توند، ئاڕەقەکردنەوەو سیانوز. پەردەی تەنیشت سییەکانیش دەگرێتەوەو دوای ئەوە خوێن لە نێو بۆشایی سینگدا کۆ دەبێتەوە. نەخۆشییەکە بە خێرایی گەشە دەکاو لە ماوەی ٢٤ تا ٣٦ کاتژمێردا هێدمە، دابەزینی گەرمای لەش و مردن ڕوودەدا.

٣: ئەنتراکسی هەرسی:

لە ئاکامی خواردنی گۆشتی ئالوودەوە پێش دێ.

**نیشانەکان:**

بە شێوەی هەوکردنێکی توندی کۆئەندامی هەرس ئاشکرا دەبێ. یاوی زۆر، باکردنی زگ ، ئازاری گەدەو

هەروەها وێ دەچێ ڕشانەوەو سكچوونی خوێنیش ببیندرێ كە لە ئاكامدا دەبێتە هۆی مردن. وێ دەچێ لەم جۆرە ئەنتراكسەدا ڕێژەی مردنەكان لە نێوان ٢٥ تا ٦٠٪ی بوارەكان پێك بێنێ.

**ناسینەوە:**

دیارە دەبێ ڕاستەوخۆ نموونەیەك لە زامەكە هەڵگرین و لە تاقیگەدا فیلمێكی پێ ساز بكەین و لە ژێر میكرۆسكۆپدا چاو لە باسیلە گرام پۆزێتیڤ و گەورەكان كە بە شێوەی زنجیرەیی هەڵكەوتوون، بكەین. هەرچەند سپۆرەكان لەو فیلمەی كە لە دەرەوەی زامەكەدا ساز كراوە، نابیندرێن. كەواتە ناتوانین لە ڕێگای تاقیكارییە سیرۆلۆژییەكانەوە دەستنیشانی بكەین. واتە تاقیكارییە سیرۆلۆژییەكان زۆر كار ساز نین.

پەتا زانییەكەی(٧):

لە بنەڕەتدا ئەنتراكس نەخۆشیی گیاخۆرەكانە و، لە ڕێگای ئەوانیشەوە لە سروشتدا دەپارێزرێ. ئەسكەڵە پیسە لە ڕوانگەی پەتا زانییەوە بە شێوەی ئەنتراكسی سەنعەتی و كشت و كاڵی-یەوە جێگای سەرنجە.

١: ئەنتراكسی سەنعەتی:

لە مرۆڤە پیشەدارەكان لە ناوەندەكانی دروستكردن و بەرهەمهێنانی ماددەی ئاژەڵ یان بەرووبوومەكانیان كە وێ دەچێ لە ئاكامی ئاژەڵە لەنێوچووەكان تووشی ئەو نەخۆشییە ببوبن، ڕوودەدا. باوترین سەرچاوەی ئەنتراكسی سەنعەتی پێست یان چەرم و پەشم یان مووی مەڕ و بزن، پۆدری ئێسك، خوێن و گۆشتی ئاژەڵە.

٢: ئەنتراكسی كشتوكاڵی:

لەو كەسانەی كە لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئاژەڵی تووشبوو دان وەك، خاوەن ئاژەڵەكان، بەیتارەكان، شوانەكان، تاقیگەچییەكان و بە ئەگەرێكی زۆر وەرزێرەكاندا ڕوو دەدا.

پێشگیری و كۆنترۆڵكردن:

یەكێك لە ڕێگاكانی پێشگیری، كەڵك وەرگرتن لە واكسێنە كە لە ئێراندا تەنیا بۆ پاتاڵەكانە. جێی وەبیرهێنانەوەیە كە نابێ واكسێنی ئاژەڵی بۆ مرۆڤ كەڵكی لێ وەرگیردرێ.

هەنووكە لە ئامریكادا بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە لە واكسێنی مرۆیی بە دژی كەڵك وەردەگرن. لە كاتێكدا كە جلوبەرگ و كەل و پەلەكان ئالوودە بە میكرۆبی ئەنتراكسەوە بن، دەبێ بسووتێندرێن. ئەگەر ڕووكاری شوێنێك ئالوودە بەو نەخۆشییە بوو، دەكرێ بە كەڵك وەرگرتن لە فۆرماڵدئیدی ١٠٪ لە ئاو و گیراوەی كلۆرۆپراكسیدی هایدرۆژێنی ٣٪ ئیستریل و خاوێنی بكەنەوە. دەبێ هەر كاتێك كە شوێنێكی جەستەتان لە ئاژەڵێكی تووشبوو بەو نەخۆشییە كەوت، بە شامپۆو ماددەی پاككەرەوەی دیكە بە جوانی بیشۆن و خاوێنی بكەنەوە. ئەم چەند خاڵانەش لەبەرچاوگرتنیان زۆر پێویستە:

١: نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەو ئاژەڵەی كە هۆی مرداربوونەوەكەی گومانی ئەو نەخۆشییەی لێ دەكرێ، "كالبد شكافی" بكرێ.

٢: سووتاندنی كەلاكی ئەو ئاژەڵانەی كە گومانی ئەو نەخۆشییەیان لێ دەكرێ یان خستنە نێو چاڵێكی قووڵ و داپۆشینیان بە قسڵ.

٣: جیاكردنەوەی ئەو ئاژەڵانەی كە نیشانەكانی ئەو نەخۆشییەیان لێ وەدەركەوتووەو پێدانی ئانتی بایۆتیك و كوتانی ئاژەڵە ساغەكان.

٤: نابێ ئەو ئاژەڵانەی كوتراون، كەمتر لە ٢٤ ڕۆژ دوای كوترانەكەیان ببردرێنە كوشتارگاكان و كەڵك لە گۆشتەكەیان وەرگیردرێ.

٥: ئیستریل كردنی هەموو بەرووبوومێكی وەك كەوڵ، پەشم و ئێسكی ئاژەڵی گومان لێكراو بە ئەنتراكس.

٦: لەبەرچاوگرتنی ڕێنماییە تەندروستییەكانی شوێنی كارو بەڕێوەبردنیان بۆ پێشگیری لە تووشبوون بەو نەخۆشییە.

٧: هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی میكرۆبەكە و پووچەڵكردنەوەی ژەهرەكەی بەو ئانتی بایۆتیكانەی خوارەوە.

دەرمان:

لە دەرمانەكانی وەك پێنی سیلین، تێتراسایكلین، ئێریترۆمایسین و كلۆرامفێنیكۆڵ بۆ ئەو نەخۆشییە كەڵك وەردەگرن كە تا ڕادەیەكیش سەركەوتوو بوونە، بەڵام لانی كەم ٢٤ كاتژمێر بەر لە ژەهراوی بوون خوێن بەو میكرۆبە دەبێ بدرێن بە نەخۆش. ئەو ئانتی بایۆتیكانە بۆ ئەنتراكسی جۆری پێستییەكە زۆر كاریگەرن، بەڵام بۆ ئەنتراكسی سیەیەكان دوای سەرهەڵدانی نیشانەكان، تەقریبەن بێ ئاكامن. لێكۆڵینەوە ئەنجام دراوەكان دەریان خستووە كە دەرمانی ئەو مەیموونانەی كە دەست بەجێ ڕۆژێك دوای پێوەندی لە گەڵ سپۆری ئەو باكتریەیدا ئەنتی بایۆتیكیان لێ دراوە، سەركەوتوو بووە.

فەرهەنگۆك:

١: " ئەنتراكس"، "سیاه زخم"، "شاربن": برینا ڕەش، تیراوێ، ئەنتراكس، شاربۆن، كوانە پیسە، سپڵی پێ، ئاگرەی زمان، نەخۆشیی سپڵ، ئەسكەڵە پیسە، تای سپڵ.

٢: هاگ: سپۆر(Spor)، قەپێلكە.

٣: قلیایی: تفت، ئەلكەلاین(Alkaline).

٤: ئاهك: ئاهەك، قسڵ، كلس.

٥: پودر: تۆز، پۆدر، شتی هاڕدراو/ هاڕاو، پاودر. Powder

٦: گاول: بلۆق، پۆڕگ، تاول، وزیكوڵ. Blister , Vesicle

٧: ئێپیدمیولوژی(همەگیر شناسی): گشتگیرەناسی، ئێپیدێمیۆلۆژی، نەخۆشی ناسی، پەتازانی. Epidemiology

**سەرچاوەكان:**

www.biology82.blogsky.com
www.khyberwatch.netfirms.com
www.ghiasabadi.com
فەرهەنگی گیرفانی "خاك" (فارسی — كوردی) = مەحموود عەبدوڵلا و جەماڵ جەلال.

# هەڵسوکەوتی هێندێك پیاو لەگەڵ ژن دا

و: دایکی نارین



ژنان بۆ هێندە لەژێر سێبەری پیاوان دا دەژین؟ لە حاڵێك دا زۆربەی ژنان دەتوانن جگە لە بەڕێوەبردنی ماڵو گەورەکردنی منداڵ شان بە شانی پیاوان لە شوێنە ئیدارییەکان رۆڵی گرینگیان هەبێ بەلاّم لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا دیسان پێیان وایە کە لە ژێر سێبەری ئەواندا نەبن ناتوانن لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگادا بەرەوڕوو بن، بۆخۆیان حەلی بکەن. هێندێك پیاو پێیان وایە ئەگەر ژنەکە لە ئەرك و بەرپرسایەتی دا لەو سەرکەوتووتر بوو ئەوە بەسەر پیاوەکەی دا زاڵەو بڕیاری بۆ دەدا چونکە پێیان وایە ژن مەوجوودێکی زەعیفەو سەرکەوتن تەنیا بۆ پیاوان هاتوە. بۆیە زۆربەی ئەو ژنانەی کە توانای کاریان هەیە بەلاّم لە نێو کۆمەڵگادا دەنگیان خەفەیە توانایان نیە چونکە کەسێکی دیکە هەیە بێ ئەوەی کە رای لێ وەربگرێ بۆ خۆی بڕیاری بۆ دەدا کە لە ماڵێ بمێنێتەوەو لە گۆشەی ئاشپەزخانەدا بشواو دروست بکاو منداڵ بە خێو بکا تەنیا بۆ ئەوەی کە تواناو لێهاتوویی ئەو ژنە لە کۆمەڵگادا زەق نەبێتەوەو بە قەولی پیاوان نەبێتە یاخی لە کۆمەڵگادا. ئاخر تا کەی ژن کە خۆی خاوەنی هەستو بیرو هۆشە، خاوەنی ئیستیعدادە، خاوەنی نەزەرە، خاوەنی دەنگە، بۆ دەبێ کەسێکی دیکە ببێتە خاوەنی هەموو ئەو شتانەو بە دانی بڕیارێك لە رووی غروورەوە زاڵ بێ سەری‌دا. بۆ ژن ئینسان نیە ئەویش وەکوو هەموو مرۆڤێك لەو دنیایەدا مافی هەیە کە بەداخەوە لە ژێر پێی پیاوسالاری دا بۆتە خۆڵ بەدەم باوە رۆیشتوە.

هەر لەو جیهانەدا هێندێك ولاّت هەیە کە تەواو چۆتە ژێر سێبەری ئەو پیاوسالارییەو بەبێ بڕیاری پیاو هەنگاو هەڵ ناهێنێ چونکە پێی وایە هەرچی ئەو دەڵێ دەبێ وابێ لەبەر ئەوەی پیاوەو نابێ بە بێ بڕیاری ئەو هیچ کارێك بکەنو پێیان وایە ئەگەر پیاو نەبێ ئەوە شەخسیەتیان ناپارێزرێو ئەوە پیاوە کە شەڕەفی ژن دەپارێزێ تەنانەت لەسەر جلوبەرگ لەبەرکردنیش بەهانە دێننەوەو دەڵێن نابێ ئاوا جلوبەرگ لەبەر بکەی‌و نابێ ئەو شوێنەی کە من پێمخۆش نەبوو بچی‌و بۆخۆی ئەگەر بەچەند رۆژ بڕوا بۆ سەفەر بۆی نیە بپرسی کە تۆ ئەو چەند رۆژە لە کوێ بووی چونکە ئەگەر لێی بپرسی پێی وایە تازە لەو ماڵەدا بێ دەسەلاّت بووەو بڕیاردەر ژنەکەیەتی بۆیە دەنگی بەرز دەکاتەوەو زۆر جنێوی ناشیرینی پێدەداو تەنانەت هێندێك جار لەوانەیە لێشی بداو پێشی دەڵێ کە تۆ حەقت نیە بڕیار بۆ من بدەی.

هەر لەو بارەیەوە چەند نموونەمان هەیە کە ئاماژەی پێ کراوە:

کاتێك سارا زەماوەندی کرد بەرپرسی کۆمپانیایەکی گەورە بوو و لە کارەکەی‌دا زۆر سەرکەوتوو بوو، تا ئەو کاتەی دووگیان بوو کاری دەکرد لەیەکەم زایمان دا سێ منداڵی بوو بۆ گەورەکردنی منداڵەکانی پێویستی بە کاتی زۆر هەبوو بۆیە بە ناچاری دەستی لە کار کێشایەوە تا بە جوانی بە منداڵەکانی رابگاو گەورەیان بکا.

شەوێك ساراو عەلی مێردی لە میوانییەکی دۆستانە بەشداربوون باس لە کاری پێشووی سارا کراو عەلی گوتی: ئەو کارەی ئەو ئیتر تەواو بووە ئەو پێشوو کاری دەکرد نەك ئێستا ئەو قسەیە بەلای هەموویان زۆر ناخۆش بوو بەلاّم عەلی پێی وابوو کە تەنیا شۆخییەکی چووکەی لەگەڵ ژنەکەی دا کردوە.

سارا دەڵێ: هەموو شتێك لەو کاتەوە دەستی پێ کردو رۆژبەرۆژ کێشەمان زیاتر دەبوو چەند ساڵ بەو شێوەیە گوزەرا عەلی لەسەر چووکترین شت کێشەی دروست دەکرد. ئیرادی لە سەر شێوەی لیباس لەبەر کردنی منداڵەکان دەگرت، تەواوی شتی نێو ئەو جێ لیباسانەی بە بیانووی ئەوەی کە لێك دراوە هەڵدەڕشتو بیانووی لە ئەندامی لەشم دەگرتو دەیگوت: زۆر قەڵەوی دەبێ وەرزش بکەی‌و لاواز ببی. ئەمن ناتوانم بەو شێوەیە تەحەمولت بکەم. ژیانم زۆر دژوار ببوو بەلاّم لەبەر

منداڵەکانم ملم بۆ هەموو شتێك ڕادەکێشا لە چاڵ کەوتبووم بەڵام هەوڵم دەدا وا بیرنەکەمەوەو بەهەر شێوەیەك بێ خۆشیو سولح بێنمەوە ئەو ماڵە دوای یانزدە ساڵ ژیانی هاوبەش ژنی بەسەر هێنام بە جێی هێشتم. ئێستا دوای شەش ساڵ تازە توانیم کە تامی جوانیو سەرکەوتوویی و لەسەر پێ خۆوەستان بچێژمەوە. تازە هەستم بەبوونی خۆم کردوە چونکە زۆر دەمێك بوو کەس هیچ شتێکی لەسەر ئەوان پێ نەگوتبووم.

دەروونناسان بەو شێوەیە باسی لێدانی پیاو دەکەنو دەڵێن ئەگەر چی هیچ بەڵگەیەکمان لەو بارەیەوە بە دەستەوە نیە بەڵام پێمان وایە کە ئازاردانی روحی زۆرتر کاریگەری خراپی هەیە تا هەڵسوکەوتی فیزیکیو جسمی.

نەسرین یەکێکی تر لەو ژنانەیە کێشەیەی هەیەو دەڵێ: هاوسەرەکەم بیست ساڵە بەو شێوەیە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکاو بە قسەی ناخۆش ئازارم دەدا ئەو پێی وایە کە لە من باشتر دەتوانێ کێشەی ژیانمان حەل بکاو لەگەڵ دەستکورتیو سەختی ژیان ڕابێ. هاوسەری نەسرین تووڕە بوونی خۆی بە قسەی ناخۆشو جنێودان بە خێزانەکەی دەشارێتەوەو بە جێی ئەوەی کە هاتووهاوار دابنێ زۆر بە دەنگێکی نزم، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە روحی خێزانەکەی ئازار دەداو کۆتایی بە شەڕەکەی دێنێ.

مەرجان یەکی تر لەو ژنانەیە کە چەند ساڵە بەو شێوەیە ژیانی خۆی دەباتە سەر بێ ئەوەی بزانێ کێشەی ژیانیان چیە. بە خەمو خەفەت ژیان بەسەر دەباو ئەو دەڵێ: من لە سەر ئەو بڕوایەی کە یاسای پیاو لە ماڵەوە بەو شێوەیە ئەتۆش ناتوانی لەگەڵ ئەودا دژایەتی بکەی هەرچەندە کە هەڵسوکەوتی ئەو زۆر بێ عەداڵەتی تێدا بێ، بۆیە هەموو کات هەوڵم داوە هاوسەرەکەم تەحەمول بکەم بێ ئەوەی کە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بکەم، بەڵام



تەنیا شتێك کە رووی دا ئەوە بوو کە شێوەی هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەم رۆژبەرۆژ بەرەو خراپی دەچوو ئەو هیچ کات هەڵسوکەوتی خراپی خۆی قبووڵ نەبوو و بە منی دەگوت: تۆ پێچەوانە لە من تێگەیشتووی ئەمن مەبەستێکی خراپم نەبوو ئەوەندەی وا دەگوت زۆرجار دەهاتمە سەر ئەو باوەڕە کە بەڕاستی ئەمن خراپ تێگەیشتووم یا ئەسڵەن شتی وا رووی نەداوە.

زۆر جار بەڵگەی ئەو هەڵسوکەوتەی پیاوان ئەوەیەکە ژنان بە ڕادەی پێویست تەسلیمی بڕیارەکانی ئەوان نەبوون، کاتێك کە ژنەکەی داوایەکی سادەی هەبێ دەست دەکا بە هاتووهاوارو پێیوایە کە بڕیاری بۆ دەدا بەڵام، بۆ خۆی چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە سپاسو پێزانین لەبەرخوردی ئەو بکا.

## بۆچی پیاوان بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن؟

جەیران کە مامۆستایە دەڵێ: هاوسەری من بە هیچ شێوەیەك لە هەڵسوکەوتی خۆی کە جاری وایە وەك بەرپرسێکی زۆر تووڕەیە هیچ مەبەستێکی نیە، بەڵام بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکا لە نێو خەڵك دا هەڵسوکەوتی ناحەز نیشان دەداو وەك ئەوەی من زۆر ژنێکی خراپ بم پێی دەڵێم: بۆچی لەگەڵ من وەك منداڵێکی سەرەڕۆ هەڵسوکەوت دەکەی لە وڵام دا دەڵێ: بە راستی وای! منداڵەکانیش زۆر لەو بارودۆخە ناڕازین.

ئەو رەفتارە ناشیرینە کە پیاوان بەرامبەر بە ژنان هەیانە پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ زەربەلێدانی رووحی منداڵان هەیە رەنگە ئێوە هەست بەوە نەکەن کە منداڵەکان چەندە بەو رەفتارانە بەرامبەر دایکیان حەساسن ئەوان لەو بارودۆخەدا کە ئێوە پێکەوە کێشەتان هەیە ئەوانیش هەست بە کینەو دوژمنایەتی دەکەنو ئاخری لە جێگایەك ئەو رقو قینە هەڵ دەڕێژن.

پیاوان دەبێ فێربنو گوێ بدەن یانی گوێگرێکی باش بن بۆ خێزانەکەیانو ڕێزیان لێ بگرن بەڵام دەبێ بزانن ئەو کارە هاسان نیەو بەراحەتی ناکرێ کاتێك کە ئێوە وەك گرفتێکی رەوانی چاو لەو گرفتە بکەن ئەو کاتە لەوانەیە بزانن کە چۆن لەگەڵی رووبەڕوو ببنەوە، بەڵام کەخووتان پێ گرت دڵنیا بن کە هیچ کات ناتوانن ئەو گرفتە تەحەمول بکەنو هەر ئێوەشن کە بەچۆك دادێن.


شێعر و چیرۆک

# آرزوهای من

سوزان یگانه



آرزوهای من
کوچک و سرد و غریب
آرزوهای من
ساده و بی پروا
آرزوهایم را
به شب و بوی بهار
میسپارم
شاید
برسد پیش نگاه تر تو
آرزوهایم را
به گلی می بخشم،
که تو را میبوید.
آرزوهایم را
به تو میگویم
لیک،
در خوابی تو.
میروی
و نمیدانی تو،
آرزو داشتم اینجا باشی،
همۀ عمر کنار من تنهای غریب.

# بەردی کەعبەش

ترێ عومەر

له پاش ئەوەی..بەردم بینی ،
سەری دوعای پان کردەوە
هەرگیز من

بەردم خۆش ناوێ ونایکەم بە
ملوانکەی ملم جارێکی دیش...

ڕقم لە هەموو بەردێکە هەتاکو
بەردی ئەلحەدیش ...
له پاش ئەوەی ..،بەردم بینی ،
سینگی دوعای کرد بە دوورگەی
ئازارو خوێن
دابێژ دابێژ بوون، گیان و لەش

ڕقم لە هەموو بەردێکە
هەتا بەردی ڕەشی کەعبەش
...



# پرنده مردنی ست

فروغ فرخزاد

**دلّم گرفته است**

**دلم گرفته است**

**به ایوان می‌روم و انگشتانم را**

**بر پوست کشیده‌ی شب می‌کشم**

**چراغ های رابطه تاریکند**

**چراغهای رابطه تاریکند**

**کسی مرا به آفتاب**

**معرفی نخواهد کرد**

**کسی مرا به مهمانی گنجشکها نخواهد برد**

**پرواز را به خاگر بسپار**

**پرنده مردنی ست**

# شێرە ژن

ژینگەو ژوانگەی ژیانە بەخششی یەزدانە ژن
بێگومان راستە کە نیوەی کۆمەڵی ئینسانە ژن

بۆ هەبوونی بەردەوام و مانەوەی توخمی مرۆڤ
کانی روونی بێ وشک بوون و پەیامی مانە ژن

بۆ مەرامی خواپەرستی و بیرو باوەڕ بوون بە دین
پشتی خۆی پێ ببەستە کۆڵەکەی ئیمانە ژن

دەردی کۆمەڵ باگرانیش بێ بەڵام وەک چارەسەرە
بۆ هەموو دەردێک بە بێ دەرمان دەوای دەردانە ژن

بێتە سەر باسی فیداکاری لە پێناوی خاکو گەل
(کلیۆپاترا)و (ئەندیرا)و (خانزاد)ەکەی سۆرانە ژن

رۆڵی مێژوویی (قەدەم خێر) (حەپسەخان) (لەیلا)ی شەهید
دەردەخەن چۆن رەوڕەوەی رابوونو سەرهەڵدانە ژن

کوا بەدەم تاریفی دەکرێ گەورەیی ئافرەت کەوا
هاوبەشو هاوڕێی هەمیشەو هاوسەری مەردانە ژن

گەنجی (قارون)و هەموو موڵکی (سولەیمان)ت هەبێ
سەربەسەر گەر پێی بدەی هێشتا دەڵێم هەرزانە ژن

پوڵو پارەو ماڵی بێ ژن تامو چێژی کوا هەیە
خۆشترین خۆراکی گیانە سەروەتە سامانە ژن

خواستی من بۆ ئافرەتی کورد پێشڤەچوونی زێترە
تا نەڵێن لێرانە ئێستاش هەروەکو جارانە ژن

زۆر دڵم خۆشە عەباو رووبەندی ڕەش باوی نەما
ڕووی لە مەکتەب کردوە ناهەر لە ماڵ کابانە ژن

مژدە بۆ (هێمن) دەبەم (ئاواتی بەرز)ی دێتە دی
شان بە شانی پیاوی ئازا وا لە ناو مەیدانە ژن

(شیرین) ئێستاکە تەشی ناڕێسێ ڕەمزی (ئافرەتە)
پەرلەمانتارە هەناردەو نوێنەری کوردانە ژن

(شاعیری ئەیلول) لە خۆڕا شیعری بۆ ئافرەت کە گوت
نەیدەزانی زیاد لە شیعرو جوانترین پەخشانە ژن

شاعیری ئەیلول "کارۆخی مەلا عوسمان

# خۆشەویستی



کوێستان عومەرزادە

لە دەلاقەی ماڵی تۆوە
کاتژمێری
پێکەنینم دەهۆنمەوە
دڵنیابە
گەرتەرزەی خەم نەباری
هەموو بەیانیەك
بەگۆرانیەك دێمەوە لات

لە نێو دێری
شیعرەکانما دەتلێمەوە
گەر زیزبوونی
دەستم نەبا
رۆژی چەند جار
لەکانیاوی بەختەوەریت
دەخۆمەوە
لەئامێزی شەوتا
شوشە خاڵیەکانی تەمەن
پرپردەکەم
لەبۆنی عەترو
چاوی خەواڵوی
بەیانیمان
لەئاوێتەبووندا مەست دەکەم



من لەتۆوە دەست پێ دەکەم
گەر تەمەن خاڵیم نەکا
باخچەیەکت بۆ دروست دەکەم
بە دەستی خۆم ئاو رشێنی
رووحت دەکەم
لەئامێزی گەورەبوونتا
بۆهەمیشە
دەمێنمەوە



گەر سەفەر لێ گەری
هەر وەرزەو
چیرۆکێک لەنێو تۆدا دەتوێنمەوە
دەبارم بەسەرتا
بۆم گەورە بوونەت
تەڕتەڕت دەکەم
بە نمەی بارانی حەسرەت
تۆدەزانی
من لەنێو تۆدا
شێتبوون دەم گرێ و
ژاوەژاوی کامەرانی
دەم خواتەوە
بۆیە بێ تۆ هیچ هەتاوێ نام گرێتەوە

# ئەوین و هاوڕێکانی

گیابەند نستانی

لە رۆژگاری زوودا، لە دوورگەیەکی دوور هەموو جوانیو ناحەزیو نیشانەکانی یەك مرۆڤ بە خۆشی ژیانیان تێپەڕدەکرد.

بەختەوەری، ماڵپەرستی، ئەوین، زانایی، سەبر، هەوەس، رابواردنو .....

هەرکامیان بە شێوەی تایبەتی خۆیان دەژیان.

رۆژگار تێپەڕین تاکوو رۆژێك زانایی بە پەلە پەلو هەناسەبرکە هاتە لای هاوڕێیانیو وتی:

_لافاوێکی گەورەو بە هێز بەڕێوەیە، هەتا زووە دەبێ ئێرە بەجێ بهێڵینو خۆمان رزگار بکەین.

هەموویان بە بیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشە پەشۆکانو ترسێکی زۆر کەوتە ناو دڵیانەوە.

بە پەلە لێك جیا بوونەوەو هەرکامیان چوونەوە ماڵی خۆیانو دەستیان کرد بە دروستکردنی بەلەم بۆ رزگار کردنی خۆیان.

هەموو شتێك لە بارانێکی زۆرەوە دەستی پێکرد، لافاوێکی گەورە ساز بوو.

هەرکامیان سواری بەلەمەکەی خۆیان بوونو بە پەلە دوور کەوتنەوە.!

لەو کاتەدا ئەوین دەی ویست سواری بەلەمەکەی خۆی بێ کە دیتی چەند دڕندەیەك ترسیان لای خۆیان هێشتۆتەوەو ناهێڵن بڕوا، ئەوین گەڕاوە بۆیانو بەلەمەکەی خۆی دا بە ئەوانو تا خۆیان رزگار بکەن بەڵام جێگەی خۆی نەمابوو!!

چاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد، ماڵپەرستی بینیو داوای یارمەتی لێ کرد!!!

بەڵام ئەو لە وەڵام دا وتی:

_بە داخەوە جێگای تۆم نیە، چونکە هەر جێگەی پووڵو ئاڵتوونەکانی خۆم دەبێ!!!

غurووری بینیو داوای یارمەتی لێ کرد!!

ئەویش لە وەڵام دا ووتی:

_تۆ لەشت تەڕەو ئێرەم لێ تەڕ دەکەی !!!

هاواری غەمی کردو داوای یارمەتی لێکرد!

غەمیش لە وەڵام دا وتی:

_ببوورە هاوڕێم من بەرادەیەك پەرێشانم کە توانای یارمەتی دانی کەسم نیە!!!

لەو کاتەدا بێکاریو رابواردن لە پاڵی رەت بوون، بەڵام چونکە ئەوین ئەو دووانەی خۆش نەدەویست داوای یارمەتی لێ نەکردن.

چاوی کەوت بە هەوەسو هاوارێکی کردێ:

_هاوڕێم تۆ یارمەتیم دەدەی؟!!

هەوەس قاقایەکی توندی تێ کردو وەڵامی داوە:

_نا یارمەتیت نادەم، من چەندین ساڵە چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکەم، لە بیرتە هەموو کەس تۆیان پێ لەمن باشتر بوو؟

ئێستا کە تۆ نەبیت هیچ کەس من بە خراپ نازانێ، دەبمە رێبەری هەموان!!!

ئەوین ئەوەی دەزانی کە نابێت هیچ کات لە ناو بچێ بۆیە داوای یارمەتی لە خۆی کرد.

لە ناکاو هات و هاوارێك هاتو هاواری کرد:

_مەترسە...مەترسە... مەترسە خۆم رزگارت دەکەم.

ئەوین ئەوەندەی ئاو چۆبووە ناو زگیەوە کە نەی توانی خۆی راگرێو یەکسەر بێ هۆش بوو.

کاتێك وەهۆش هاتەوە خۆی لە ناو بەلەمێك دا دیتەوەو زانی رزگاری بووە.

دوورگە لە ژێر لافاو هاتبۆ دەرێ و ولات ئارام ببۆوە. هاوڕێیەکانی تاقیکاری خۆیان تەواو کرد. هەستا سەر پێو زانایی بینیو پێی گوت:

_سوپاست دەکەم کە رزگارت کردم.

زانایی بزەیەکی هاتە سەر لێوانو وەڵامی داوە:

_من غیرەتی ئەوەم نەبوو کە بێم تۆ رزگار بکەم، چونکە غیرەت لێرە دوور کەوتبۆوە،

پێم سەیرە کە تۆ چۆن لە ناو ئەو لافاوە گەورەیەدا رزگارت بووەو نەخنکاوی؟!!

هەموو کاتێك من دەمزانی کە تۆ شتێك لە دەروونت دایە کە ئێمە نیمانە، تۆ شایانی ئەوەی کە رێبەریی هەموان بکەی.

ئەوین سوپاسی کردو لە وەڵام دا وتی:

_دەبێ ئەوانی تریش بدۆزینەوە بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێ بزانم کێ منی رزگار کرد؟

زانایی وتی:

_"زەمان"

ئەوین بە سەرسوڕماوی وتی:

_زەمان...؟!!!

زانایی بزەیەکی هاتە سەر لێویو وتی:

_ بەڵێ زەمان، چونکە تەنیا زەمانە کە دەتوانێ گەورەییو پیرۆزی تۆ هەست پێ بکاو دەرکی بکا...!



# ژنسالاری

نەجات رۆستی (*)





بەشەرمەوە چاوەکانی هەڵهێنا، بە ئاهێکی ساردەوە سەیرێکی کردم، لە روخساری نوور دەباری ئەوەندە پاك و بێگەرد بوو، بە نەرمەوە لێوەکانی هەڵدەهێنا ئەیویست ئەوەی لە ناخی دایە بیڵێ بەڵام شەرم رێگەی نەئەدا، پاش کەمێك خامۆشی و بێدەنگی چاوی پڕ لە ئاو بوون و بە سۆزێکی زۆرەوە ئاهێکی هەڵکێشاو لێوەکانی گرژ بوون دەیویست پەردەی شەرم لابداو قسە بکات، خۆی بۆ نەگیرا کەوتە ئاخافتن: لە منداڵییەوە من لە ژیانێکی تایبەتیدا ژیاوم بە بیرم نایە رۆژێك وەك مرۆڤێکی ئاسایی خۆشی ژیانم چەشتبێ و هەمیشە داماو، نیگەران بووم، لە ساڵانی دوایی تووشی نەخۆشی خەمۆکیش بووم، دایکم هەمیشە وەك چاوەدێرێك بەردەوام بە سەرمەوەیە و هەرگیز نازانێ قسەی خۆشمان لەگەڵ بکات، لەوەتەی لە بیرمە بەگومانە لێم، هەرگیز قسەی خۆشی لەگەڵ نەکردووم بەردەوام بە شێوەی ئەمر هەڵسووکەوتم لەگەڵ دەکاو زمانی دیالۆگ نازانێ، هیچ سۆزێکی دایکانەی لە دڵ دانییە، زۆر جار پێی دەڵێم من تازە گەورە بووم خوێندنم تەواو کردووە هەست بە هەموو شتێك دەکەم پێویست ناکات بەم زمانە قسەم لەگەڵ بکەی، بەسەرما ئەقیژێنی و دەڵێ تۆچی دەزانی، هەرگیز قسەکانم وەرناگرێ حەز ناکات قسە لە قسەی ئەو بکەم هەردەبێ خۆی هەموو بڕیارێك بدات و بە سەرم بسەپێنێ، شەوان لە ماڵەوە کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەم، گۆرانی بێت یان فیلم یەکسەر دێت کاناڵەکە دەگۆڕێ یان خۆی بخەوێ دەبێت ئێمەش بخەوین، هەرچەند زووش بێت جاری وایە هەر مەغریبان دەبێ بخەوین، بەکارهێنانی موبایل هەر کفرە لە ماڵەوە هەرکاتێك زەنگێکم بۆ بێت هەزارو یەك پرسیار دەکات. کێ بوو چی دەویست، بۆچی کردی، لە کوێیە؟.... هتد. لە لایەکی ترەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم



هاوڕێکانم ببەمە ماڵەوە لەبەر چاوی ئەوان دەمشکێنێتەوە، بەرێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ میوانی من و خوشکەکانم ناکات، دواتریش دەکەوێتە پرسیاری بێسەروبەر، دوایی کە رۆیشتن پێم دەڵێ رازینیم جاریتر هیچ کەسێك بێنیتەوە ماڵەوە نابێ بچیتە هیچ ماڵێکیش. هەرچەندە دایکم بە تەمەنە، زۆر بە قسەی دەکەم هەر کارێ ئەو پێی ناخۆش بێت هەوڵ دەدەم نەی کەم، بەڵام هەندێ جار گوێی لێناگرم چونکە بەراستی لە ژیانی خۆم بێزارم، جگە لەوەش دایکم کاریگەری هەیە بەسەر هەموو ئەندامانی ماڵەوەمان تەنانەت براکانم ماڵی خۆیانەو چەندین ساڵە ژنیان هێناوە، هەمان بیرکردنەوەی دایکیان هەیە. باوکم، براکانم، خوشکەکانم، تەنانەت خزمە نزیکەکانیشمان. ئەوە نەبێت هەر بۆ من وابێت بۆ خوشکەکانی تریشم واییە، ئەمەوێ لەم ژیانە رزگارم بێت بچمە ماڵی خۆم بەڵام لەوەش دایکم مەرجی هەیە دەڵێ دەبێت ئەوەی شووی پێدەکەی خزمی خۆمان بێت، خەڵکی ئەم شارە و لە بنەماڵەی خۆمان دەرنەچێ. ژنانی دونیا بە دەست پیاوان دەچەوسێنەوە بەڵام من بە دەست ژنێك کە دایکمە چەوساومەتەوە.

(*) سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەوان

# كاروچالاكییەكانی یەكیەتیی ژنان

## با شەستەمین ساڵرۆژی دەرچوونی بەیاننامەی مافی مرۆڤ بكەینە سەرەتایەكی نوێ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان

شەست ساڵ لەوەپێش واتە لەدەی دیسامبری ١٩٤٨دا لە پاریس كۆڕی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان بەیاننامەی مافی مرۆڤی پەسند كرد.

ئەم بەیاننامەیە كە ٣٠ماددەی تێدا گونجا بوو، مافی هەموو تاكێكی كۆمەڵ جیاواز لە رەنگی پێست، جنس، نەتەوە، زمان، رەگەزو هەرجۆرە بیرو باوەڕێكی سیاسیوئایینی لە رووی مافەوە بە شێوەیەكی یەكسان سەیر دەكا.

دەرچوونی ئەم بەیاننامەیە زیاتر لە نیوسەدە بۆ خۆی شاكارێكو دەسكەوتێكی گەورەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا.

ئەم بەیاننامەیە دواتر بوو بەهاندەرو سەر چاوەی چەندین پەسند كراو بەڵگەنامەی دیكە كە لە لایەن رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە. بۆ وێنەكۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی فەرقو جیاوازی لە دژی ژنان یان دیاریكردنی رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەك رۆژی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان دەتوانین ناو بەرین.

بەڵام لەگەڵ دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەو شەست ساڵ دواتریش زوڵمو زۆریو توندوتیژی بە تایبەت لە سەر رەگەزی مێینە بن بڕ نەكراوە، بەتایبەتی لە ئێرانی ژێر سێبەری كۆماریی ئیسلامی دا ژنان لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەكان بێ بەشنو بە كردەوە وەك مرۆڤی دەرەجە دوو سەیر دەكرێن. هەر ئێستا بە دەیان ژنی چالاكی بواری مافەكانی ژنان لە ئێرانو كوردستان دا لە زیندانو لە ژێر ئەشكەنجەدان،ژنان ئێعدام دەكرێنو رۆژنامەو بڵاو كراوەكانیان دادەخرێنو پێش بە چالاكی یە سینفییەكانیان دەگیرێ.

لە ساڵرۆژی دەرچوونی بەیاننامەی مافی مرۆڤ دا وێڕای پیرۆزبایی لە مرۆڤە یەكسانخوازەكانو ژنانی ئازادیخوازو خەباتگێڕ، هیوادارین رۆژێك بێ لە سایەی وەبەرچاوگرتنی بەندەكانی مافی مرۆڤ دا هەموو مرۆڤێك بە مافە ئینسانییەكانیان بگا.

یەكیەتیی ژنانی
دیمۆكراتی كوردستان
١٠ ی دیسامبری ٢٠٠٨

**رۆژی ١٠ای دیسامبری ٢٠٠٩ شەستەمین ساڵرۆژی دەرچوونی بەیاننامەی مافی مرۆڤ بوو. بەم بۆنەیەوە یەكیەتی ژنانی دیموكرات پیرۆزبایی لە هەموو لایەنگرانی مافەكانی مرۆڤ و هەموو لایەنگرێكی یەكسانیخوازیی كردو هیواداری دەربڕی كە لە ژێر سایەی بەندەكانی ئەو بەیاننامەیەدا مرۆڤەكان مافیان پارێزراو بێ**

# بە بۆنەی ۲۵ی نوامبر کۆبوونەوەیەك لە سەر توندوتیژیی دژ بە ژنان بەڕێوە چوو



کاتژمێر ۱۰:۳۰ی سەر لە بەیانی ۲۵ی نوامبر (۵ی سەرماوەز) یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکی بە مەبەستی شرۆڤەکاری لە سەر بنەماکانی توندوتیژی و هۆکارەکانی توندوتیژیی بۆ خاتوو "شەهلا مورتەزا زادە" پێك هێنا.

خاتوو شەهلا وێڕای پێناسەکردنی توندوتیژیی و جۆرەکانی و کاردانەوەی لە سەر ژن، باسی لە هۆکاری ناودێرکردنی ڕۆژی ۲۵ی نوامبر، وەك ڕۆژی جیهانی کرد. لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا، ئاماژەی بە هۆکارەکان و فاکتەرەکانی خولقاندنی توندوتیژیی دژی ژنان کرد.

خاتوو شەهلا لە باسەکەی دا بە تێروتەسەلی تاوتوێی توندوتیژیی دژ بە ژنانی کردو فاکتەرە فەرهەنگی، پەروەردەیی، ئایینی و ئابوورییەکانی شرۆڤە کرد.

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانی دا باسی لە بارودۆخی ژیان و چالاکییەکانی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان کردو ئاماژەی بە نوێترین پرۆژەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە ژنان کرد کە لەم دواییانە بە ناوی "بومی گزینی" بە مەبەستی هەلاواردنی ژنان و بێبەش کردنیان لە مافی خوێندن و چوونی کچان بۆ زانکۆ لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە هاتۆتە گۆڕێ.

جێی باسە دوای باسەکەی خاتوو شەهلا مورتەزا زادە، ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان، سەرنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بە باسەکەی خاتوو شەهلا دەربڕی و لە پێناو دەولەمەندتر کردنی کۆڕەکە ئاخاوتن.

# پێکهێنانی کۆبوونەوەیەك بۆ سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکرات

**بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەویەك بۆ سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیە پێك هات.**

یەك شەممە ۱۷ی سەرماوەز بەشی ئاموزشیی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی دوویەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ خاتوو سۆهەیلا قادری سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێك هێنا.



سکرتێری یەکیەتیی ژنان سەرەتا باسی ئەو پێویستی و تێبینییانەی کرد کە ڕێکخراوەکەیانی لە بەردەم ئالوگۆڕ دانابوو هەلبژاردنی دروشمی "خۆ نوێکردنەوە بە زانستی سەردەم و پێکهێنانی هاوپێوەندی لەگەل چالاکوانانی ژن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان" لە هەست کردن بەو پێویستی و گۆڕانانەوە سەرچاوە دەگرێ کە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەبێ لەم قۆناغەی تێکۆشانی خۆیدا بە هێند وەربگرێ.

خاتوو سۆهەیلا قادری لە درێژەی



قسەكانی دا باسی لە بڕیارو پەسندكراوەكانی كۆنگرەی دووهەم كرد.

سكرتێری یەكیەتیی ژنانی دیموكراتی كوردستان هەروەها لە بەشێكی دیكەی وتەكانی دا دەركردنی سزای ١٠ ساڵ زیندان بۆ ژنە تێكۆشەری كوردی باكووری كوردستان لەیلا زانا مەحكووم كردو لەم پێوەندییەدا داوای لە ڕێكخراوەكانی پارێزەری مافی مرۆڤ كرد كە بەر بە جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارە نادادپەروەرانەی دەسەڵاتی دادوەری توركیە بگرن.

خاتوو سۆهەیلا قادری هەروەها ڕایگەیاند لەمەودوا یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان دەتوانێ لە كۆبوونەوەكانی ئەنتێر ناسیۆناڵی ژنان دا بەشدار بێ و ئەم هەنگاوەی بە دەستكەوتێكی بە نرخ بۆ ڕێكخراوەكەیانی وەسف كردو وتی: "هاوكات لەگەڵ بەڕێوەچوونی كۆنگرەی دوویەم، ئەم هەواڵەمان پێ گەیشت كە یەكیەتیی ژنانی دیموكراتی كوردستان لە مەوبەدوا مافی ئەوەی پێ دراوە لە كۆبوونەوەكانی ڕێكخراوی ژنانی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست دا بەشداری بكا. ئەمەش بۆ خۆی دەسكەوتێكی بەنرخە بۆ ڕێكخراوەكەمان و دەتوانین لەم ڕێگایەوە باشتر دەنگی مافخوراویی ژنانی كورد بە دەوروبەر بگەیەنین."

# سەردان و چاوپێكەوتنەكان

## هەیئەتێكی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان سەردانی یەكیەتیی ئافرەتانی كوردستانی كرد

ڕۆژی ٨ی بەفرانبار ١٣٨٧ هەیئەتێكی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان بە بەرپرسایەتی خاتوو سوهەیلا قادری سەردانی مەكتەبی سكرتاریەتی یەكیەتیی ئافرەتانی كوردستانی لە هەولێر كرد.

لە دانیشتنێك دا هەیئەتی یەكیەتیی ژنان لەگەڵ خاتوو كوردستان موكریانی سكرتێری یەكیەتیی ئافرەتانی كوردستان كۆبووەوەو باس لە زۆر مەسەلەی پێوەندیدار بە كێشەكانی ژنانیان لە كوردستان كرد. هەیئەتی یەكیەتیی ژنان سەرەتا باسێكیان سەبارەت بە چۆنیەتی بەستنی كۆنگرەی ٢ی ڕێكخراوەكەیان و ئەو بڕیارو ڕاسپاردانە كرد كە دەبێ لە داهاتوودا كاری بۆ بكرێ و دواتر پێداگرییان لە سەر وەگەڕخستنی هەموو تواناكانی خۆیان بۆ خەبات دژی توندوتیژی دژ بە ژنان لە كوردستان كرد.

هەردوو ڕێكخراوی یەكیەتیی ژنان و یەكیەتیی ئافرەتان كە مێژوویەكی دوورودرێژیان لە خەبات دژ بە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی لە كوردستان دا هەیەو جەختیان لەسەر گرینگی خەباتی هاوبەشی ژنان كردەوەو لەم پێوەندییەدا بەڵێنی هاوكاریان بۆ چارەسەری كێشەكانی ژنانی كوردیان داو هەروەها باس لەوەكرا كە دەبێ لە داهاتوودا هەموو ڕێكخراوەكانی ژنان یەك دەنگ بن و بەیەكەوە خەباتی هاوبەش بۆ نەهێشتنی ستەمی ڕەگەزی بەرەو پێش ببەن.



شایانی باسە هەیئەتی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان لەم سەردانەدا پێك هاتبوون لە بەڕێزان سوهەیلا قادری سكرتێری یەكیەتیی ژنان، زولەیخا جەشنی، خەدیجە پوورمەندو نەسرین حەسەن زادە لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری و شلێر باپیری بەرپرسی بەشی پێوەندییەكانی یەكیەتیی ژنان لە هەولێرو هەروەها هەیئەتی یەكیەتیی ئافرەتانی كوردستانیش پێك هاتبوون لە بەڕێزان كوردستان موكریانی سكرتێری یەكیەتیی ئافرەتان، ئەقیلە ڕەواندزی ڕاوێژكار، جوان بابان بەشی پێوەندییەكان و نازدار ئەسعەد بەشی پەروەردەی یەكیەتیی ئافرەتان.

# هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان سەردانی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد

ڕۆژی ٣ی ڕێبەندان هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سەردانی ژنانی پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لە سەر چەند تەوەری پێوەندیدار بە پرسی ژنانی کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕا کراو باس لە پێویستیی لێک



نزیکبوونەوەی ڕێکخراوەکان و چالاکانی ژنان و کاروچالاکی هاوبەش لە نێوانیان دا کراو لەم پێوەندییەدا هەردوو لا لە سەر ئەوە ساغ بوونەوە کە ئەمساڵ بە بۆنەی ٨ی مارس بە یەکەوە چالاکییەك بەڕێوەبەرن.

شایانی باسە هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوون لە بەڕێزان: سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنان، فەریبا وەیسی ئەندامی بەڕێوەبەری، کوێستان فتووحی چالاکی ژنان و نەشمیل عەبباسی ئەندامی یەکیەتیی ژنان.

هەروەها ئەندامانی هەیئەتی خانەخوێ بریتی بوون لە: بەڕێزان فەریبا محەممەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، فرووغ ڕەسووڵپوور، ڕووناك فەدەوی، نادرە ڕاوەند، لەیلا سەلیمی، ئاژوان یەزدانی و هەڵاڵە مستەفازادە.

# دیداری نێوان یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی کوردستان



ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی بەفرانباری ١٣٨٧ بەرامبەر بە ١٣ی ژانوییەی ٢٠٠٩ی زایینی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی سوهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنان، خەدیجە پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەری، گەلاوێژ حەسەنزادە، پەخشان ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و بە هاوڕێیەتی بەڕێز چیمەن خان، بەرپرسی لقی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە شاری کۆیە، سەردانی سکرتاریەتی یەکیەتیی ژنانی کوردستانیان کردو لە لایەن هەیئەتێکی ئەم یەکیەتییەوە بە سەرپەرستی خاتوو کافیە سلێمان سکرتێری یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە شاری سلێمانی پێشوازیان لێ کرا.

لە دانیشتنی نێوان دوو ڕێکخراوی ناوبراودا باسێکی تێروتەسەل لە کێشەی ژنان و ئەو چارەسەرییانە کرا کە دەبێ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانی کوردستان بدۆزنەوە بۆ نەهێشتنی کێشەکانی ژنی کورد. هەروەها جەخت لە سەر هاوکاری نێوانیان کرا کە دەبێ میکانیزمێك پەیدا بکرێ بۆ کۆدەنگی ژنی کورد لە بارەی پرسە گرینگ و پێوەندیدارەکان.

هەر دوو هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی کوردستان جەختیان لە سەر دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان فەلسەفی هەر دوو لا کردەوە.

# لە سوئێد بۆنەی ٦٠ ساڵەی پەسەند کردن و دەرچوونی جاڕنامەی مافی مرۆڤ سمیناڕێك بەڕێوەچوو




بە بۆنـەی ٦٠ سـاڵەی پەسـند کـردن و دەرچوونی جاڕنامەی مافی مـرۆڤ، لـە لایـەن کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە سمیناڕێك لـە ژێر نـاوی "٦٠ سـاڵەی جاڕنامـەی مـافی مـرۆڤ و مافی تاکی کورد" بەڕێوەچوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی دیسامبری ٢٠٠٨، لــە شـاری سـتۆکهۆڵم (پایتـەختی وڵاتـی سـوئێد) سمینـاری ٦٠ سـاڵەی جاڕنامـەی مــافی مــرۆڤ و مــاف تــاکی کــورد بــە دەستپێشخەری کۆمیتـەی دەرەوەی وڵاتـی یەکیـەتیی ژنـانی دێمـوکراتی کوردسـتان بەڕێوەچوو.

لــە سـەرەتای ئـەم سمینـارەدا کـە بـە مەبەستی باسکردن لـە مێژوی ٦٠ سـاڵەی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، بەندەکانی جاڕنامـە، چۆنیەتی ڕەوشـی مـافی مـرۆڤ و مـافی تـاکی کورد لە ئێران و مافی ژنان پێك هـاتبوو، لە لایـەن بەڕێوەبـەرانی سمینارەکـەوە کورتـە ئاماژەیــەك بــە چــۆنیەتی دامــەزرانی ڕێکخــراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان و قۆناغەکانی کاری ئەم ڕێکخراوە کرا.

لە بەشی ئەسڵی سمینارەکە دا هـەر کـام لـە بـەڕێزان: "ئەحمـەد ئەسـکەندەری" ، "حەسـەن حاتـەمی" ، "ڕێبـوار کـەریمی" سـەبارەت بـە بابەتـەکانی، "لـە جاڕنامـەی مــافی مرۆڤــەوە تــا بــەرنگار بوونــەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان" ، "پتر لـە چارەگە سەدەیەك بێبایەخی مافی مرۆڤ لە ئێران" و "ژنی کورد و تاکی کورد لە ئێران ٦٠ سـاڵ دوای پەسند کرانی جاڕنامـەی مـافی مـرۆڤ" وتاریان پێشکەش کرد.



دوای پێـــشکەشکردنی وتارەکـــان ، سەبارەت بە ڕەوشی مـافی مـرۆڤ لـە ئێران، فیلمێکـی دیکـۆمێنتی ١٥ دەقیقـەیی بـە هاوکـاری "هـێمن گـەردی" نیـشانی بەشداربووان درا.

لـە بەشێکی دیکـەی سمینارەکـە داوای هێنانــە بەرباســی کۆمــەڵێك تێبــینی و بۆچــوونی جۆراوجــۆر لەســەر وتــارە پێــشکەش کراوەکــان لــە لایــەن بەشـداربووانەوە، دوو پارچـە موسـیقا لـە لایـەن هـەر دوو هونەرمەنـد "ڕووناك گـودەرزی" و "مەسـعود شـەمس" بـە ئامێرەکانی سەنتور و زەرب پێشکەش کرا.

لـە بەشـی پرسـیار و بـیروڕا گۆڕینـەوە و بەشی کۆتایی سمیناری ٦٠ سـاڵەی پەسـند کردنـی جاڕنامـەی جیهـانی مـاف مـرۆڤ دا سەبارەت بە چەند پرسێکی گرینگی وەك: ڕەچـاوکردنی ڕوانگـەی ئەمنییـەتی بـۆ کێشەی کـورد لـە لایـەن کۆماری ئیـسلامی ئێـران، بیرۆکـەی دیتنـەوەی زەمانـەتی ئیجرایـی پـتر بـۆ پابەنـد بـوونی زیـاتری دەوڵەتان بـە بەرنامـەکانی جاڕنامـە، ڕۆڵـی دەسەڵات لە سەقامگیر کردنـی یەکـسانی و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخـۆ و چۆنیەتی ڕاوەستان لە بەرانبەر پێشێلکاری مـافی مـرۆڤ لـە ئێران، مناقـشەیان لـە سـەر کراو.

ئــەم سمینــارە دوای ٤ کاتــژمێر کــاری بــەردەوام کاتــژمێر ٥ی ســەر لــە ئێــوارە کۆتایی پـێ هات.

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

میوانانی بەڕێز!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
ژنانو لاوانی ئازادیخوازی کورد!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٦٣یەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوەو خەڵکی خەباتگێڕو ئازادیخوازی کوردستان بە گشتی ژنانو لاوانی کورد دەکا کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە خزمەت بە خەباتو تێکۆشانی نەتەوەکەیان دا هەیە.

ژنانو لاوانی کورد دەبێ بە چاوی ڕێزو ئەمەگەوە بڕواننە کۆماری کوردستانو سەرکۆمارەکەی واتە قازی محەممەدی نەمرو دەسکەوتو شانازییەکانی. چونکە گرنگیدانی ئەوان بە مەسەلەی ژنانو لاوان بوو کە بوو بە هۆی دامەزرانی دوو ڕێکخراوی سینفیی ژنانو لاوان. یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوان بەرهەمو دەسکەوتی بە نرخی کۆماری کوردستانن. گرنگیی ئەم هەنگاوە لەوە دایە ٦٣ ساڵ لەوە پێش کە لە سەرانسەری ئێرانو ناوچە دا تێگەیشتن لە مەڕ مەسەلەکانی ژنانو لاوان لە ئاستێکی ئەوتۆ دا نەبوو، ئەم دوو ڕێکخراوە سینفیو مەدەنییە دامەزرانو ئەمڕۆ وەك یەکەم هەنگاوەکانی خەباتی مەدەنیو سینفیی ژنانو لاوان بە شانازییەوە سەیریان دەکرێو باسیان لێ دەکرێ.

ئێستا کە لە سایەی حکوومەتێکی کۆنە پەرست دا ژنان لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیان بێ بەشن، نەتەوەی کورد هەقیەتی شانازی بە ڕابردووی خۆی بکا کە ٦٣ ساڵ بەر لە ئێستا حکوومەتەکەی نەك پێشی بە بەشداریی ژنانو لاوان لە کارو باری کۆمەڵایەتیو سیاسی دا نەگرتو نەبووە کۆسپی سەر ڕێگایان، بەڵکوو ڕێگای بۆ خۆش کردنو یارمەتیی دان بۆ ئەوەی بێنە مەیدانو بیان کێشێتە نێو ئەو مەیدانەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر لە داهاتوو دا ـ کە هیوادارین زۆر دوور نەبێ ـ ئەو ئەزموونە دووپاتە بێتەوە ژنانو لاوانی کورد لە سایەی حکوومەتی نەتەوەیی خۆیان دا بەو پلەیە لە ئازادی بەختەوەری دەگەن.

لەم ڕۆژە جێژنو خۆشییە دا جێی داخە کە هەر ئێستا ژنانی کورد سەرەڕای ئەو ڕابردووە پڕ لە فەخر شانازییەی نەتەوەکەیان لە ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی دا جگە لەوەی کە لە هەموو مافە ئینسانییەکانیان وەك هەموو ژنانی ئێران بێ بەشن، لە مافە نەتەوایەتییەکانیشیان هەر بێبەشن. هەر ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی چالاکی بواری مەدەنی لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی دا لەژێر ئەشکەنجە دان. لاوان بە هۆی ترسێك کە ڕێژیم لە وانی هەیە زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەل لە ژێر فشارو زەبرو زەنگی ڕێژیم دان. جگە لەوەی کە هیچ چەشنە ئازادییەکیان نیەو زیندانیو ئەشکەنجە دەکرێن، بە کردەوە لەگەڵ دەیان داو تەڵەی مەئموورانی ئەم ڕێژیمە بەرەو ڕوون، وەك ئیعتیاد، ئێیدز، بێکاریو بەسیجی.

لەو ڕۆژە پیرۆزە دا سلاو دەنێرین بۆ ژنانو لاوانی ئازادیخوازو خۆڕاگری کورد

سەرکەوێ ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان.
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ی هەتاوی

# کۆبوونەوە تەشکیلاتی و ئامووزشییەکان



بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی دووهەمەوە سەردانی کەمپەکانی زەوی سپی، ئازادی، بەحرەکە ، هەولێر و کەمپی کاوەی کرد بە مەبەستی رێکخستنەوەی ئەو کۆمیتانە، کۆبوونەوەی پێك هێنا. لەو کۆبوونەوانەدا خاتوو زوڵەیخا جەشنی بەرپرسی بەشی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنان لە سەر ماف و ئەرکەکانی ئەندام و رێوشوێنیان بۆ ئەندامان شی کردەوە دواتر ئەندامانیش سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان خستە بەرباس.

****

بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی خاتوو خەجیج پوورمەند بەرپرسی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان لە مانگی سەرماوەزی ١٣٧٨ی هەتاوییەوە ریزە چالاکییەکی دەست پێکردوە بە مەبەستی بردنە سەری زانیاری ئەندامان. چالاکییەکانی بەشی ئاموزشی لەم ماوەیەدا بریتی بوون لە:

لە ٧ی سەرماوەزی ١٣٧٨ی هەتاوییەوە یەکەم پێشبڕکێی زانیاری خۆی بەرێوەبرد.

لەم پێشبڕکێیەدا کە بە بەشداری دوو گرووپی (ئەلف و بێ) کە لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێك هاتبوون دەستی پێ کرد. لە لایەن هەیئەتی داوەرانی پێشبڕکێکەوە کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان فریشتە قازی، شەهلا مورتەزازادەو رۆژە عەزیزی چۆنیەتی بەرێوەبردنەکە بۆ بەشداران شی کرایەوە.

ئەنجامی ئەم پێشبڕکێیە گرووپی (ئەلف) سەرکەوتنی بەسەر گرووپی (ب) دا بە دەست هێنا کە لەلایەن بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنانەوە گرووپی براوە خەڵات کرا.

هەر لە میانەی زنجیرە پێشبڕکێکانی بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان، رۆژی ٢١ی سەرماوەز پێشبڕکێیەکی زانستی بەرێوەبرد. لەم پێشبڕکێیەدا دوو گرووپ بەشداریان کرد کە لە کچان و کورانی خوێندکاری بنەماڵەکانی نێو کەمپەکانی سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هاتبوو. لەم پێشبڕکێیەدا گرووپی "هاموون" وگرووپی "هۆنیا" بەشدار بوون. هەر دوو گرووپ یەکسان بوون و لە نێو شادی و چەپڵەڕێزانی بەشداران دا کۆتایی پێ هات.

***

بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان بە ١٥ رۆژ جارێك چالاکی کتێب



خوێندنەوە ساز دەکا..

لە یەکەم کاری لەم چەشنەی خۆیدا رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٧٨ی هەتاوی کۆبوونەوەیەکی بۆ نەشمیل عەبباسی ئەندامی یەکیەتیی ژنان پێك هێنا. خاتوو نەشمیل عەبباسی کتێبێکی بەناوی پەڕ لە وەرگێڕانی دوکتور مەیمەنەتی داناخوێندبۆوەو لەم کۆبوونەوەیەدا کورتەیەکی بۆ بەشداران باس کرد.

***

رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٥ی رێبەندانی ١٣٨٧ کۆبوونەوەیەکی گشتی لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی کومیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا رۆژە عەزیزی بەرێوەبەریی کۆبوونەوەکە پاش بەخێر هاتنی بەشداران، داوای لە سکرتێری یەکیەتی ژنان کرد بۆ پێشکەش کردنی باسەکەی. بەڕێز سوهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنان چەند تەوەرێکی هێنایە بەرباس. وەك: پاراستنی نەزم و دیسپلینی رێکخراوەیی، ماف و ئەرکی ژنان بە گشتی و ئەندامانی رێکخراوەکەیان بەتایبەتی و هەروەها چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵ رووداو پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە لە دەوروبەریان روو دەدەن بە تێرو تەسەلی قسەی لەسەر کردن.

پاشان کوێستان فتووحی چالاکی ژنان باسێکی کورتی لەسەر گرنگی بەشداری و پشتیوانی هەموولایەك لە کەمپێنی یەك میلیۆن ئیمزا کرد. ناوبراو بە کورتی ئیشارەی بە دەسکەوتە مادی و مەعنەوییەکانی ئەم حەرەکەتەی کرد. وەرگرتنی خەڵاتی سیمون دووبوار یەکێك لەو دەسکەوتانە بوو، کە ئەمساڵ بەو کەمپەینە بەخشرا و وتیشی ئەمە نیشانەی ناسراوی و رەوابوونی خەباتی ژنانە لە ئێراندا لەلایەن کۆڕوکۆمەڵەکانی مافی مرۆڤەوە. هەروەها لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا داخوازییەکانی ئەم کەمپەینەو پێویستیی کۆکردنەوەی ئیمزاو پشتیوانی لەم حەرەکەتە قسەی بۆ بەشداران کرد.



لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز خەجیج پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، باسێکی لەسەر هەوڵەکانی بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان بۆ هەرچی زیاتر بردنەسەری ئاستی زانیاری ئەندامانی کردو هەروەها بەرنامەو پرۆژەی بۆ داهاتوو بەتایبەت ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن و ٢٤ی ڕەشەمەمە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات خستە بەرباس و ڕای بەشدارانی وەرگرت. لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا نۆرە درا بە بەشداران کە راو بۆچوون و سەرنجی خۆیان لە سەر تەوەری باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە دەربڕن کە چالاکانە بەشدارییان کرد و ڕەخنەو پێشنیاری خۆیان هێنایە بەرباس.




بۆ یەکیەتیی ئورووپا کامەیان لە گرنگترن: مافی مرۆڤ یا کۆنتراتی ئابووری!!!
١٠ی مانگی فێوریە، شۆرشی ئێران سیهەمین ساڵی هاتنە سەرکاری خۆی جێژن دەگرێ
یەکیەتیی ئورووپا، بێدەنگە و لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئێرانێ کە لە ساڵی ١٩٧٨وە دەستی پێکردوە، فەرامۆش کردوە.